# عێراق: دیموکراتیزەکرن
# یان
# هەڵوەشانەوە

ڕەفیق سابیر

**عێراق: دیموکراتیزەکردن یان هەڵوەشانەوە**

**نووسەر: ڕەفیق سابیر**

**چاپی یەکەم:** 2005

# پێڕست

پێشەکی 7

I

دەرفەتێکی نوێ بۆ چارەسەری کێشەی نێوان کوردستان و

عێراق 13

II

کولتووری داگیرکردن و قەیرانی پێناسە 45

III

ببین یان نەبین؟ 77

IV

عێراق: دیموکراتیزەکردن یان هەڵوەشانەوە 97

V

دیموکراتیزەکردن: داهاتووی گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوین 125

دواوتە 147

# پێشەکی

1

ڕۆژی 9 ی ئاپریلی 2003 عێراقێک کە هەشتا ساڵێک پێشتر کۆلۆنیالیزمی بریتانی دروستی کردبوو کۆتایی هات، ئایا دەتواندرێت عێراقێکی دی دروست بکرێتەوە؟ ئەگەر بتواندرێت ئایا عێراقی داهاتوو چۆن دەبێت؟ پەیوەندیی نێوان عێراق و کوردستان و نێوان گەلانی عێراق بە گشتی چۆن و بەپێی کام بنەمای دەستووری ڕێک دەخرێنەوە؟

لە ڕاستیدا عێراق، وەک دەوڵەت و قەوارەی سیاسی، بەرهەمی هەڵەیەکی مێژوویی یان ڕێککەوتێکی مێژووییە، نەک بەرهەمی راستی یان پێداویستییەکی مێژوویی. هەروا عێراق بەرژەوەندی و ئیرادەیەکی دەرەکی دروستیان کردووە، نەک بەرژەوەندی و ئیرادەی گەلێکی هاومێژوو، هاوکولتوور، هاوئامانج و هاوچارەنووس. عێراق لە کۆمەڵێک گروپی نەتەوەیی، ئێتنیکی و مەزهەبیی جۆراوجۆر دروست کرا بێ ئەوەی زەوینەی هاوبەشی مێژوویی و کولتووری، هەستی ئینتیمای هاوبەش یان هاریکاریی نەتەوەیی لە نێوانیاندا بووبێت. قەیرانی عێراق، پێش هەر شتێک، لێرەوە دەست پێ دەکات.

دەوڵەتی عێراق لە باتی ئەوەی ئەم قەیرانە چارەسەر بکات، قەیرانەکەی گۆڕی بە تراگێدی. چونکو، بە درێژایی مێژووی هەشتا ساڵەی خۆی، نەیتوانی گەلانی عێراق لە دەوری بەرژەوەندییەکی هاوبەش و ئامانجێکی هاوبەش و پێناسە Identity (هەویە)یەکی هاوبەش کۆ بکاتەوە. دەوڵەت لە باتی ئەوەی هەوڵ بدات پێناسەیەکی تایبەتی بۆ وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەکولتوور دابڕێژێت بەردەوام هەوڵی داوە پێناسەی عەرەبی بەسەر عێراق و گەلەکانیدا بچەسپێنێت. لە جیاتی ئەوەی دەربڕی بەرژەوەندی هەمووان بێت و بەپێی دەستوور ماف و یەکسانیی هاووڵاتیان دەستەبەر بکات تەنیا دەوڵەتی گروپێک، کەمایەتییەکی عەرەبی- سوننی بووە. لە باتی ئەوەی هەوڵ بدات تەبایی و هاریکاریی نەتەوەیی لە نێوان گەلانی عێراقدا دروست و بەهێز بکات خۆی ئەوانی زیاتر لێک دابڕیوە، کێشە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی نێوانیانی توندتر کردووە. لە هەمان کاتدا لەبەر ئەوەی پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و هاووڵاتیان و گروپە نەتەوەیی، مەزهەبی و ئاینییەکان لەسەر ئەساسی ماف نەبووە، زۆربەی تاک و گروپەکانی نێو عێراق گیانی بەرپرسیاری و وەفاداری و دڵسۆزی (لۆیالیتی)یان بەرامبەر بە دەوڵەت نەبووە چونکو بە دەوڵەتی خۆیان و پارێزەری بەرژەوەندی خۆیانیان نەزانیوە. بەم جۆرە دەوڵەتی عێراق ئەرک و وەزیفەکانی خۆی، وەک دەوڵەتێکی مۆدێرن، بەجێ نەگەیاندووە، بەمەیش توانای بەردەوامبوونی و تەنانەت ڕەوایی مانەوەی خۆی خستۆتە ژێر پرسیارەوە. سەرەنجام لە عێراقدا زەوینەی پێکەوەهەڵکردن و هەستی هاوچارەنووسی و هاریکاریی نەتەوەیی نەک هەر لە نێوان کورد و عەرەبدا، بەڵکو تەنانەت لە نێوان عەرەبی سوننە و عەرەبی

شیعەیشدا دروست نەبووە. ستەمی مەزهەبیی دەوڵەت بە جۆرێک کێشەی مێژوویی نێوان لایەنگرانی ئەم دوو مەزهەبەی خۆش کردووە کە گەلی عەرەبی عێراق، وەک گەلی ئایرلاند، گۆڕدراوە بۆ دوو گەلی جیاوازی خاوەن دوو مێژووی جیاواز، دوو بەرژەوەندی و ئامانجی جیاواز و دوو وەلائی ڕۆحی و سیاسیی جیاواز و تەنانەت پێک ناکۆک. بۆیە مرۆڤ دەتوانێت بڵێت کە ئەگەر هێزی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە عێراقدا نەبوونایە ئێستا، بە لای زۆرەوە، زیاتر لە شەڕێکی نێوخۆیی لە عێراقدا دەستی پێ کرد بوو.

ئاشکرایە خەڵکی عێراق بەبێ کۆمەکی ڕاستەوخۆی دەرەکی (ئەمریکا و هاوپەیمانانی) ناتوانن عێراق دیموکراتیزە بکەن. ئەو کۆمەڵەی بتوانێت دیاردەی وەک دەوڵەتی بەعس بهێنێتە بەرهەم و قبووڵی بکات ناتوانێت دیموکراتی وەک شێوەژیانی خۆی هەڵببژێرێت. ئەو گەلەی بتوانێت بە حەماسەوە چوار شەڕ (شەڕی کوردستان، شەڕی ئێران، شەڕی کوێت و شەڕی ئەمریکا و هاوپەیمانانی) بۆ دەوڵەتە نەتەوەییەکەی بکات ئاسان نییە بتوانێت، بە توانای خۆی، سیستمێکی نوێی حوکمڕانی دابهێنێت و کۆمەڵێکی مۆدێرن و دیموکرات دابمەزرێنێت.

دروستکردنی عێراقێکی دیموکرات، بە ڕای من، لە دروستکردنی دیواری چین، یان دروستکردنی پیرامیدەکانی میسر گرانترە. بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا، لەم باسانەدا، گریمانەی دروستکردنەوە و دیموکراتیزەکردنی عێراق لەبەرچاو گیراوە. چونکو هێزە عێراقی و کوردستانییەکان هێشتا لەسەر ئەم مەسەلەیە کۆکن و بە گەرمی

کاری بۆ دەکەن. لەمەیش گرنگتر دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی هێشتا هەمان ئامانجیان هەیە. چونکو پێیان وایە کە عێراقێکی نوێی دیموکرات سەرەتایەک دەبێت بۆ دیموکراتیزەکردنی ناوچەکە. کەواتا فاکتەری گرنگی پرۆسێسی گۆڕانکاری لە عێراقدا، کە دەکرێت لە سەردەمی ئیمڕۆدا یەکلاکەرەوە بێت، ئەوەیە کە کۆمەڵە ئەکتەرێکی جیهانی (لە پێشەوەیان دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) تا ڕادەیەکی زۆر ڕەوشی سیاسیی عێراق و جۆری دەوڵەتەکەی دیاری دەکەن. ئەمەیش بەشێکە لە پرۆژەیەکی گەورەتر، پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی نێوینی گەورە، کە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە کۆمەکی کۆمەڵە وڵاتێکی ئەوروپایی، دایڕشتووە و چاوەڕوان دەکرێت ناوچەکە بگرێتەوە.

2

گۆڕینی دەوڵەتی عێراق لە دیکتاتۆریاوە بۆ دەوڵەتێکی دیموکراتیی فیدرالی نمونەیەکی نوێی دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوین دێنێتە گۆڕێ، کە دەشێت ببێتە مۆدێلێکی گونجاو بۆ وڵاتانی دی کە زۆربەیان دەوڵەتی فرەنەتەوە و فرەکولتوورن، کەچی بە زەبری ئیستیبدادی دەوڵەت کراونەتە دەوڵەتی زۆرایەتی. لە هەمان کاتدا ئەم دەوڵەتە دەرەتانی نوێی گۆڕان و پێشکەوتن لە عێراق و کوردستاندا دەڕەخسێنێت. بەڵام لەبەر ئەوەی کۆمەڵی عەرەبی عێراق و کۆمەڵی کوردستان لە دوو قۆناخی مێژوویی جیاوازدان و ڕووبەڕووی دوو جۆرە گرفتی جیاوازن ئەوا دەوڵەتی دیموکراتیی فیدرال ناتوانێت

ئەو ڕەچێتەیە بێت کە بە یەک ئەندازە گرفتەکانی هەردوو کۆمەڵ چارەسەر بکات. چونکو کۆمەڵی عێراق لەمێژە گرفتی نەتەوەیی نەماوە، بۆیە دەوڵەتێکی دیموکرات (ئەگەر فیدرالیش نەبێت) دەتوانێت کۆمەڵی عێراق بگۆڕێت بە کۆمەڵێکی مۆدێرن و کراوە. کەچی کۆمەڵی کوردستان هەشتا ساڵە کێشەیەکی نەتەوەیی لەگەڵ دەوڵەت و کۆمەڵی عێراق هەیە، ئەم کێشەیە لە نێوەرۆکدا کێشەی زمان و خاک و پێناسەیە، بۆیە دیمکراتی، لە باشترین حاڵەتدا دەتوانێت دەرفەتی نوێ بۆ چارەسەر ئەم کێشەیە بڕەخسێنێت، نەک بە پێی پرینسیپی مافی خۆبڕیاردانی چارەنووس کێشەکە چارەسەر بکات.

3

ئەم کتێبە لە چوار باس پێک هاتووە کە هەموویان دوای ڕوخاندنی دەوڵەتی عێراق نووسراون. بە پەیوەندی لەگەڵ ئەم ڕووداوە گەورەیەدا، گریمانەی دامەزراندنەوە و دیموکراتیزەکردنی عێراق یاخود هەڵوەشاندنەوەی، هەروا شێوەی داهاتووی کێشەی نێوان عێراق و کوردستان و ئەو دەرفەتە نوێیانەی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە هاتوونەتە گۆڕێ باس کراون. زایەڵەی ئەم ڕووداوە و رەوشی سیاسیی عێراق لە دوو ساڵی دوای ڕوخاندنی دەوڵەتەکەوە بە نووسینەکانەوە دیارن. هەروا ئەم باسانە بەپێی پلان و داڕشتنی ستروکتووری کتێبێک نەنووسراون بەڵکو هەر یەکەیان، لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا، وەک بابەتێکی سەربەخۆ و بە مەبەستی بەشداربوون لەو لێدوانانەی

لەم بارەیەوە کراون، نووسراون. بۆیە ڕەنگە هەندێک مەسەلەی مێژوویی، بەڵگە و بۆچوون سەبارەت بە پێکهاتی کۆمەڵی عێراق و کێشەکانی لەم یان ئەو بابەتدا خۆیان دووبارە کردبێتەوە. هەموو بابەتەکانیش پێکەوە دەکرێت بە تەواوکەری ئەو کارانەی دیکەم دابندرێت کە، لە هەژدە ساڵی ڕابردوودا، لە بارەی کێشەی عێراق و کوردستان و پرسی کورد بە گشتی ئەنجام دراون و بە شێوەی کتێب یان باس و وتاری سەبەخۆ بڵاو کراونەتەوە.
لە کۆتایی ئەم کتێبەدا چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەیی هاتووە کە پەیوەندی بە ناوەرۆکی هەندێک باسی ناو کتێبەکەوە هەیە و دەکرێت لە هەندێک لایەنەوە تەواوکەری ئەم یان ئەو باسیان بێت.
.

رەفیق سابیر

ئوپسالا- سوێد نێوەڕاستی مای (ئایار)ی 2005

# I

# دەرفەتێکی نوێ بۆ چارەسەری کێشەی نێوان

# عێراق و باشووری کوردستان

سەرەنجام ساتی حەقیقەت، لەوپەڕی درەوشانەوەیدا، خۆی دەرخست. دڕندەترین دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسیی ئەم سەردەمە، دەوڵەتی

بەعس، بە خۆی و هەموو دەزگاکانییەوە هەرەسیان هێنا. عێراقی دوای بەعس، لە هەر شتێک دەچێت وڵات و دەوڵەت نەبێت. ڕێژیمی بەعس بە جۆرێک کۆمەڵ و دەوڵەت و هەموو دەزگاکانی دەوڵەتی بە خۆیەوە بەستبوونەوە کە دوای ڕوخاندنی خۆی، عێراقی وەک بۆشاییەکی سیاسی و ئیداری، وێنەی وێرانەیەکی گەورەی مادی و رۆحی بەجێ هێشت. ئەمەیش عاقیبەتی دەوڵەتی ئایدیۆلۆگی و حیزب و بەحیزبیکردنی دەزگاکانی دەوڵەت پێشان دەدات. بۆیە وەک چۆن روخاندنی دەوڵەتی بەعس، لە ئێستادا، بەبێ هێزی عەسکەریی ئەمریکا و هاوپەیمانانی کارێکی مەحاڵ بوو، ئەوا دامەزراندنەوەی دەزگاکانی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی عێراق و گۆڕینی بۆ دەوڵەتێکی دیموکرات، بەبێ بەشداربوون و کۆمەکی ئەمریکا و هاوپەیمانانی، یان نەتەوەیەکگرتووەکان، کارێکی سەخت دەبێت.

ڕووخاندنی دەوڵەتی بەعس نموونەی دیاردەیەکی نوێ، دیاردەی روخاندنی دەوڵەتێکی دیکتاتۆری بە زەبری هێزی دەرەکی، پێشان دەدات. ئەم دیاردەیە، لە نموونەی عێراقیدا، دەیسەلمێنێت کە کۆمەڵی عێراق (وەک زۆرینەی کۆمەڵانی ڕۆژهەڵاتی نێوین) نەگەیشتۆتە ئەو ئاستی پێشکەوتنە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی کە بە هێزی خۆی، بتوانێت خۆی لە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری ئازاد بکات. بەلای زۆریشەوە بەبێ کۆمەکی دەرەکی نازانێت چی لەم ئازادییەی بکات و چۆن بەکاری بهێنێت؛ واتا ناتوانێت دیموکراتانە دەوڵەتەکەی لەسەر ئەساسی قانوون و مافی هاووڵاتیبوون و یەکسانبوونی نەتەوە و مەزهەب و کولتوورەکانی دروستبکاتەوە. بۆیە دیموکراتیزەکردنی عێراق (ئەگەر سەر بگرێت) وەک ڕوخاندنی دەوڵەتی بەعس،

ئەزموونێکی نوێی دیموکراتیزەکردنی دەوڵەتان و وڵاتان ، بە هۆی توانا و کۆمەکی دەرەکی، لە ناوچەکەدا دەخاتە ڕوو. لە هەمان کاتدا ئەم دیاردەیە مۆدێلێکی نوێی شەڕ، شەڕی سەردەمی جیهانگیری، پێشان دەدات کە سنووری جوگرافیایی وڵاتێک و ناوچەیەک دەبەزێنێت و سروشتێکی جیهانی بەخۆیەوە دەگرێت، بێ ئەوەی شەڕێکی جیهانی بێت بە مانا زانراوەکەی، بێ ئەوەی قوربانییەکی مرۆیی زۆریشی پێویست بێت، بەلای زۆرەوە شەڕەکانی سەدەی بیستویەکەم شەڕی ناوچەیی نابن، بەڵکو بە گشتی لەم جۆرە شەڕانە دەبن و سروشتێکی جیهانییان دەبێت. کێشە ناوچەییەکان، لەبەر ئەوەی مەترسی بۆ جیهانێک دروست دەکەن کە بە دەیان شێوەی پەیوەندیی ئابووری، سیاسی، کولتووری و زانیارییەوە پێکەوە بەستراوەتەوە، گەمارۆ دەدرێن. بە شێوەی دیپلۆماسی، یان لە ڕێگای فشاری سیاسی و ئابوورییەوە چارەسەر دەکرێن. شەڕەکانی داهاتوو، لە هەر ناوچەیەکی دنیادا روو بدەن، لە رووی هۆکاری هەڵگیرسانیان و لایەنە هاوبەشەکانیانەوە، لە رووی لایەنگران و بەرهەڵستکارانیانەوە، هەروا لە ڕووی ئامانج و ئەنجامەکانیانەوە بە گشتی سروشتێکی جیهانییان دەبێت. ئەم شەڕانە لە نێوەرۆکدا یان لە دژی ئەو لایەن و دەوڵەتانە دەبن کە لە ڕێگای تیرۆر، شەڕفرۆشی و چەکی کۆمەڵکوژییەوە، مەترسی بۆ ئاسایش و ئارامیی ناوچەیی و جیهانی، بۆ ئاسایشی نەتەوەیی دوورمەودای ئەمریکا و هاوپەیمانانی دروست دەکەن. یاخود لەوانەیە بەو ئامانجە بن کە ئەو کۆمەڵ و دەوڵەتە داخراوانەی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری و شەڕانی لە دنیا و کەشوهەوای سیاسیی جیهان دای بڕیون ناچاری کرانەوە بکرێن و تێکەڵ بە ڕەوشی جیهان و سیستمی سیاسیی جیهان ببن. چونکو

ڕەفتار و کرداری ئەم دەوڵەتانە، تەنیا پەیوەندییان بە دۆخی وڵاتەکانیانەوە نابێت، بەڵکو کار لە دۆخی وڵاتانی دی و سیستمی سیاسیی جیهان دەکەن. لە جیهانێکی پێکەوە گرێدراودا ئەم جۆرە دەوڵەتانە لە هەر ناوچەیەکی جیهان بن، چەند گەمارۆ بدرێن و کەمتوانا بکرێن هێشتا دەتوانن ببنە مایەی هەڕەشە و نائارامی و هاندانی تیرۆر. دەتوانن لە بازاڕی ئاواڵەی جیهاندا چەکی کۆمەڵکوژ دەست بخەن و بڵاوی بکەنەوە، یان خۆیان دژی هەر لایەنێک بیانەوێت بەکاری بهێنن.

شەڕی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لەگەڵ عێراق دەیسەلمێنێت کە ئێمە تەنیا لەبەردەم جۆرە شەڕێکی نوێدا نەوەستاوین، بەڵکو لە هەمان کاتدا لەبەردەم جیهانێکی نوێشدا وەستاوین؛ جیهانێک کە ڕێسا و دەستوورە سیاسییە نێودەوڵەتییەکانی، کە پەیوەندیی نێوان وڵاتان ڕێک دەخەن، کۆن بوون و ژەنگیان هێناوە. بنەماکانی پەیوەندی و زەوینەی هاوپەیمانیی نێوان وڵاتان و دەوڵەتان ئاڵوگۆڕی زۆریان بەسەردا هاتوون. بۆیە دەبێت چاو بە زۆر لەم ڕێسا و دەستوور و بنەمایانەدا بگێڕدرێتەوە. هەندێک ڕێسا و دەستوور، کە لە سیاسەتی جیهانیدا بوونەتە قانوون وئاینی دەوڵەتان، دەبێت وەلا بندرێن. لە جیاتییان هەندێک ڕێسا و دەستووری نوێ جێگایان بگرنەوە. قەیرانی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە گرفتی عێراق (پێشتریش سەبارەت بە کوشتاری ڕواندا و سێربرینیتسا) سەلماندیان کە ئەم ڕێکخراوە جیهانییە، ناتوانێت بەم دەستوور و یاسایەی ئێستای و بەو میکانیزمی کارکردنەیەوە بەردەوام بێت، یان لە پاراستنی ئاسایشی جیهاندا، کە بە هانەی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەیە، بەکار بێت. ئەو

دەستوور و ڕێسایانەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی ئاسایشی جیهانی داینااون بۆ ئیمڕۆ دەست نادەن. لە جیهانی ئیمڕۆدا مەسەلەی مافی مرۆڤ وەک بەشێک لە ئاسایشی هەر وڵاتێک و جیهان دادەندرێت. لەمەولا کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان ناتوانێت، بەپێی یاسا و دەستوورەکەی، سەرداریی نەتەوەیی ئەو دەوڵەتانە بپارێزێت کە مافی مرۆڤ پێشێل دەکەن. بە واتایەکی دی دەوڵەتان لەمەودوا ناتوانن بە ناوی مافی سەرداربوون (ئەلسیادە)ی نەتەوەییەوە، کە دەستوور و یاسای کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆیانی دەستەبەر کردووە، چۆنیان بوێت حوکمڕانی خەڵکەکانیان بکەن، سنووری ئازادی و مافەکانیان دیاری بکەن یان بەکۆمەڵ لەناویان بەرن، چونکو عاقیبەتی ئەم کارانە هەڕەشە لە ئارامی و ئاشتیی ناوچەیی و جیهان دەکەن. یان هەندێک دەوڵەت ناتوانن مۆدێلی ئایدیۆلۆژیی خۆیان، بە زەبری تیرۆر و ئاژاوە نانەوە لە ناوچەی دیکەدا بڵاو بکەنەوە، یاخود هەر جۆرە چەکێکیان بوێت بەدەستی بخەن. ئەم جۆرە دەوڵەتانە، بە هۆی گەلەکۆمەکێی جیهانی و بە زەبری هێزی عەسکەریی دەرەکی پەلامار دەدرێن و دەڕوخێندرێن، یان لە ڕێگای گەمارۆدان و فشاری ئابووری، سیاسی و دیپلۆماسییەوە دەگۆڕدرێن، بێ ئەوەی دەستوور و هێزی کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکان بتوانن بە هانایانەوە بێن.

لەم دۆخە جیهانییە نوێیەدا سەرلەنوێ بەرژەوەندی و ئامانجەکان، لەسەر ئاستی وڵاتان و جیهان، پۆلێن دەکرێنەوە. دۆست و هاوپەیمانان، بە پێی بەرژەوەندیی نوێ، ئامانجی نوێ و دوژمنی نوێ دیاری دەکرێنەوە. گرفتی ناتۆ و کێشەی نێوان ئەندامانی یەکێتیی وڵاتانی ئەورووپا (کە زۆربەیان ئەندامی ناتۆن) سەبارەت بە شەڕی

ئەمریکا و هاوپەیمانانی لەگەڵ عێراق لێرەوە سەرچاوە دەگرن. ناتۆ وەک یەکگرتنێکی سیاسی/ عەسکەری بۆ ڕوو بەڕووبوونەوەی مەترسیی دوژمنێکی هاوبەش (سۆڤیەت و کۆمۆنیزم) دروست بوو. ئیمڕۆ ئەم دوژمنە هاوبەشە نەماوە و ئەمریکا بۆتە تاکە زلهێزی جیهان، ناتۆ ناتوانێت بە پێی ستراتیژیی یەکگرتووی جارانی بەڕێوە بچێت. بەشێک لەو وڵاتانە دەیەوێت بە هاوکاری و هاوپەیمانیی لە گەڵ ئەمریکادا کار بۆ ئامانج و بەرژەوەندییەکانی خۆی بکات، بەشێکی دیکەیان دەیەوێت بە جیا لە ئەمریکا، لەگەڵ هەندێکی وڵاتی تردا نێوەندێک (قوتب)ێکی دی پێک بهێنێت. لە هەمان کاتدا ئەمریکا لە دەرەوەی ناتۆ و یەکێتی وڵاتانی ئەورووپادا بۆ هاوپەیمانانی نوێ دەگەڕێت. لە ڕاستیدا نزیکەی هەموو ئەو جۆرە ڕێکخراو و هاوپەیمانییە سیاسییانەی لە دوای شەڕی دووەمی جیهانەوە دروست بوون (ڕێکخراوی وڵاتانی بێلایەن، ڕێکخراوی یەکێتیی ئەفریقا و کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی..تاد) لە قەیرانی جیدی دان و لە واقیعدا نیمچە فەلەج بوون.

ئەگەر دەوڵەتانی شەڕخواز و داخراو و مەترسی تیرۆریزم، بە تایبەتی تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی و دەستخستن و بڵاوکردنەوەی چەکی کۆمەڵکوژ هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ لە ئارامی و ئاشتیی دنیا و بەرژەوەندی و ئاسایشی دوورمەودای ئەمریکا و هاوپەیمانانی بکەن، ئەوا دەشێت هەر گۆشەیەکی دنیا، لە ئەمریکا و ئەورووپاوە بۆ ئەفغانستان و پاکستان و بەغدا، لە چیاکانی تۆرابۆراوە بۆ چیاکانی هەورامان ببنە سەرچاوەی ئەم هەڕەشەیە. پێشگرتن لەم هەڕەشانە هاوپەیمانانی جۆراوجۆر و نوێی گەرەکە. ئەو لایەنانەی بتوانن لەم

کارەدا بەشدارییەک بکەن حیسابیان بۆ دەکرێت و دەشێت شوێنێکی بچووک یان گەورە لەو هاوپەیمانییە نوێیەدا بگرن. بۆیە ئەمریکا و هاوپەیمانانی، لەم ئامانجەیاندا، بەدوای دۆست و هاوپەیمانانی نوێدا دەگەڕێن. لە کاتێکدا هەندێک لە وڵاتانی ناتۆ ودۆستی ئەمریکا، بە هۆی بەرژەوەندی تایبەتیانەوە، دەشێت لە هەندێک حاڵەتدا بکەونە دەرەوەی ئەم جۆرە هاوپەیمانییە و تەنانەت ببنە مایەی گرفت (بۆنموونە هەڵوێستی هاوبەشی فەرەنسا، ئەڵمانیا و بەلژیکا سەبارەت بە شەڕی عێراق) کەچی هەندێک وڵاتی دی و لایەنی نوێ، بە پێی شوێنی جیوگرافیایان و ئەو رۆڵەی دەتوانن بیگێڕن، دەبنە لایەنێکی ئەم جۆرە هاوپەیمانییە نوێیە.

لە سەردەمی جیهانگیریدا، کە سەرداریی نەتەوەیی دەوڵەتان و وڵاتان لاواز بووە و بەرەو نەمان دەچێت و وڵاتان ناچار بە کرانەوە دەکرێن، مەرج نییە ئەم دۆست و هاوپەیمانانە تەنیا دەوڵەتان بن، بەڵکو دەشێت بەشێک لە نەتەوە بێ دەوڵەتەکانیش بن. ئەم نەتەوانە، کە تا ئێستا لە ڕووی سیاسییەوە پاسیڤ کراون و زۆربەیان نە مافیان بووە نە هیچ شوێنێکیان لە پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا پێدراوە، دەشێت ببنە لایەنێکی گرنگی ئەو هاوپەیمانییە نوێیە. بۆیە سەیر نییە دەوڵەتێکی وەک تورکیا، کە پەنجا ساڵە دوای ئیسرائیل تاکە دۆست و هاوپەیمانی ستراتیگی و بەردەوامی ئەمریکا بووە، پەنجا ساڵە بە کۆمەکی ئابووری، سیاسی و عەسکەریی ئەمریکا و ناتۆ خۆی ڕاگرتووە و شەڕی کوردی کردووە، بەڵام لە شەڕی ئەمریکا و هاوپەیمانان لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا بەشدار نابێت و تەنانەت کۆسپ و گرفتی گەورەیان بۆ دروست دەکات، کەچی کورد دەبێتە لایەنێکی

ئەم هاوپەیمانییە. بە ڕای من ئەم حاڵەتە بە گشتی و هەڵوێستی تورکیا و هۆکار و ئەنجامەکانی بە تایبەتی، باس و لێدوانی زۆر هەڵدەگرن. دیارە ئێرە جێگای ئەم باسە نییە، بەڵام لێرەدا دەکرێت بە کورتی بگوترێت کە تورکیا لە بەرامبەر مەترسی سۆڤیەتدا بایەخێکی زۆری سیاسی و ستراتێگیی بۆ ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمریکا پەیدا کرد. چونکو بەشێک بوو لە بەرەی ئەمریکا و ڕۆژئاوا دژی یەکێتیی سۆڤیەت، کە دوژمنی هاوبەشی هەموویان بوو. تورکیا بە بارێکدا لەمپەرێک بوو لەبەردەم مەترسیی بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیزم و نفوزی سیاسیی یەکێتیی سۆڤیەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە بارێکی دیکەدا تورکیا، کە سنوورێکی فراوانی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا هەبوو، کرابوو بە نزیکترین پێگەی سەربازیی ئەمریکا و نێوەندی چاودێری و موخابەراتیی ئەمریکا لە دژی سۆڤیەتی هەڵوەشاوە. ئیمڕۆ ئەمریکا و هاوپەیمانانی، لە جیهان و ناوچەکەدا، ستراتێگییەکی نوێیان هەیە، کە لە هەندێک لایەنەوە بە قازانجی تورکیا نییە. بەگەڕخستنی ئەم ستراتێگییە لە ڕۆژهەڵاتی نێویندا دۆست و هاوپەیمانی نوێی گەرەکە، کە دەشێت لەسەر حیسابی تورکیا بێت. لە هەمان کاتدا گۆڕینی دەوڵەتانی ئیستیبدادی لە ناوچەکەدا دەرفەتێکی بچووک یان گەورە بە کورد و گەلە بندەستەکانی دی دەدات کە هەوایەکی ئازادی هەڵبمژن. هەڵبەت جیهان ناتوانێت و مەجبووریش نییە کە خۆی لەگەڵ سیاسەتی تورک بەرامبەر بە کورد و ئایدیۆلۆگیی کەمالیزمدا بگونجێنێت، ئەوە تورکیایە گرفتی خۆی هەیە و دەبێت و مەجبوورە خۆی لەگەڵ جیهانی نوێ و ڕەوشی سیاسیی دنیادا بگونجێت. دیارە تورکیا لە هەندێک ڕووەوە هێشتا گرنگی خۆی دەمێنێت، بەڵام ئەگەر کۆمەک بەو گۆڕانکارییانە نەکات کە دوای

ڕوخاندنی دەوڵەتی بەعس، چاوەڕێ دەکرێت لە ناوچەکەدا ڕوو بدەن، هەروا ئەگەر سیاسەتی خۆی بەرامبەر بە کورد نەگۆڕێت زەحمەتە بتوانێت وەک شەریک و هاوپەیمان بەشداریی جیددی بکات. بایەخ و گرنگیی سیاسی و عەسکەریی تورکیا، لە داهاتوودا، تا ڕادەیەکی زۆر دەوەستێتە سەر ئەو ڕۆڵە سیاسی و عەسکەرییەی لە ناو ئەم ستراتێگییە نوێیەدا دەیگێڕێت.

2

ئەمریکا و هاوپەیمانانی، بە ڕوخاندنی دەوڵەتی عێراق، شانازی لەناوبردنی یەکێک لە دڕندەترین ڕێژیمی ئەم سەردەمەیان پێ بڕاوە. ئەوان بە دڵنیاییەوە بۆیە ئەم کارەیان کردووە تا عێراق لە وڵاتێکی داخراوەوە بۆ وڵاتێکی کراوە، لە سەرچاوەیەکی شەڕ و تیرۆر و هەڕەشەوە بۆ وڵاتێکی ئارام و دۆستی درێژخایەنی خۆیان بگۆڕن. بۆیە، تا ئەو جێیەی دەتوانن، هەوڵ دەدەن شێوەی حوکمڕانی و چارەنووسی سیاسیی عێراق بە شێوەیەک داڕێژنەوە کە کۆمەک بەم ئامانجانەیان بکات و هەڕەشە بۆ بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی دوورمەودایان دروست نەکات.

بەڵام بەڕێوەبردن و دروستکردنەوەی عێراق، زۆر لە داگیرکردنی سەختترن؛ لە سەردەمی ئیمڕۆدا هیچ دەوڵەتێک ناتوانێت، بە شێوەی کۆلۆنیالی جاران، تاسەر وڵاتێک داگیر بکات و ڕاستەوخۆ بەڕێوەی ببات. هەروا عێراق وڵاتێکە کە مەرجەکانی وڵاتی تێدا نییە و بە زەبری

ستەم و ڕەشەکوژی و بەربەریزم ڕاگیراوە. لەبەر ئەوە ئەگەر ئەمریکا و هاوپەیمانانی بیانەوێت کۆمەک بە دروستکردنی عێراقێکی نوێ و ئارام بکەن، کە نە زیندانی گەلەکانی بێت و نە هەڕەشە بۆ بەرژەوەندی و ئاسایشی ئەوان و ناوچەکە دروست بکات، پێویستە چارەسەرێکی واقیعیانە و دیموکراتانەیان بۆ گرفتەکانی گەلانی عێراق هەبێت، تا ساڵانێکی دی، بە شێوەیەک لە شێوەکان، خۆیان کۆنترۆڵی رەوشی سیاسی و سەرپەرشتی شێوەی چارەسەری گرفتە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی عێراق بکەن.

گۆڕینی ڕێژێمی سیاسیی عێراق سەرەتای دیاردەیەکە کە چاوەڕوان دەکرێت لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکەدا دووبارە ببێتەوە. بۆیە ئەوەی لە عێراقدا ڕوو دەدات پرۆڤە و ئیمتیحانێکە بۆ وڵاتانی دیکەی ناوچەکە، یاخود ئیمتیحانێکە بۆ نیاز و ئامانجی ئەمریکا و هاوپەیامانانی لە ناوچەکەدا. ئەوان بە دڵنیاییەوە لە نموونەی عێراقدا دەتوانن، دیارە ئەگەر بخوازن، پێشانی بدەن کە بە ڕاستی دەیانەوێت گەلانی ناوچەکە لە ستەمی دەوڵەتانێکی دیکتاتۆری و ستەمکار، کە یان دەوڵەتی ناسیۆنالیستیی شۆڤێنی و ئاینی و مەزهەبین، یان دەوڵەتی خێڵ و بنەماڵەیەکن، ئازاد بکەن و ئەو وڵات و کۆمەڵە داخراوانە بکەنەوە و تێکەڵاوی ڕەوشی سیاسی، ئابووری و کولتووریی جیهانیان بکەن. بۆیە ئەوەی لە عێراقدا روو دەدات و بە ئەنجام دێت، بە باری پۆزیتیڤ یان نێگەتیڤیدا تەنیا پەیوەندیی بە عێراقەوە نابێت بەڵکو، تا ڕادەیەکی زۆر، پەیوەندیی بە ناوچەکە و وڵاتانی دوورتریشەوە دەبێت. هەر بەم بۆنەیەوە دەتوانین بڵێین کە

شێوەی چارەسەری پرسی کورد لە عێراقدا دەشێت ببێتە نموونەیەکی چارەسەری پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا.

هێزی هاوپەیمانان بەسەر وڵاتێکدا کەوتوون کە شەڕ و ستەم و فاشیزم گۆڕیویانە بە وێرانەیەکی بێ سنووری مادی و رۆحی. لە ماوەی 35 ساڵی حوکمڕانی بەعسدا چەند نەوەیەک پێگەیشوون کە جگە لە کولتووری بەعس و مۆراڵی بەعس و شێوەی حوکمرانیی بەعس شتێکی دیکەیان نەدیوە. لە لایەکی دیکەوە عێراق خۆی جوگرافیایەکی سیاسییە نەک کۆمەڵ و نەتەوە، یان گەلێکی هاوئاهەنگ. وەک وڵات لەسەر ئەساسی زەمینەی هاوبەشی ئێتنیکی، کولتووری و ڕابردووی هاوبەشی مێژوویی دروست نەبووە. تا ئێستایش، لە نێوان خەڵکەکانیدا، هەستی هاوچارەنووسی و زەمینەی هاریکاریی نەتەوەیی و توانای پێکەوەهەڵکردنی نەتەوەیی، کە مەرجی دەوڵەتی مۆدێرنن، پێک نەهاتوون. بۆیە ئاساییە ئەگەر خەڵکانی جۆراوجۆری عێراق لە کاتێکدا لە کۆمەڵێک مەسەلەدا هاوئامانج و هاودەردبن، کەچی لە زۆر مەسەلەدا بەرژەوەندیی جیاواز و ئامانجی جیاوازیان هەبێت. ئەم جیاوازییانەیش تەنیا لە نێوان گەلی کورد و گەلی عەرەبی عێراقدا نین، بەڵکو تەنانەت لە نێوان گەلی عەرەبی عێراق، شیعەکان و سوونەکانیشدا هەن.

گەلی عەرەبی عێراق، بە هۆی جیاوازی مەزهەبی و رابڕدووی مێژوویی و ستەمی حکومەتە سوننە مەزهەبەکانی عێراق (بە تایبەتی ڕژێمی بەعس) بەرامبەر بە خەڵکی شیعەی عێراق، هاوئاهەنگی و تەبایی نەتەوەیی تێدا دروست نەبووە. تا رادەیەکی زۆر لە دوو

کۆمەڵە خەڵکی جیاواز دەچن، کە خەون بە دوو دنیای جیاواز و داهاتووی جیاوازەوە دەبینن. ئەگەر ناسیۆنالیزمی عەرەبی و یەکبوونی عەرەب و پانعەرەبیزم بۆ عەرەبە سوننەکانی عێراق مەسەلەیەکی گرنگ بێت، ئەوا ئەم مەسەلانە بۆ عەرەبە شیعەکانی عێراق مەسەلەی سەرەکی نیین. بۆ زۆربەی شیعەکان مەسەلەی ئازادیی مەزهەبی و دەسەڵاتی سیاسی، پێش هەر مەسەلەیەکی دیکە دێن. بۆ زۆریان هاریکاریی نەتەوەیی و هەستی ئینتیمای هاوبەش و هاوچارەنووسی و تەنانەت چەمکی وڵات، پێش ئەوەی لە زمان، ئاین، دەزگای قانوونی و لەو جوگرافیایەی کە ناوی وڵاتی لێ نراوە سەرچاوە بگرن، لە ئینتیمای مەزهەبی و رابردووی مێژوویی هاوبەشەوە سەرچاوە دەگرن. لێرەدا مەزهەب، کە هۆکاری عەزابی ئەوان و ستەملێکردنیان بووە، خۆی دەبێتە ئەو فەزا رۆحی و وڵاتە هاوبەشەی کە هەستی هاوچارەنووسی و زەمینەی پێکەوەهەڵکردن و هاریکاریی نەتەوەیی دەستەبەر دەکات. وڵات لەجیاتی ئەوەی خاک و سیستمی حوکمڕانی و ئاڵا و ئەو دەزگا یاسایی و مەدەنییانە بێت کە پێناسە و ماف و ئازادی و یەکسانیی نێوان مرۆڤەکانی دیاری دەکات، دەشێت ئەو فەزا رۆحی و سایکۆلۆگی و سیاسییە بێت کە بە سنوور و جوگرافیایەکی تایبەتەوە نەبەستراوەتەوە. لێرەدا چەمکەکانی وڵات، ماف و داد، ئازادی و یەکسانیبوون و تەنانەت مرۆڤ خۆی نێوەرۆکێکی سیاسی- مەزهەبی وەردەگرن.

هێزە سیاسییە شیعەکانی عێراق بە پەیوەندی لەگەڵ ئازادبوونی گەلانی عێراق لە دەسەڵاتی بەعس و بەرژەوەندی ئەواندا هەڵوێست لە هاتن و مانەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانانی بۆ عێراق وەرناگرن، بەڵکو

پێش ئەمە بە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی ئاینی و بەهێزبوونی دەسەلاتی سیاسی و مەزهەبیی خۆیان لە عێراقدا هەڵوێست وەردەگرن. لە هەمان کاتدا ئەم هێزانە لە رووی سیاسییەوە لە ژێر تەئسیری شیعەکانی دەرەوەی عێراق (بە تایبەتی ئێران) دان. ڕێبازی سیاسیی ئەم هێزانە بەرامبەر بە ئەمریکا و هاوپەیمانانی، بەرامبەر بە داهاتووی سیاسیی عێراق و شێوەی حوکمڕانی لە عێراقدا، دەشێت تا رادەیەکی زۆر لە ژێر تائسیری ئێران و نێوەندی دیکەی شیعەدا بێت. دیارە خەڵکی شیعەی عێراق لە رووی سیاسییەوە یەکگرتوو نین. ئەوان ئێستا بەسەر چەند نێوەندێکی سیاسی/ئاینیدا دابەش بوون: ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی، حیزبی ئەلدەعوە، گروپی موقتەدا ئەلسەدر و حەوزەی عیلمییەی نەجەف، کە مەرجەعی ئاینیی شیعەکانە. جیاوازیی سیاسی و کێشەی دەسەلات لە نێوان ئەم لایەنانەدا شتێکی شاراوە نییە. بەڵام ئەوان (جگە لە گروپی ئەلسەدر) لە بەرامبەر مەسەلەی مانەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە عێراقدا ناکۆک نین و تا ڕادەیەکی زۆر هاوئامانجن، ئەمەیش ڕەنگە کێشە و ناکۆکیی نێوانیان، تا سەردەمێکی دی، دوابخات.

ئاشکرایە بەشێکی هێزە سیاسییە شیعەکان واقیعبینانە بیر دەکەنەوە و بەو ئەنجامە گەیشتوون کە ناتواندرێت مۆدێلی ئێران (کۆماری ئیسلامی) لە عێراقدا کۆپی بکرێتەوە، بە تایبەتی کە ئەم مۆدێلە خۆی بە بنبەست گەیشتووە. کەچی بەشێکی دیکەیان بە تەواوی چاویان بڕیوەتە مەسەلەی دەوڵەتی ئیسلامی و سەپاندنی دەسەلاتی حەوزەی عیلمییە بەسەر گەلانی عێراقدا. بە رای من چەند هێزە سیاسییە شیعەکانی عێراق هەوڵ بدەن قورسایی سیاسی بە مەزهەب و

ناوەرۆکی مەزهەبی بە دەوڵەتی داهاتووی عێراق بدەن، چەند بیانەوێت هەڵوێست و بەرژەوەندیی سیاسیی هێز و لایەنەکانی دیکەی شیعە لە ناوچەکەدا (لە پێش هەموویانەوە کۆماری ئیسلامی ئێران) لەبەرچاو بگرن هێندە لە هاریکاریی ئەمریکا و دۆستایەتیی رۆژئاوا و پرینسیپەکانی دیموکراسی دوور دەکەونەوە. هەروا دەشێت بە هەمان ئەندازەیش ببنە کۆسپی چارەسەری کێشەی نێوان عێراق و گەلی باشووری کوردستان و پێش بە خواستی ئازادیخوازانەی کورد بگرن.

بەلام خەڵکی عەرەبی سوننەمەزهەبی عێراق بە پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵێک مەسەلەی نێوخۆیی و ناوچەیی هەڵوێستی خۆیان، بەرامبەر بە مانەوەی هێزی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە عێراقدا، دیاری دەکەن. ئەوان بە ئاسانی ڕازی نابن دەسەلاتی پێشوویان، کە لە مێژووی دروستکردنی دەوڵەتی سوننەمەزهەبی عەرەبیی عێراقەوە هەیان بووە، بە تەواوی لە دەست بچێت و ملکەچی دەسەلاتی سیاسیی شیعەکان بکرێن. هەروا عەرەبە سوننەکانی عێراق، پەیوەندییەکی سیاسی، مەزهەبی و کولتووریی ڕاستەخۆیان لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیدا هەیە. هەڵوێستی سیاسی و بزاڤی سیاسیی ئەو وڵاتانە کاریان تێ دەکەن. ئەگەر دوێنێ بەعس و ناسیۆنالیزمی عەرەبی عێراق، کە نزیکەی هەموو ڕابەر و بەرپرسە دەسەلاتدارەکانی لە عەرەبە سوونەکان بوون، هاندەر و ئیلهامبەخشی بزاڤی سیاسی و ناسیۆنالیستیی زۆربەی وڵاتانی عەرەبی بووبێت، ئەوا ئیمڕۆ ناسیۆنالیستان و بەعسییە عێراقییەکان، کە تێکشکێندراون، چاو دەبڕنە ڕێبازی سیاسی و کۆمەکی بزاڤی سیاسیی وڵاتانی عەرەبی، کە بە گشتی بزاڤێکی ناسیۆنالیستی/ئیسلامییە. بۆیە بزاڤی سیاسیی

سوننەکانی عێراق لەژێر کارتێکردنی ڕەوشی سیاسیی وڵاتانی عەرەبیدا فۆرمی نوێ دەگرێت. بە پەیوەندی لەگەڵ هەڵوێستی ئەمریکا و هاوپەیمانانی بەرامبەر بە خۆیان و گەلانی عەرەب و بەرامبەر بە مەسەلەی فەلەستین، هەڵوێست و ڕێبازی سیاسیی خۆی دیاری دەکات.

بەهێزبوونی هێز و نفووزی سیاسیی شیعەکان لە عێراقدا، ڕێبازی ئیسلامی سیاسیی سوننەمەزهەب لەناو سوننەکانی عێراقدا بە هێز دەکات، بە واتایەکی دی دیاردەی ئیسلامی سیاسیی شیعەمەزهەب دژە دیاردەکەی خۆی لە عێراقدا، لە شێوەی ئیسلامی سیاسیی سوننەمەزهەب دێنێتە بەرهەم. عەرەبە سوننەکانی عێراق ناتوانن بە ئایدیۆلۆژیای تێکشکاوی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە بەرامبەر هێزە سیاسییە شیعەکاندا ڕاوەستن و تایبەتمەندی و خواستی سیاسیی خۆیان دەربڕن، بەڵکو ئەوان یان بە ئایدیۆلۆجیای ئاینیی سوننی، یان بە لیبرالیزم و بە عەلمانییەت دەتوانن ئەم کارە بکەن.

بەڵام عێراق دەیان ساڵە خەڵتانی کولتووری خوێن و ستەم ڕەشەکوژی کراوە. کولتووری ڕووناکگەری و دیموکراتی و عەلمانییەت و لیبرالیزم لە عێراق (تەنانەت لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبیدا) لاواز و تێکشکێندراوە، هەروا لەبەر ئەوەی دیسکۆرس (خیتاب)ی ئیسلامی سیاسیی (سوننەمەزهەب) لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا بەهێز و زاڵە ، بۆیە بەلای زۆرەوە تەوژمێکی ئیسلامی سیاسیی سوننەمەزهەب، بە ناوەرۆکێکی قەومییەوە، لە عێراقدا دەردەکەوێت. ئەوان بە چەکی ئیسلام و مەزهەب هەم لە بەرامبەر

ئیسلامی سیاسیی شیعەکاندا هەم لە بەرامبەر ئەمریکا و هاوپەیمانانیدا خۆیان دەردەبڕن. ئەم دوو لایەنە سیاسییە ئیسلامییە ڕەنگە لەبەرامبەر دوژمنێکی هاوبەشدا (کە بۆ ئەوان هەم داگیرکەر و هەم کافرە) هەروا تا ڕادەیەکی زۆر لە بەرامبەر شێوەی چارەسەری پرسی کورددا، بتوانن هاوکار و تەبا بن، بەڵام لەسەر مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی و شێوەی حوکمڕانی لە عێراقی داهاتوودا بە ئاسانی پێک نایەن و بەلای زۆرەوە ناتەبا و پێک ناکۆک دەبن. لە هەموو حاڵەتێکیشدا ئەوان، لە ڕێگای ئایدیۆلۆژیای ئیسلام و ئیسلامی سیاسییەوە ڕەنگە بتوانن خوێنێکی نوێ بەبەر بەشێکی ئەو هێزانەدا بکەنەوە کە تا دوێنێ سەرەڕمی دەوڵەتی بەعس و بنەمای جەماوەریی هێزی بەعس بوون.

3

هەرێمی عەرەبیی عێراق لەبەردەم کۆمەڵێک کێشەی سەرەکیدایە: کێشەی دیموکراتیزەکردنی دەوڵەت و کۆمەڵ، کێشەی سیاسیی مەزهەبیی نێوان عەرەبە شیعەکان و سوننەکان، کێشەی نێوان هەردووکیان لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە عێراق و تەنانەت یەکبوونیان لە بەرامبەر پرسی کورددا. ئەم کێشانە بە هەر لایەکدا بشکێنەوە ڕاستەوخۆ کار لە پرسی کورد و کێشەی نێوان عێراق و باشووری کوردستان دەکەن. دیارە بوونی هێزی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە عێراقدا دەتوانێت پێشی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی بگرێت و کۆمەک بە پرۆسێسی دیموکراتیزەکردنی دەوڵەت و کۆمەڵی

عێراق بکات، لە هەمان کاتدا دەشێت دەرەتانی زیاتر بۆ چارەسەری پرسی کورد برەخسێنێت. بەڵام مەرج نییە دیموکراتی، کە حەتمەن رەنگ و شێوەی کۆمەڵی عێراق دەگرێت، بتوانێت پرسی کورد بە جۆرێکی ڕەوا و بە پێی پرینسیپی مافی خۆبڕیاردانی چارەنووسی گەلان چارەسەر بکات. هەروا ئەزموونی ئەلجەزایر سەلماندی، کە لەو کۆمەڵانەی کولتووری دیموکراتی،سیستمی چەسپاوی دادوەری و چاودێری و دەزگاکانی کۆمەڵی مەدەنییان تێدا نین، دەسەڵاتی دەزگاکانی ئایین و هێزی کۆنخوازی دژ بە پێشکەوتن و مافی ژنان بەهێزن، پرۆسێسی دیموکراتی تووشی گرفت دەبێت، دەشێت دیموکراتی لە دژی خۆی بەکار بهێندرێتەوە؛ زۆرایەتییەک کە باوەڕی بە دیموکراتی نییە، لە رێگای دیموکراتی و هەڵبژاردنی ئازادەوە دەسەڵات دەگرێتە دەست و دیکتاتۆریای خۆی بەسەر کۆمەڵدا دەسەپێنێت.

بە ڕای من گرفتی خەڵکی هەرێمی عەرەبی عێراق، تا چەندان ساڵی دی، زیاتر مەسەلەی نان و کار و ئاسایش و چوونەدەری هێزی هاوپەیمانان لە عێراق و کێشەی دەسەڵات دەبێت، نەک دیموکراتی؛ کێشەی نێوان زۆرایەتیی شیعە و کەمایەتیی سوننە و نێوان ناوەندەکانی دەسەڵاتی سیاسی/ مەزهەبیی هەر کام لەم دوو لایەنە، کێشەی نێوان ئەم دوو لایەنە و هێزە عەلمانی و لیبرال و دیموکرات و ئەو گروپ و لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی کە دواتر خۆیان رێک دەخەن و چاو دەبڕنە بەشداربوونی دەسەڵاتی سیاسی، کێشەی نێوان نزیکەی هەموویان (یان زۆربەیان) و گەلی باشووری کوردستان؛ بەو

پێیەی ئەم کێشەیە، بە بۆچوونی هەموویان، لە دوا ئەنجامیدا هەڕەشە لە یەکپارچەیی "خاکی عێراق" دەکات.

لەم دۆخە سیاسییە ئاڵۆزەدا نابێت ئەو گریمانەیە بە دوور بگیرێت کە لەوانەیە کێشەی نێوان هێزە عەرەبییە ئیسلامییەکان (بە هەردوو لاباڵییەوە) لەگەڵ هێزی ئەمریکا و هاوپەیمانان توند ببێت. درەنگ یان زوو شێوەی بەرەنگاربوونەوەی جەماوەری و تەنانەت چەکداری وەربگرێت. یان بە بارێکی دیکەدا ڕەنگە ناکۆکی و شەڕ بکەوێتە نێوان هێزە سیاسییە ئیسلامییەکان (شیعەکان و سوننەکان). ئایا لە هەر کام لەم حاڵەتانەدا هێزە سیاسییەکانی کورد چ هەڵوێستێک وەردەگرن؟ ئەوان شوێنی خۆیان و کورد لە کام بەرەدا دەبین؟ ئەی خەڵکی کوردستان شوێنی خۆی لە کام بەرەدا دەبینێت؟

لەبەر ئەم هۆکارانە و هی تریش، هێزە کوردستانییەکان، کە ئێستا لە دیموکراتیزەکردنی عێراقدا چالاکانە (بگرە زیاد لە وزەی خۆیان) دەیانەوێت بەشدار و بەکار بن، نابێت چارەنووسی کورد و چارەسەری پرسی کورد تەنیا بە چارەنووسی عێراق و بە مەسەلەی دیموکراتیزەکردنی عێراقەوە ببەستنەوە. هەشتا ساڵە کورد گرەو لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکات، کەچی جگە لە ستەم و جینۆساید شتێکی دیکەی دەست نەکەوتووە. دیارە ئێستا دۆخێکی سیاسیی نێوخۆیی و جیهانیی تەواو جیاواز ڕەخساوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا دەبێت بیر لە دەرەتان و شێوەچارەسەری دیکەیش بکرێتەوە. لە هەمان کاتدا گرنگە گریمانەی تێکشکانی پرۆسێسی دیموکراتی لە عێراقدا، چەند گریمانەیەکی لاواز بێت، لەبەرچاو بگیرێت. بە بۆچوونی من پرسی

کورد لە عێراقدا لەوە گەورەتر و ئاڵۆزترە کە تەنیا لە ناو بازنەی دیموکراتی بۆ عێراقدا و گرەوکردن لەسەر دیموکراتیزەکردنی عێراق بەند بکرێت.

گەلی باشووری کوردستان، لەگەڵ گەلی عەرەبی عێراق لە دوو دۆخی جیاوازدان و دوو جۆرە گرفتی جیاواز و دوو ئامانجی جیاوازیان هەیە. عەرەبی عێراق مافی خۆیانە کام شێوەژیان و کام جۆرە حوکمڕانی هەڵدەبژێرن، بەو مەرجەی لەسەر حیسابی ماف و چارەنووسی گەلی کوردستان نەبێت. بەشداربوونی کورد لە دیموکراتیزەکردنی عێراقدا ئەگەر شانبەشانی چەسپاندنی مافی خۆبڕیاردانی چارەنووسی کورد نەبێت وەک کات بەفیڕۆدان و دەرفەت لەدەستدان دەچێت. باشە ئەوەیش لە یاد نەکەین کە کورد نەک بەم کێشە نێوخۆییەی ئێستایەوە، بەڵکو تەنانەت ئەگەر یەکگرتوویش بێت، ڕەنگە کاری گەورەی بۆ دیموکراتیزەکردنی عێراق لە دەست نەیەت. ئەگەر کورد نەتوانێت خۆی یەک بخات و دیموکراتانە گرفتە نێوخۆییەکانی خۆی، کە هەڕەشە لە هەر دەستکەوتێکی نەتەوەیی دەکەن، چارەسەر بکات چۆن دەتوانێت عەرەبی ناوچەکانی عێراق، کە کێشەی سەدان ساڵەی مەزهەبی لەتی کردوون یەک بخات! نامەوێت بڵێم بۆچی ئەوان یەک بخات، بەڵام دەپرسم؛ کێ گەرەنتی دەدات کە ئەم یەکخستنە و ئەو هێزەی بە هۆیەوە دەهێندرێتە بەرهەم، لە ئەنجامدا، دژی کورد و بۆ داگیرکردنەوەی کوردستان بەکار ناهێندرێتەوە؟

لێرەدا مەبەست ئەوە نییە گەلی کوردستان خۆی لە پرسی سیاسیی عێراق و گریمانەی دیموکراتیزەکردنی دەوڵەت و کۆمەڵی عێراق دابېڕێت. بەڵام ئەگەر قسە لەوەبێت کورد لە ناو چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە دەبێت دەسەڵات لە عێراقدا دابەش بکرێت، کورد لە دەوڵەتی داهاتووی عێراقدا ئەو دەسەڵاتەی هەبێت کە بتوانێت پێش لە دەرکەوتنەوەی دیکتاتۆریا و ستەمی نەتەوەیی و شەڕی دەوڵەتی عێراق بگرێت. لەم حاڵەتەشدا کورد دەبێت لەسەر دوو مەسەلەی بنەڕەتی پێ دابگرێت؛ پێکهاتی دەوڵەت و سیستمی حوکمڕانی لە عێراق، میکانیزم و شێوەی پەیوەندیی نێوان گەلی کوردستان و دەوڵەتی عێراق:

دەوڵەت و شێوەی حوکمڕانی لە عێراقدا هەمیشە دەوڵەتی کەمایەتییەکی عەرەبی سوننی بووە، کە لە هەردوو ئاستی ناسیۆنالیستیی عەرەبی دژ بە کورد و، ئاستی مەزهەبیی دژ بە شیعە کاری کردووە. لەبەر ئەوەی سوننە عەرەبەکانی عێراق، وەک هێز و پێگەی دەوڵەتی عێراق، لە رووی جوگرافیاییەوە کەتوونەتە ناوچەکانی نێوان کورد و شیعەوە، تەماسیان لەگەڵ هەردوو لادا بووە و توانیویانە ڕاستەوخۆ دەستیان بە هەردوو لادا بگات. دەوڵەتی عێراق، بەم سروشت و ئامانجانەیەوە، تەنیا لە ریگای دەسەڵاتێکی سێنترالی بەهێز و دەزگایەکی بیرۆکراتیی بەکار و سوپایەکی دڕندەوە توانیویەتی وەزیفەکانی خۆی بەجێ بهێنێت، دەسەڵاتێکی تۆتالیتێریی خەسڵەت فاشی دابمەزرێنێت و کولتووری سیاسیی خۆی بسەپێنێت. بەبێ ئەم شێوە حوکمڕانییە دەسەڵاتی کەمایەتیی سوننەمەزهەبی عەرەب نەیدەتوانی بەردەوام بێت. ئەم دەسەڵاتە، لە رەوشی

چڕبوونەوەی سروشتیی خۆی و شەڕی کورد و شیعەدا گۆڕدراوە بۆ دەسەڵاتی گرووپێکی عەسکەری یان سیاسی، لەوێشەوە بۆدەسەڵاتی خێڵ و بنەماڵەیەک و سەرەنجام بۆ دەسەڵاتی موتڵەقی تاکەکەسێک. قەیرانی دەوڵەتی عێراق لەم ناکۆکییەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە نێوانی پێکهاتی فرەنەتەوەیی و فرەمەزهەبیی کۆمەڵی عێراق و لە نێوانی سروشتی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسیدا هەیە. بۆیە پێویستە دەوڵەتی داهاتووی عێراق بە جۆرێک دابڕێژرێتەوە کە ئەم ناکۆکییە چارەسەر بکات. شێوەی حوکمڕانی و ستروکتووری دەوڵەت لە عێراقدا دەبێت بە شێوەیەکی نوێ و دیموکراتانە و لەسەر ئەساسی ئازادیی مافی چارەنووسی گەلەکانی دابڕێژرێنەوە. لەبەر ئەوەی هێز و مەترسی عێراق لەوەدایە کە تەواوی دەسەڵات و توانای ئابووریی عێراق لە بەغدا کۆبۆتەوە، دەبێت عێراق بگۆڕدرێت بە دەوڵەتێکی فرە نێوەندی دەسەڵات. بە هەمان شێوە سامانی عێراق و داهاتی ئابووریی عێراق لە نێوان هەرێمەکاندا (هەرێمی کوردستان و هەرێمی عەرەبی (شیعەنشین و سوننەنشین) بە پێی ژمارەی دانیشتوانی هەر هەرێمێک دابەش بکرێت. بە ڕای من تایبەتمەندیی عێراق لەوەدایە کە یان بە هۆی دەسەڵاتێکی ناوەندیی دیکتاتۆری و خەسڵەت فاشییەوە دەتواندرێت حوکمڕانی بکرێت، یاخود بە هۆی دەسەڵاتێکی ناناوەندی دیموکراتەوە، کە لەسەر ئەساسیی یەکگرتنێکی ئازادانەی نێوان هەرێمی کوردستان و هەرێمی عەرەبی عێراق بێت، بەم مانایە ڕێکخستنەوەی پەیوەندیی نێوان هەرێمی عەرەبیی عێراق و باشووری کوردستان لەسەر ئەساسی کۆنفیدرالی زۆر واقیعیترە و بە قازانجی گەلانی هەردوو هەرێمەکەیە.

له دوای روخاندنی دەسەڵاتی بەعسەوە سەرەتای بەرهەڵستکاریی بەشێکی خەڵکی عەرەبی عێراق بەرامبەر بە هاوپەیمانان دەستی پێکردووە. لەوانەیە ئەم بەرهەڵستکارییە گەمارۆ بدرێت و لاواز بکرێت، بەڵام دەبێت ئەو گریمانەیەش بەدوور نەگیرێت کە ئەم بەرهەڵستکارییە فراوانتر ببێت و تەنانەت شێوەی چەکدارانە وەربگرێت. بە ڕای من زۆربەی عەرەبەکانی عێراق، لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری ئایینی، مەزهەبی، نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی، رەنگە خۆیان لە سەنگەری بەرهەڵستکاریی هێزی ئەمریکا و هاوپەیماناندا ببیننەوە. ئەمریکا و هاوپەیمانانی، بە پێی پێوەری عەرەبی و ئیسلامی دژی عەرەب و ئیسلام و دۆستی ئیسرائیلن. بە پێی پێوەری نیشتمانیی عێراقییش، بۆ ئەوان داگیرکەرن و یادوەریی رۆژانی کۆلۆنیالیزمی بریتانی دێننەوە یاد. ئەمریکا و هاوپەیمانانی، بەلای زۆرینەی خەڵکی عەرەبەوە، هاتوون دەسەڵاتی سیاسی لە عەرەبی عێراق زەوت بکەن و بە پێی بەرژەوەندیی خۆیان جۆری حوکمڕانی و بەڕیوەبردنی ئیداری لە عێراقدا بڕیار بدەن. شەپۆلی دژایەتیکردنی ئەمریکا و رۆژئاوا لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا، کە ئیسلامییەکان، لیبرالەکان ناسیۆنالیستە عەلمانی و کۆمۆنیستەکانیشی راپێچی خۆی کردووە، دەرفەتێکی ئەوتۆ بۆ زۆرینەی عەرەبی عێراق ناهێڵێتەوە کە تاسەر هاریکاریی ئەمریکا و هاوپەیمانانی بکەن. بۆیە لە هەرێمی عەرەبی عێراقدا مەسەلەی دەرچوونی لەشکری هاوپەیمانان دەبێتە داخوازییەکی سیاسیی گرنگ و تەنانەت رەنگە شێوەی بزاڤێکی بەهێزی ئەنتی ئەمریکایی و رۆژئاوا وەربگرێت. ئەم بزاڤەیش دەشێت لە مانگرتن و خۆپێشاندانەوە تا کاری چەکداری/ تیرۆریستی

بگرێتەوە. بۆیە ئاسان نابێت بۆ هێزە عەرەبییە عێراقییەکان، بە وانەیشەوە کە بە کۆمەکی ئەمریکا توانیویانە جێگایەک لە نەخشەی سیاسیی عێراقدا بگرن، داوا بکەن هێزی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە عێراقدا بمێنێتەوە.

بەڵام لە کوردستاندا دۆخەکە تەواو جیاوازە. گەلی باشووری کوردستان لەم مەسەلەیەشدا لە گەلی عەرەبی عێراق جیا دەبێتەوە. کورد هیچ بەرژەوەندییەکی لە دژایەتی هێزی ئەمریکا و هاوپەیمانانیدا نییە. ئەوان لە عێراقدا دەسەڵات لە کورد زەوت ناکەن. ئەگەر کورد، لە مێژووی لکاندنییەوە بە عێراق، ئازادییەکی بووبێت ئەوا تەنیا لەم دە ساڵەی دواییدا و لە سایەی پارێزگاریی هێزی ئەمریکا و هاوپەیمانانەوە بووە. ئەو پێشوازییە گەرمەی خەڵکی کوردستان لە لەشکری ئەمریکای دەکەن، ئەو ئارامی و ئاسایشەی لە باشووری کوردستاندا بۆ سەربازەکانی ئەمریکا هەیە، لە هیچ شوێنێکی دیکەی عێراق و وڵاتانی ئیسلامیدا نمونەیان نییە. ئەمەیش پێشانی دەدات کە کورد ئەمریکا و هاوپەیمانانی وەک ڕزگارکەر نەک داگیرکەر سەیر دەکات. بە بۆچوونی من لە ئێستادا ئەمریکا و کورد لە عێراقدا (دەتوانم بڵێم کە لە کوردستاندا بەگشتی) کۆمەڵێک بەرژەوەندیی هاوبەشیان پێکەوە هەیە و پێویستییان بەیەکتری هەیە. ئەمریکا، ئەگەر بیەوێت، دەتوانێت کورد لە ستەمی نەتەوەیی و شەڕی دڕندانەی شۆڤێنیزمی عەرەبیی عێراق و هی تریش بپارێزێت. لەم حاڵەتەدا گەلی کوردستان ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە کوردستاندا بە پارێزەر و بە گەرەنتییەکی ئارامی و ئاشتیی خۆی دەزانێت. لە بەرامبەر ئەوەدا گەلی کوردستان دەتوانێت بەرژەوەندی و ئاسایشی

دوورمەودای ئەمریکا لە ناوچەکەدا بپارێزێت، ڕەوایی بە بوونی لە عێراقدا بدات و داوای مانەوەی بکات. لەبەر ئەوە پرس و ئامانجی سیاسیی کورد لەم مەسەلەیەدا لەگەڵ پرسی زۆرینەی خەڵکانی عەرەبی عێراقدا بە تەواوی لێک جیاوازن. بوونی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە عێراق و کوردستاندا زەمانەتێکی گەورەی پاراستنی کوردە لە ستەم و شەڕفرۆشیی عێراق و دەوڵەتانی ناوچەکە. بۆیە ئەگەر لایەنێکی سیاسیی کورد، لە کاتی ئێستادا، داوای دەچوونی هێزی هاوپەیمانان لە عێراق یان لە کوردستان بکات گەمە بە چارەنووسی کورد دەکات. ئاشکرایشە کە هیچ هێز و لایەنێکی کوردی مافی سیاسی، قانوونی و ئەخلاقیی نییە کە بە ناوی کوردەوە ئەم داوایە بکات.

ئیمڕۆ گەلی کورد لە مەترسی دەرەکی (دەوڵەتی عێراق و هێزە ئیقلیمییەکان) دەربازی بووە، کەچی هێشتا مەترسیی نێوخۆی هەڕەشەی لێ دەکات. بە ڕای من مەترسی جیددی بۆ سەر کورد و پرسی کورد،لە ئێستادا، لە نێوکورد خۆیدایە؛ کێشەی نێوان هێزەکان و نەبوونی ستراتیژێکی نەتەوەیی یەکگرتوو دەتوانن لە دوو ئاستدا کورد تووشی شکست و لەتبوون بکەن: ئاستی داواکاریی نەتەوەیی کورد و شێوەی چارەسەری کێشەی نێوان کورد و دەوڵەتی عێراق، ئاستی هەڵوێست وەرگرتن لە بەرامبەر مانەوە یان نەمانەوەی هێزی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە عێراق و کوردستاندا.

لە مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە تا ئێستا یەکەمین جارە کە هەموو ناوچەکانی باشووری کوردستان لە دەسەڵاتی دەوڵەتی داگیرکەری عێراق ئازاد کراون و کورد دەسەڵاتی بەسەر ئەو

ناوچانەدا دەڕوات. هەروا یەکەمین جارە لە بەغدا و عێراقدا شتێک نییە ناوی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی بێت. هەموو ئەو توانا و هێزە سیاسی، ئابووری، عەسکەری و پۆلیسیەی دەوڵەتی عێراق بەهۆیانەوە توانیبووی کورد سەرکوت بکات هەرەسیان هێناوە. ئیمڕۆ دەوڵەتی عێراق هەر بە ناو ماوە. ئەم دۆخە نوێیە بە هۆی تێکشکانی عێراق لە شەڕی هاوپەیماناندا هاتۆتە پێش. دیارە لایەنی سەرکەوتوو، تا ئەو جێیەی دەتوانێت، دەیەوێت مەرجەکانی خۆی بسەپێنێت و زۆرترین بەرهەمی سەرکەوتنەکەی بچنێتەوە.

گەلی باشووری کوردستان بەشێکی گرنگی ئەو هاوپەیمانییە بووە کە شەڕەکەی بردۆتەوە. ئەمە یەکەمین جارە کورد لەبەرەی سەرکەوتوواندا بێت. کورد، وەک هەر لایەنێکی ئەم بەرەیە، هەقی خۆیەتی دەستکەوتی سیاسیی خۆی لەم شەڕەدا هەبێت، بێ ئەوەی ئەم دەستکەوتە لەسەر حیسابی خاک و مافی گەلی عەرەبی عێراق بێت. ئەم دەستکەوتەیش دەبێت، پێش هەر شتێک، لە شێوەی چارەسەری سیاسیی پرسی گەلی باشووری کوردستاندا بەرجەستە ببێت. گەلی باشووری کوردستان ئازادانە لە هەموو ناوچەکانی خۆیدا، لە پێش هەموویانەوە شاری کەرکووک، حوکمڕانی خۆی بکات و ئازادانە، بە پێی بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆی، چارەنووسی سیاسیی خۆی، بە مانەوە یان جیابوونەوە لە عێراق، بڕیار بدات. بۆیە گرنگە هێزە سیاسییەکانی کوردستان خۆیان دەستپێشخەر بن، تێز و پرۆگرامی یەکگرتووانە دەربارەی چارەسەری کێشەی نێوان کوردستان و عێراق بخەنە ڕوو. دۆخی ئێستا سەد لە سەد لە دۆخی پێش شەڕ و سەردەمی دەوڵەتی بەعس جیاوازە. ئێستا کورد تەنیا لە هەڕەشە و مەترسیی

دەوڵەتی بەعس ڕزگاری نەبووە بەڵکو، تا ڕادەیەکی زۆر هەڕەشە و مەترسیی دەوڵەتە ئیقلیمییەکانیشی لەسەر کەم بۆتەوە. بۆیە ناکرێت داخوازی و ئامانجی کورد لە کاتی ئێستادا هەمان داخوازی و ئامانجی پێش شەڕ بن. خۆبەستنەوە بە فیدرالییەتێک، کە ناوەرۆکە نەتەوەییەکەی و سنووری دەسەڵاتە سیاسییەکەی روون نییە، ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم دۆخە سیاسییە نوێیەی ئێستا نە بە جۆرێکی سیاسییانە لەبەرچاو دەگیرێت، نە هەوڵ دەدرێت بەشداربوونی کورد لە شەڕی هاوپەیماناندا دژی عێراق بۆ دەستخستنی دەستکەوتی نوێی سیاسی و نەتەوەیی بەکار بهێندرێت. ئەو دەستکەوتە نەتەوەییەی ئیمڕۆ کورد دەتوانێت داوای بکات و بە توانای خۆی و تەنسیق لەگەڵ هاوپەیمانان بەدەستی بێنێت سبەینێ، بەلای زۆرەوە، ناتوانێت نیوەی ئەو دەستکەوتە بە وتوویژ لەگەڵ دەوڵەتی داهاتووی عێراق بەدەست بهێنێت.

شەڕی نێوان هاوپەیمانان و عێراق گەلی کوردی کردە ئەکتەرێکی سیاسیی ناوچەیی. لە هەمان کاتدا پرسی کوردی، لە باشووری کوردستاندا، لە مەسەلەیەکی نێوخۆی عێراقەوە گۆڕی بۆ مەسەلەیەکی جیهانی. عێراق خۆی لە لایەن لەشکری هاوپەیمانانەوە دەستی بەسەردا گیراوە. لەرووی عەسکەری و سیاسییەوە هێزی هاوپەیمانان (بە تایبەتی ئەمریکا) کۆنترۆڵی دەکەن و بەلای زۆرەوە چەندان ساڵی دی بەم جۆرە دەمێنێتەوە. ئەمریکا و هاوپەیمانانی (تا رادەیەکیش کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان) راستەوخۆ بەشداری چارەسەری گرفتەکانی کۆمەڵی عێراق دەکەن و رەوشی سیاسیی وڵاتەکە دیاری دەکەن. ئەمەیش لە لایەکەوە کورد لە ستەم و

شەڕفرۆشتنی دەوڵەتی داهاتووی عێراق دەپارێزێت، لە لایەکی دیکەوە چارەنووسی سیاسیی کورد و کێشەی کورد لە عێراقدا لە دەست دەوڵەتی عەرەبیی عێراق دەردەهێنێت، کۆمەڵە ئەکتەرێکی دەرەکی و جیهانی تێکەڵ بە کێشەکە و شێوەی چارەسەرکردنی دەکات. لەم دۆخەدا دەکرێت چارەسەری پرسی کورد بە گەرەنتییەکی جیهانی پشتئەستوور بێت. ئەگەر کورد بە شێوەی چارەسەری کێشەکەی لەگەڵ عێراقدا رازی نەبێت، دەتوانێت داوا لە هاوپەیمانان، یان نەتەوەیەکگرتووەکان بکات کە ڕاپرسی لە کوردستاندا بکەن، تا گەلی باشووری کوردستان، وەک هەر گەلێکی دیکەی دنیا، دەرفەتی پێ بدرێت کە ئازادانە دوارۆژ و چارەنووسی سیاسیی خۆی بڕیار بدات.

تا ئێستا هەوڵ دراوە پرسی کورد و کێشەی نێوان کورد و دەوڵەتی عێراق بەپێی پارسەنگ (بەلانس)ی هێز چارەسەر بکرێن. لەبەر ئەوەی هیچ جۆرە هاوتاییەک لە نێوان هەردوو لایەندا نەبووە، کێشەکە ئاڵۆزتر و خوێناویتر بووە. هەموو ئەو رێگاچارەسەرانەی چ لە لایەن دەوڵەتی عێراق و هێزە سیاسییە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراقەوە، یان لە لایەن نوێنەرانی سیاسیی کوردەوە پێشنیار کراون، لە نێوەرۆکدا بە پەیوەندی لەگەڵ پارسەنگی هێز و دەسەلاتدا بوون، نەک بە پەیوەندی لەگەڵ هەق و دادپەروەری و مافی یەکسانبوون. لایەنی عێراقی، لە دەوڵەتەوە بۆ قوربانییانی دەوڵەت، خۆی لە کورد بە بەهێزتر زانیوە، هەموو ولاتانی عەرەبی و ئیسلامی و زۆرینەی ولاتانی دیکەی دنیای لە پشت بووە. لەبەر ئەوەی هەق لە عەقڵییەتی ئەواندا لە هێزەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەوا مافی کورد لەو سنوورەدا دیاری کراوە کە ئەوان ویستوویانە، نەک ئەوەی کە کورد خۆی

دەیخوازێت. لە بەرامبەر ئەوەدا لایەنی کوردی لایەنی لاوازی کێشەکە بووە. هیچ دەوڵەتێکی ناوچەیی و جیهان داکۆکی لێ نەکردووە و لە ژێر فشاری دەوڵەتانی ئیقلیمیدا بووە. ناچار تا ئەو ڕادەیە داخوازیی نەتەوەیی هەبووە کە لەخۆی ڕادیوە داوای بکات. بۆیە هەموو ئەو دیسکۆرس (خیتاب)ە سیاسییانەی، بە درێژایی دەیان ساڵ و تا ئێستا، بۆ چارەسەری پرسی کورد خراونەتە ڕوو ناتەواو و تەماوی بوون، لە ناوەرۆکیشدا خۆدزینەوە و هەڵاتن بوون لە چارەسەرێکی عادیلانە و هەمیشەیی کێشەی نێوان گەلی باشووری کوردستان و دەوڵەتی عێراق.

ئەم حاڵەتە لە ماوەی دەیان ساڵدا، کولتوورێکی سیاسی و فەزایەکی سایکۆلۆگیی دروست کردووە کە لە ناوەرۆکدا لە هێز و دەسەڵاتەوە سەرچاوەیان گرتووە. مەترسی ئەم کولتوورە سیاسییە، واتا کولتووری زۆرایەتیی زاڵ و دەسەڵات، لەوەدایە کە بەیەک ئەندازە لای نەتەوەی سەردەست و لای نەتەوەی ژێردەست کار دەکات. لایەنە عەرەبییەکان، تەنانەت لەوپەڕی لاوازییاندا، هێشتا بە مافی خۆیانی دەزانن کە سنووری ماف و ئازادیی نەتەوەیی کورد دیاری بکەن. بەشێک یان هەموو خاکی کوردستان بە موڵکی خۆیان بزانن. لەمەیش ترسناکتر ئەوەیە کە لایەنی کوردی، تەنانەت لە ترۆپکی سەرکەوتنیدا، کە دەوڵەتێک بە ناوی عێراقەوە نەماوە، هێشتا چارەنووسی خۆی لە چاوەڕوانیی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی داهاتووی عێراقدا ڕاگرتووە. ناتوانێت، وەک نوێنەری نەتەوەیەکی ژێردەستکراو، چارەسەرێکی نوێ، کە پشت بە یەکسانیی نەتەوەیی و پرینسیپی مافی ئازادیی گەلان لە بڕیاردانی چارەنووسیان ببەستێت، پێشنیار بکات.

ئێستا پێوانەی پارسەنگی هێز لە واقیعدا هەرەسی هێناوە و دۆخێکی نوێی سیاسی خولقاوە کە خوێندنەوەی سیاسی نوێ و هەڵوێستی سیاسیی نوێ دەخوازێت. عێراق ئیمڕۆ گەڕاوەتەوە بۆ سەردەمی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، بەڵام نابێت لەگەڵ خۆیدا کورد و پرسی کورد بۆ هەمان سەردەم بگێڕێتەوە. ئیمڕۆ عێراق وەک دەوڵەت نە چەکی کیمیایی، نە چەکی ئابووری و دیپلۆماسیی بەدەستەوە ماوە. لە هەمان کاتدا هێزی هاوپەیمانان، نەک دەوڵەتی ناسیۆنالی عەرەبی عێراق، لە مەسەلە سیاسییە گرنگەکانیدا، لەوانە داهاتووی پرسی کورد، بڕیاردەرن. هێزی هاوپەیمانان چارەنووسی عێراق دیاری دەکەن، دوژمنانی گەلی کورد، دەوڵەتانی عەرەبی و ناوچەکە، ناتوانن وەک جاران فشاری سیاسی، ئابووری و عەسکەری بۆ سەر باشووری کوردستان بهێنن. لە بەرامبەر ئەوەدا کورد خاوەنی شێوە دەسەڵاتێکی سیاسیی خۆیەتی و بەشێکە لە بەرەی سەرکەوتووانی شەڕ. کورد دۆستی زۆری لە جیهاندا بۆ پەیدا بووە و پرسی کوردیش رەوتێکی جیهانی گرتووە. بۆیە پێویستە پێوانەی هێز لە فیکری سیاسی و سایکۆلۆگیی لایەنە عێراقییەکان و،لە فیکری سیاسی و سایکۆلۆگیی لایەنە کوردییەکاندا، هەرەس بهێنێت. ئێستا ناتواندرێت و قبووڵیش ناکرێت کە مافی کورد بە پێی لۆگیکی هێز و یاسای جەنگەڵ دیاری بکرێت. ئەم دۆخە سیاسییە نوێیەی لە عێراق و باشووری کوردستاندا دروست بووە، دەرفەتێکی نوێ و دەگمەنی ڕەخساندووە تا پرسی کورد وەک گرفتێکی مێژوویی و وەک پرسی گەل و وڵاتێک، کە بە دوور لە ویست و خواستی خۆی بە عێراقەوە لکێندراوە، بخرێتە ڕوو. بە جۆرێکی عادیلانە و بە پێی پرینسیپی مافی گەلان لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆیان، چارەسەر بکرێت.

گەلی کورد ستەمێکی نەتەوەیی هەشتا ساڵەی لێکراوە. توشی جێنۆساید و کیمابارانکردن بووە. مافی خۆیەتی، وەک هەر گەلێکی دیکەی ستەملێکراو، ڕێگای پێ بدرێت کە بێتە دەنگ و ئازادانە قسەی خۆی بکات، ئازادانە بڕیار بدات کە چ شێوە ژیانێک و کام ڕێگای چارەسەر و کام گەرەنتی بە باش دەزانێت تا لە داهاتوودا تووشی ستەمی نەتەوەیی و جینۆساید نەبێتەوە. لە ڕاپرسییەکی گشتیدا (ڕیفراندۆم) چارەنووسی سیاسی و نەتەوەیی خۆی بڕیار بدات؛ ئایا ئەم گەلە دوای ئەنفال و جینۆسایدکرانی، لە لایەن دەوڵەتی عەرەبیی عێراقەوە، ئامادەیە و دەتوانێت لەگەڵ ئەو وڵاتەدا بمێنێتەوە، یان نا؟ من لەو باوەڕەدام کە ئەگەر کورد پێ لەسەر ئەم داخوازییەی دابگرێت نە ئەمریکا و هاوپەیمانانی، نە وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا پێشی پێ دەگرن.

بەڵام ئەگەر کورد، لەبەر فشاری دەرەکی، یان بە هۆی سیاسەتی هێزە سیاسییەکانییەوە ناچار بکرێت تا سەردەمێکی دیکە لەناو چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە، نابێت ئەم مانەوەیە بە مانای زەوتکردنی مافی ڕاپرسی بێت لە خەڵکی کوردستان. لە هەمان کاتدا نابێت باشووری کوردستان، کە دوانزە ساڵە بە جیا لە عێراق، ڕەوشی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی خۆی دەبڕێت، تێکەڵی عێراق بکرێتەوە.

پەیوەندیی نێوان کوردستان و هەرێمی عەرەبی عێراق دەبێت بەپێی ڕێکەوتننامە و کۆنتراکتێکی سیاسیی نێوان نوێنەرانی هەردوولا بێت، کە بە هۆیەوە دەسەڵات و سامان و داهاتی عێراق یەکسانانە لە نێوان

هەردوو هەرێمی عێراقدا دابەش بکرێن.لە هەمان کاتدا ئەگەر لایەنی عەرەبی عێراقی، ڕۆژێک لە ڕۆژان، ئەم رێکەوتننامەیەی پێشێل کرد دەبێت ئەو کاتە کورد مافی هەبێت لە عێراق جیا ببێتەوە. هەروا پێویستە ئەمریکا و هاوپەیمانانی، یان نەتەوە یەکگرتووەکان، سەرپەرشی و چاودێری ڕێکەوتننامەکە بکەن. ئەزموونی لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقی عەرەبییەوە دەبێت لە بیر نەکرێت. دەوڵەتی عێراق کاتی خۆی کۆمەڵێک بەڵێنی سەبارەت بە رێزگرتنی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە عێراقدا، بە کۆمەڵی نەتەوەکان دا، بەڵام بە درێژایی مێژووی دەوڵەتی عێراق، هیچ حکومەت و دەوڵەتێکی عێراق بەڵێنەکانیان جێ بەجێ نەکرد. کورد بەپێی ئەزموونی هەشتا ساڵەی خۆی لەگەڵ دەوڵەت و حکومەتە جۆراوجۆرەکانی عێراق و، لە ئەنجامی شەڕی جینۆساید و وێرانکردنی کوردستاندا مافی خۆیەتی بڕوا و متمانەی بە دەوڵەت و هێزەسیاسییەکانی عێراق و خەڵکی عێراق نەبێت.

عێراقێکی نوێ و دیموکرات ئەگەر بە ڕەسمی مافی خۆبڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەیی بۆ کورد نەناسێت، ئەگەر نەتوانێت یەکسانبوونی نەتەوەیی لە نێوان هەردوو گەلی عەرەب و گەلی باشووری کوردستاندا، بە مافی سەربەخۆیی سیاسییشەوە، دەستەبەر بکات ئەوا مانایەکی نابێت و گریمانەی بەرهەمهێنانەوەی کولتووری ستەم و شەڕ و ڕەگەزپەرستی هەر دەمێنێت.

ئایار (مای) 2003

# II

# کولتووری داگیرکردن و قەیرانی پێناسە

## وتەیەک

لە دوای ڕوخاندنی دەوڵەتی بەعس، عێراق لە ڕێگای گۆڕە بەکۆمەڵەکانییەوە، تەنیا هەقیقەتی دەوڵەتێکی دڕندەی بۆ دنیا ئاشکرا نەکرد، بەڵکو ناوەرۆک و پێناسەی دەوڵەتی عێراق و کولتوورە سیاسی و ئاستی شارستانیی کۆمەڵەکەی بە ڕوونترین شێوە خستە ڕوو. سەرهەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان دەکرێت،

لە هەمان کاتدا، سەرهەڵدانەوەی کولتووری داگیرکرن و قەیرانەکانی پێناسە بن. سەرهەڵدانەوەی مێژووی ئیستیبدایی هەشتا ساڵەی دەوڵەتی عێراق و ئەو کۆمەڵە هەمەجییە بێت کە دەتوانن دیاردەی وەک بەعس و دەوڵەتەکەی بهێننە بەرهەم و قبووڵی بکەن. سەرهەڵدانەوەی ئەو فیکر و ئایدیۆلۆگییە قەومییە ڕەگەزپەرستی و مەزهەبییە و ئەو ویژدان و ئەخلاقە بێت کە تا ئێستایش داکۆکی لە بەعس و حاشا لە کۆمەڵکوژییەکەی دەکەن و لە ئاستی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی خەلکی کورد و شیعەدا بێدەنگن.

قەیرانی عێراق، پێش هەر شتێک، قەیرانی کولتووری داگیرکردن و ئەو پێناسەیە کە لە کولتوورەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە؛ قەیرانی دەوڵەتێکە کە بە زەبری ستەم و ماشێنی دەوڵەت و هێزی ناسیۆنالیزمی عەرەبی (عەرەبیزم) و بە هۆی سڕینەوەی پێناسەی کورد و خاکەکەیەوە، پێناسەی عەرەبیی بەسەر عێراقدا سەپاندووە. لەمەیش زیاتر خۆی و "وڵاتەکەی" بە پێشەنگی عەرەب و هەڵگری پەیامە "خالید"ەکەی و پارێزەری دەروازەی ڕۆژهەڵاتیی گوایا وڵاتی عەرەبی ناساندووە. بە پێی ئەم قەناعەتەیش کاری لەسەر واقیع و کۆمەڵ کردووە تا ڕەنگی پێناسە و ئایدیۆلۆگیی خۆیان پێ بدات، یان بە جۆێک بچوکیان بکاتەوە کە هێندەی ئایدیۆلۆگییەکی توندڕەوی ڕەگەزپەرستانەیان لێ بکرێت.

بەڵام لەودیو خوڕافەی عەرەبیزمەوە هەقیقەتێکی دی هەبووە، لەو دیو خەیاڵی داتاشینی پێناسەیەکی ساختەوە واقیعێکی دی هەبووە: عێراق بەلای زۆرەوە لەسەدا سیوپێنجی عەرەب نییە.

ئەوەی عەرەبیشە لەسەدا هەشتای شیعەیە. ناسیۆنالیزمی عەرەبی (عەرەبیزم) نەک هەر لە عێراقدا بەڵکو لە تەواوی وڵاتانی گوایا عەرەبیدا، ناوەرۆکێکی سوننەمەزهەبیی دژ بە شیعەی هەیە و، گومان لە عەرەبایەتیی خەڵکی شیعە دەکات. بۆیە شیعەکان بەشێک نین لە پڕۆژەی ناسیۆنالیستی و ئیسلامی سیاسی، کە سوننەمەزهەبە. بە لای ئەوانەوە شیعەکان، دەتوانن وەک کورد، پێناسەی عێراق و پەیامەکەی بخەنە ژێر پرسیارە و وەک خورافەیەکی ئایدیۆلۆگی بیهێڵنەوە. بۆیە عێراق ڕەنگە تاکە دەوڵەتێکی دنیا بووبێت کە لە جیاتی ئەوەی هێزی ئەساسیی خۆی لە تەبایی نەتەوەیی نێوخۆ و لە هاریکاری و هەستی هاوچارەنووسیی هاووڵاتییانی خۆیەوە وەربگرێت، کەچی هێز و کۆمەکی لە هاوڕەگەزەکانی، کە هاووڵاتی دەوڵەتانی دیکەی عەرەبین، وەردەگرت. لە کاتێکدا زیاتر لە چوار ملیۆن "عێراقی" لەبەر ستەمی دەوڵەتی عێراق لە ئاوارەییدا دەژیان، لە کاتێکدا بە سەدان هەزار لە زیندان و گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا ون دەکران، کەچی بە ملیۆنان عەرەب لە وڵاتانی عەرەب و ئەورووپادا، هەر لە کاتی شەڕی عێراق و ئێرانەوە تا روخانی بەعس، بۆ کۆمەکی دەوڵەتی بەعس و قارەمانە نەتەوەییەکەیان، سەدام، وەک مێگەل دەڕژانە سەر شەقامەکان. هەموو دەوڵەتە عەرەبییەکان لە تاوان و کوشتارەکانی بێدەنگ بوون. تا ئێستایش، جگە لە کوێت، هیچ دەوڵەتێکی عەرەبی، هیچ حیزبێکی عەرەبی چەپ یان ئیسلامی و ڕاست، هیچ کام لە دەیان رێکخراوە هەرێمییەکانی عەرەبی (جگە لە قسەیەکی شەرمنانەی رێکخراوی مافی مرۆڤی عەرەبی) دەوڵەتی بەعس و تاوانی گۆڕە بەکۆمەڵەکانیان مەحکوم نەکردووە. شایانی

باسە کە زیاتر لە نیوەی قوربانییەکانی ئەم گۆڕە بەکۆمەڵانە عەرەبن، بەڵام لەبەر ئەوەی شیعەن، دەوڵەتانی عەرەبی-ئیسلامی و هێز و ڕێکخراوە عەرەبییەکان بە زۆری دەزانن ئەم کوشتارە مەحکوم بکەن. ئەم برا عەرەبە مسوڵمانانەیان، کە سەدان هەزاریان لە گۆڕی بەکۆمەڵدا و بێ شوشتن و کفنکردن، نێژراون تەنانەت هێندەی چەند مسوڵمانێکی چیچنی یان بۆسنیایی شایەنی ئەوە نین لەسەریان بەدەنگ بێن. بۆیە ئێمەی کورد نابێت لە کەسان و لایەنێک چاوەڕێی هاریکاری بین، کە ڕەگەزپەرستی و فاناتیزمی مەزهەبی پرینسیپی مرۆڤدۆستی و ویژدان و عەدالەتی لەلا کوشتوون.
ئایا ئەوەی سەدام و بەعس لە عێراقدا، بە ناوی وەحدەی عەرەب و پاراستنی دەروازەی رۆژهەلاتی گوایا وڵاتی عەرەبییەوە دەیان کرد، لەجیاتی هەمووان بوو؟

ئەگەر قەیرانی عێراق لە قەیرانی پێناسەوە سەرچاوەی گرتبێت، ئەوا دەبێت، پێش ئەوەی قسە لە عێراقیبوونی کورد و وڵاتەکەی و بەدیموکراتیکردنی عێراق بکرێت، قەیرانی پێناسەی عێراق چارەسەر بکرێت: یان بە جیابوونەوەی گەلی باشووری کوردستان، یاخود گۆڕینی ناسنامە و ناوەرۆکی عەرەبیی عێراق بۆ ناسنامەیەکی عێراقی-کوردستانی. واتا گۆڕینی پەیوەندی نێوان عێراق و باشووری کوردستان، لە داگیرکردنەوە بۆ پەیوەنییەکی ئارەزوومەندانە.

1

ئێستا مەسەلەی عێراقیبوونی کورد و بەعێراقیکردنەوەی پرسی کورد، بە جۆرێکی سەرنجڕاکێش لە زمانی هەندێک سیاسەتمەندانی کورد و لە مێدیای کوردیدا، باس دەکرێن. لە هەمان کاتدا چارەنووسی سیاسیی کورد، لەناو چوارچێوەی عێراقدا بە گریمانەی دیموکراتیزەکردنی عێراقەوە، وەک تاکە دەرەتانێک، بەند دەکرێت بێ ئەوەی لەپاڵ ئەم باسکردنەدا قسەیەکی جیدی لە بارەی قەیرانی پێناسەی عێراق و نێوەرۆکی دەوڵەتی داهاتووی عێراق بکرێت. هەندێک جار تەنانەت بەجۆرێکی هێندە سەیر پێ لەسەر عێراقیبوونی کورد دادەگیرێت وەک ئەوەی کورد گەلێک بێت، لە دوای ڕووخاندنی دەوڵەتی بەعسەوە، لە مەریخەوە یان لە دارستانێکی تازە دۆزراوەڕا هاتبێت و بیەوێت بیسەلمێنێت کە ئەویش عێراقییە و بەشێکە لە عێراق و گەلی عێراق، کەچی تا ئێستا دەوڵەتەکەی سەدام لەم شانازییە بێ بەشی کردووە!
تراژێدیای کوردی باشووری کوردستان لەوەدا نییە کە بە عێراقی دانەندراوە تا بە هۆی ئەم ئیسرارەوە عێراقیبوونی خۆی جاڕ بدات بەڵکو لەم ڕێگایەوە لە بەهەشتی عێراقدا جێگای بکرێتەوە. تراگێدیی کورد، پێش هەر شتێک، لەوەدایە کە هەشتا ساڵە "عێراقییە" یان دروستتر بڵێم بە عێراقی کراوە، بێ ئەوەی توانیبێتی هیچ مەرجێکی بۆ بەعێراقیکرانەکەی هەبێت. چونکو بەبێ خواستی خۆی و بە زەبری کۆلۆنیالیزم و داگیرکردن و تیرۆر و ئەنفال و ئایدیۆلۆگیی ناسیۆنالیزمی عەرەبی (عەرەبیزم) خۆی و خاکەکەی کراون بە عێراقی و لەم ڕێگایەشەوە کراون بە بەشێک لە دنیای عەرەبی، وەک دواتر باسی دەکەم.

پێدەچێت ئێمە هێشتا نەزانین چۆن باسی خۆمان و گرفتەکانمان بکەین، یان ڕەنگە نەزانین ئەسڵەن باسی چی دەکەین. چونکو هێشتا لەسەر ئەوە ساخ نەبووینەتەوە کە ئێمە کێین و چیمان دەوێت! هێشتا دیسکۆرس (خیتابێک)ێکی سیاسی- نەتەوەییمان لەبارەی کێشەی هەشتا ساڵەی نێوان عێراق و باشووری کوردستان نییە.

دیارە ئەم هەموو نووسین و قسانەی لەم بارەیەوە مێدیای کوردی و سیاسەتمەدارانی کورد دەیانهێننە بەرهەم رەنگدانەوەی دیسکۆرس (خیتاب)ی سیاسی، یان ڕاستتر بڵێم ڕەنگدانەوە ئایدیۆلۆگیی سیاسیی بزاڤی نەتەوەیی باشووری کوردستانە، کە لە کەناڵی یەکێتی و پارتییەوە خۆی دەردەبڕێت. ئەم ئایدیۆلۆگییە، وەک هەر ئایدیۆلۆگییەکی دیکەی سیاسی، دەتوانێت چاو لە کۆمەڵێک ڕاستیی مێژوویی بپۆشێت و واقیع و دیاردەکان بە جۆرێک وێنا بکات کە لەگەڵ ڕێباز و ئامانجێکی دیاریکراوی سیاسییدا بگونجێن، نەک بەو شێوەیەی کە هەن. بۆیە خەون و واقیع، وەهم و ڕاستی تێکەڵاوی یەکتری دەکرێن تا جیهانێک پێشان بدرێت کە پڕاوپڕی پرۆژەیەکی سیاسی بێت.

ئاشکرایە دیسکۆرسی عێراقیبوونی کورد و بەعێراقیکردنەوەی پرسی کورد لەسەر حیسابی کپکردنی دیسکۆرسێکی دیکەیە، واتا دیسکۆرسی سەربەخۆبوون و کوردستانیبوون. کەڕی ڕەچاوکردنی پرینسیپی دیموکراتی ئەوە دەخوازێت کە لە مێدیای کوردیدا بە هەمان ئەندازە دەرفەتی ئاخافتن بەوانەیش بدرێت کە باوەڕیان بە سەربەخۆبوون و جیابوونەوەی باشووری کوردستان لە عێراق هەیە. چونکو بیری سەربەخۆخوازی و کوردستانیبوون، ئەگەرچی

هێشتا ئۆرگانی سیاسی و دەزگا و مێدیای تایبەت بەخۆی نییە، بەڵام ڕیشەیەکی قووڵی لەناو کۆمەڵی کوردستاندا هەیە. خەڵکێکی زۆر، هەم لە ناو هەردوو هێزە سەرەکییەکەی باشووری کوردستاندا، یەکێتی و پارتی، هەم لە دەرووەی ئەواندا، باوەڕیان پێی هەیە.

ڕەنگە سەرنجڕاکێشترین لایەنی دیسکۆرسی بەعێراقیکردنەوەی کورد و پرسی کورد ئەوە بێت کە بە هەمان ناوەرۆک و عەقڵییەتی پێش ڕوخاندن و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عێراق و دەزگاکانی باس لە عێراقیبوونی کورد و پرسی کورد "لە عێراقدا" دەکات. ئەو دۆخە سیاسییە نوێیە بە تەواوی لەبەرچاو ناگرێت کە بە هۆی شەڕی هاوپەیمانان و ئەنجامەکانییەوە لە عێراقدا هاتۆتە ئاراوە. تا ئێستا عێراق، وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ و دەسەڵاتێکی ناوەندی، بە سەنتەر و کوردستان بە بەش و پاشکۆ دادەنێت. بەم مانایە پرسی کورد و تەنانەت داهاتووری کوردیش وەک بەشێک لە پرسی عێراق و داهاتووی "گەلی عێراق" وێنا دەکات. لەم واقیعە کۆنەوە، کە بەرهەمی داگیرکردن و واقیعی پێش روخاندنی دەوڵەتی بەعسە، بۆ پرسی کورد و پەیوەندیی نێوان عێراق و کوردستان دەڕوانێت. ناونانی ئەم دیسکۆرسە سیاسییە، یان ئەم بیر و ئایدیۆلۆگییە سیاسییە بە (عێراقچی) نابێت وەک تومەت و ناتۆرە وەربگیرێت، چونکو ئەم جۆرە بیر و ئایدیۆلۆگییە ناتوانێت، لە دەرەوەی عێراق، هیچ جۆرە ئاسۆیەک بۆ کورد ببینێت، بۆیە لە کاتێکدا ناتوانێت تەسەوری سەربەخۆیی کوردستان و جیابوونەوەی لە عێراق بکات، ناشتوانێت لەبەر

ڕۆشنایی دۆخی سیاسیی نوێدا، سەرەتایەکی گرنگ و جیدی بۆ شێوەی پەیوەندیی یەکسانانەی نێوان کوردستان و عێراق، بۆ چارەسەری پرسی کورد پێشنیار بکات. ئەم بیر و ئایدیۆلۆگییە دوای ڕوخاندنی دەوڵەتی داگیرکەری عێراق و هەڵوەشاندنەوەی تەواوی دەزگاکانی، واتا دوای نەمانی هۆکاری دەرکەوتنی، هێشتا درێژە بەخۆی دەدات. دەکرێت ئەمە نمونەیەکی پەیوەندیی دیالێکتیکیی نێوان بیر و واقیع پێشان بدات.

هەر بیرێک چەند بەرهەمی واقیع بێت مەرج نییە لەگەڵ نەمانی واقیعەکە ئەویش کۆتایی بێت. لێرەوە قسەکردن لەسەر عێراقچێتی دەبێتە مەسەلەیەکی گرنگ. قسەکردنەکەیش تەنیا لەبەر ئەوە نییە کە ئایا گەلی باشووری کوردستان،لە کاتی ئێستادا و تا سەردەمێکی دی، لە گەڵ هەرێمی عەرەبیی عێراقدا بمێنێتەوە، یان نا. ئەگەر مەسەلەکە لەم سنوورەدا بووایە دەکرا باس و لێدوان لە بارەی سوود و زیانەکانی هەر کام لەم دەرەتانانە بکرایە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە بیری عێراقچێتی،لە کاتێکدا بە ئیسرارەوە گەلی کورد دەکاتە بەشێک لە گوایا گەلی عێراق و خاکەکەی دەکاتە بەشێک لە خاکی عێراق، کەچی ڕوونی ناکاتەوە کە چۆن و بە کام شێوە و بە چ مەرجێکی نەتەوەیی، کورد و خاکەکەی دەتوانن عێراقی بن!

پێکەوەژیانی کورد و عەرەب لەناو قەوارەی دەوڵەتێکدا گرنگە لەم ڕاسییەوە دەست پێ بکات کە عێراقی جاران مردووە و دەبێت بنێژرێت. عێراق چی دی دەوڵەت و قەوارەیەکی سەربەخۆ نییە کە بتوانێت درێژە بە داگیرکردنی کوردستان بدات، بەڵکو وڵاتێکە لە

ئەنجامی شەڕفرۆشیی دەوڵەتەکەی و دۆڕانی لە شەڕدا، هێزێکی گەورەی ئەمریکا و هاوپەیمانان دەستیان بەسەردا گرتووە، ئەوان ڕەوشە سیاسی و چارەنووسەکەی بڕیار دەدەن. کەواتا ئێستا قسە لە قەوارەیەکی سیاسییە کە دەبێت سەرلەنوێ، بە ناوەرۆکێکی نوێ و لەسەر ئەساسێکی نوێ دابمەزرێندێتەوە. بەم مانایە هەموو شتێکی عێراقی جاران، هەر لەناو و پێناسەکەیەوە بۆ ناوەرۆک و ئاڵا و دەزگا و دامەزراوەکانی هەموویان قابیلی دەستلێدان و گۆڕینن، پێویستیشە بگۆڕدرێن. بەشداربوونی کورد لە دروستکردنەوە و دامەزراندنەوەی ئەم قەوارەیەدا، دەبێت بە ئامانجی ئەم گۆڕانکارییانە بێت. بۆیە پێداگرتن لەسەر عێراقیبوونی کورد، پێش دیاریکردنی ناوەرۆکی دەوڵەتی عێراق هەڵەیە، چونکو مەودایەکی موتڵەق بە عێراقیبوونی کورد دەدات، وەک ئەوەی کورد لە عێراقدا میوان و پەنابەر بێت، لە ناچاریدا بە هەر شێوە و نرخێک بێت، عێراق بە "وڵات"ی ئەبەدیی خۆی بزانێت و نەیەوێت بەجێی بهێڵێت. بیری عێراقچییەتی، لە زۆر ڕووەوە، دەتوانێت ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئەم مانایە بدات.

ئاشکرایە شێوەی چارەسەری پرسی کورد و پەیوەندیی نێوان کوردستان و عێراقی داهاتوو و چارەنووسی گەلی باشووری کوردستانی پێوە بەستراوە. بۆیە ناکرێت هیچ هێز و لایەنێک ئەو مافە بە خۆی بدات کە لە جیاتی هەموو خەڵکی کوردستان بڕیار بدات. پێویستە ئەم مەسەلەیە، دوای لێدوان و گفتوگۆی بەربڵاو و ئازادانە، لە ڕێگای ڕاپرسی (ڕێفراندۆم)ەوە چارەسەر بکرێت.

2

مەسەلەی عێراقیبوونی کورد بەرهەمی داگیرکردنی کوردستان و لکاندییەتی بە عێراقەوە. ئەم مەسەلەیە وەک چۆن مێژووی خۆی هەیە، بنەمای فیکری، ئایدیۆلۆگی و سایکۆلۆگیی خۆیشی هەیە.

بڵاوبوونەوەی بیری عێراقیبوون لەگەڵ لاوازبوون و تێکشکانی بیری سەربەخۆخوازی و کوردستانیدا هاوکاتە. لە دوای ڕوخاندنی حوکمڕانی شێخ مەحموود، خەونی دروستکردنی وڵات، کوردستان، کاڵ بۆوە و پرۆژەی بەعێراقیکردنی پرسی کورد بووە هەقیقەتێکی سەپێندراو. ناسیۆنالیستان و رووناکبیرانی ئەو کاتەی کورد بە هێوای بەدەستهێنانی هەندێک دەستکەوتی نەتەوەیی و تەئسیردانان لەسەر ڕەوشی دەوڵەتی عێراق، کە ئەو کاتە لە ژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی بریتانیادا بوو، تێکەڵی ئەم پڕۆژەیە بوون. دوای تێکشکانی ڕاپەڕینی ئەیلوولی 1930 و شکستی حیزبی هیوا و کۆمەڵەی ژێ کاف، لە سەرەتای چلەکاندا، بیری سەربەخۆیی لە بەرامبەر بیری عێراقیبووندا، پێناسەی کوردستانیبوون لە بەرامبەر پێناسەی عێراقیبووندا پاشەکشەیان کرد. هەوڵدان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ دۆخی نوێ، واتا قەوارەی عێراق و چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ناو چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، کرا بە ڕێبازی سیاسیی بزاڤی نەتەوەیی باشووری کوردستان. ئەم گۆڕانکارییە تەنیا گۆڕانکارییەک نەبوو لە فیکری سیاسیی کوردیدا، بەڵکو وەرچەرخانێکیش بوو لە مەسەلەی پێناسەدا؛ تێکشکانی پێناسەی کوردستانیبوون لە بەرامبەر پێناسەی عێراقیبووندا.

له ساڵی 1961 دا ڕاپەڕینی چەکداریی کورد بە دروشمی (کوردستان یان نەمان) دەستی پێ کرد. لێرەدا مەسەلەی پێناسە، کە کوردستانییە، لە بەرامبەر پێناسەی عێراقیدا، خۆی دەردەخاتەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم دروشمە، کە ئاواتی کورد دەردەبڕێت، بنەمای بەهێزی فیکری و ئایدیۆلۆگیی نەبوو، ئەوا وەک زۆر دروشمی دیکەی سیاسی بێ ناوەرۆک مایەوە. بۆیە بە ئاسانی دروشمی دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان جێگای گرتەوە.

دوای زیاتر لە چل ساڵ، دوای ئەنفال و کوژرانی سەدان هەزار مرۆڤی کورد و وێرانکردنی کوردستان، دوای یانزدە ساڵ خۆحوکمڕانی، بیری عێراقیبوون، بە هێزێکی تر و وەهمێکی ترەوە خۆی دەردەخاتەوە. عێراقپەروەران و (ئایدیۆلۆگ)ی عێراقچێتی لە کاتێکدا دەوڵەتێکی سەربەخۆ بەناوی عێراقەوە نەماوە، هێشتا نۆستالگی (حەنین)ی عێراقیبوون بەرەو ئەوەیان دەبات کە ڕەنگە ئامادەبن تەنانەت کوردستان و چارەنووسی کورد و دەزگا و دامەزراوە حکومەتییەکانی بخەنەوە بەردەستی گوایا دەوڵەتی ناوەندی. بە ڕای من هەر باسکردنێکی بەعێراقیبوونی کورد، بەبێ دیاریکردنی ناسنامە و ناوەرۆکی دەوڵەتی داهاتووی عێراق، بەرهەمهێنانەوەی دیسکۆرسی عێراقچێتی و داگیرکردنە. ئەم شێوە باسکردنە دەتوانێت هێزە عێراقییەکان و تەنانەت ئەمریکایش بەو ئەنجامە بگەیەنن کە کورد لە بەرامبەرعێراقیبوون و بەشداربوون لە دەسەڵاتی ناوەندیدا، مەرجێکی گرنگی نەتەوەیی نییە و ئامادەیە قوربانی بە بەشێک لە

دەستکەوتەکانی ئەم ساڵانەی دواییشی بدات. هەروا ئەم شێوە باسکردنە دەتوانێت هەست و کەسایەتیی نەتەوەیی مرۆڤی کورد بریندار بکات و گیانی بڕوابەخۆبوونی خەڵکی کوردستان لاواز بکات.

هەشتا ساڵە کورد بە پێی مەرجەکانی دەوڵەتی عێراق و قانوونەکەی، هاووڵاتی "عێراق" بووە. دەوڵەتی عێراقیش بێشەرمانە خۆی بە دوڵەتێکی عەرەبی داناوە. دەوڵەتی عێراق، وەک هەر دەوڵەتێکی داگیرکەر، بە زەبری هێز و ستەم و تیرۆر دەستی بەسەر باشووری کوردستاندا گرتووە. جۆری ڕژێمی سیاسی و حوکمڕانی و سیستمی خوێندن و زمان و کولتوور و شێوەژیانی خۆی بەسەر کورددا سەپاندووە. تەنانەت، بە بڕیاری ئەو خاکی کورد و سنووری جیۆگرافیای هەرێمی کوردستان ئەو شوێنانە نەبوون کە لە ڕووی مێژووییەوە بە خاکی کورستان ناسراون، یان تا ئێستایش زۆرایەتییەکی کوردییان تێدا دەژین، بەڵکو ئەو شوێن و ناوچانە بوون کە خۆی و بەرژەوەندیی ستراتێگیی عەرەبیزم بڕیاریان داوە. کورد تەنیا ئەوەی لەسەر بووە کە، بەبێ هێچ مەرج و مافێکی نەتەوەیی، شانازی بە"عیراقیبوون"ی خۆیەوە بکات و قوربانی بۆ بدات. هیچ دەزگایەکی قانوونی و دەسەڵاتێکی نێوخۆ، یان جیهانی نەبووە کورد پەنای بۆ بەرێت و شکایەتی لەلا بکات

کۆلۆنیالیزم، یان داگیرکردن لە پێش هەر شتێکدا کوشتنی توانای بیرکردنەوەی سەربەخۆ و فانتازیا و خەونبینە. کوشتنی ئیرادەی

ئازاد و باوەڕبەخۆبوونە. بۆیە عێراقچییەکان ناتوانن لە دەرەوەی قالبی کۆنی عێراق (عێراقی ناوەند و کوردستانی بەش و پاشکۆ!) بیر لە شێوە پەیوەندییەکی نوێ و یەکسانانە لە نێوان کورد و عەرەب، هەرێمی عێرا ق و باشووری کوردستاندا بکەنەوە.

شەپۆلی نوێی بیری بەعێراقیبوون و عێراقچێتی لە کوردستاندا، تا ڕادەیەکی زۆر هێزی خۆی لە دەسەڵاتی سیاسیی کوردی (کە لە یەکێتی و پارتیدا کۆبۆتەوە) وەردەگرێت. هێشتا بە ئیسرارەوە لەسەر عێراقیبوونی کورد و بەستنەوەی تەواوی پرسی کورد بە داهاتووی عێراقەوە پێ دادەگرێت. جێگای سەرنجە، کە لە بەرامبەر ئەمەدا، ڕۆژانە لە مێدیای جیهانییەوە خەڵکی بیانی، لە ئەورووپا و ئەمریکا و کەنەدا و ئیسرائیل..تاد باسی ئەوە دەکەن کە پێویستە دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ کورد، بە تایبەتی کوردی عێراق، دابمەزرێندرێت. "1".

ئێستا عێراق وەک دەوڵەت و دەزگای دەوڵەتی بوونی نییە، تەنیا هێزێک کە دەتوانێت ئەم قەوارەیە و دەزگاکانی دروست بکاتەوە ئەمریکایە. بەڵام ئەمریکا بە بێ کۆمەکی یەکێتی و پارتی زەحمەتە ئەم کارە بکات. زۆر گرنگە کە ئەم دوو هێزە، پێش هەر شتێک، پێ لەسەر پێناسەی باشووری کوردستان، وەک خاکی کورد و ئەو کەمەنەتەوەییانەی لەسەری دەژین و پێ لەسەر گۆڕینی ناو و ناوەرۆک و پێناسەی عەرەبیی عێراق دابگرن. بە ڕای من بەبێ ساخبوونەوە لەسەر ئەم پرینسیپانە، قسەکردن لە دیموکراتی قسەیەکی ناتەواو و ڕەنگە بێ ئەساسیش بێت، چونکو مەرج نییە دیموکراتی یەکسانیی نەتەوەیی دەستەبەر بکات (بۆ نمونە

ئەزموونی هەندێک وڵاتانی ئەوروپا و تورکیا). ئەزموونی هەشتا ساڵەی کورد لەگەڵ دەوڵەتی عێراق پڕ لە پەند و عیبرەتە:

سوپای عێراق لە سەرەتای بیستەکاندا شەش کۆنە ئەفسەری عوسمانی دایان مەزراند، کە وەک مامۆستا محەمەد ڕەسووڵ هاوار دەڵێت، سیانیان عەرەب و سیانیان کورد بوون ( کوردەکان: تۆفیق وەهبی، محەمەد ئەمین زەکی و یاسین هاشمی بوون). کەچی هەوەڵین شەڕی سوپای عێراق لە سییەکان و چلەکانی سەدەی بیستەمدا لە دژی کورد بوو. لە ڕاستیدا سوپای عێراق، کە ئەو کاتە نیوەی دامەزرێنەران و بەشێکی زۆری ئەفسەرانی کورد بوون، لە شەڕی دژی کورد و کوشتاری خەڵکی کوردستاندا فێری دڕندایەتی و ئینسانخۆری کرا. لەوەیش زیاتر بەشێکی گرنگی وەزارەتەکانی سەردەمی حوکمی پاشایەتی، لەوانە وەزیری نێوخۆی عێراق، کە ئێستا کورد خەونی پێوەدەبینێت، کورد بوون. کەچی بە هەموو دامەزرێنەر و ئەفسەرە کوردەکانی سوپای عێراق و وەزیرە کوردەکان و ئەندامانی پەرلەمانی ئەو کاتەی عێراق نەیانتوانی تەنانەت گوندێکی کوردستان لە کوشتار و وێرانکردنی سوپای عێراق بپارێزن. بە هەموویان نەیانتوانی کار لە پێناسەی عەرەبیی دەوڵەتی عێراق و سروشتە عەرەبچییەکەی بکەن؟ نەیانتوانی خوێندنی کوردی لە پارێزگای کەرکووک و ناوچەی بادینانندا بچەسپێنن.

3

بەعێراقیکردنی باشووری کوردستان و گەلەکەی، بە بێ گۆڕینی پێناسەی دەوڵەتی عێراق، دەتوانێت ڕێگا لە دروستبوونی پێناسەی

نەتەوەیی کوردستانی بگرێت. چونکو پێناسەی عێراقیبوونی کورد، وەک بەشێک لە گەلی عێراق، عێراقی تا ئێستا عەرەبی، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پێناسەی عەرەبیبوون بۆ باشووری کوردستان و گەلەکەی پێشنیار دەکات.

عێراق دەوڵەتێکە بە پێی ئایدیۆلۆگیی ناسیۆنالیزمی عەرەبی (عەرەبیزم-عروبە) پێناسەی عەرەبی بەخۆی داوە، لە کاتێکدا بەلای زۆرەوە لە سەدا سیوپێنجی خەڵکی عێراق عەرەب نین. لە ڕاستیدا نەک هەر عێراق، بەڵکو نزیکەی نیوەی دەوڵەتانی گوایا عەرەبی، کە کۆلۆنیالیزم سنوورەکەی بۆ کێشاون، قەیران (ئەزمە)ی پێناسەیان هەیە. ئەو وڵاتانە بە زەبری هێزی دەوڵەت و عەرەبیزم پێناسەی عەرەبییان بەسەردا بڕاوە، ئەمەیش گرفتەکەی بۆ کورد سەختتر کردووە؛ عەرەبیزم (لەوانە بەعسیزم) لەسەر خورافەیەک هەڵچندراوە کە لە کەنداوەوە تا ئۆکیانووس بە خاکی عەرەب دەزانێت. کەچی لە ناو ئەم ناوچانە و وڵاتانەدا چەندان گەلی تر هەن، کە سەرژمێریان دەیان ملیۆن دەبێت. زۆربەی ئەو گەلانە، تەنانەت پێش ئەوەی عەرەبەکان لە کاتی غەزوی ئیسلامی بۆ ئەو ناوچانە بێن و تیایاندا نیشتەجێ ببن، لەسەر خاکی خۆیان دەژین، کە چی هیچ مافێکی نەتەوەییان نییە و، وەکو هاووڵاتی پلە دووی ئەو وڵاتانە ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکرێت.

ئەگەرچی لەو وڵاتانەدا سەرژمێرییەکی باوەڕپێکراو، دەربارەی نەتەوە غەیرە عەرەبەکان، نییە. چونکو بوونی ئەو نەتەوانە بۆ دەوڵەتانی عەرەبی وەک برینی پاژنەپێی ئاخێل وایە. بەڵام بۆ نمونە بە پێی ڕاگەیاندنی بزاڤی ڕزگاریی گەلی باشووری سودان ئەم گەلە زیاتر لە سێیەکی دانیشتوانی سودان پێک دێنێت. هەروا

ڕۆژئاوای سودان (هەرێمی دارفور) و ڕۆژهەڵاتی سودان (ناوچەی جوبا) نەتەوەی دیکەی غەیرە عەرەبی لێ دەژیت. شایانی باسە کە گەلی باشووریی سودان نە عەرەبن و نە مسوڵمان کەچی سودان خۆی نەک هەر بە وڵاتێکی عەرەبی دەزانێت و زمان و کولتووری عەرەبی بەسەر غەیرەعەرەبدا دەسەپێنێت، بەڵکو خۆی بە وڵاتێکی ئیسلامیش دادەنێت و شەریعەتی ئیسلامی بەسەر ملیۆنان خەڵکی نامسوڵمانی سوداندا جێ بەجێ دەکات. ئێستا بزاڤی گەلی باشووری سودان، دەیەوێت ئەم خورافەیە بگۆڕێت و ناوەرۆکێکی ناعەرەبی بە سودان بدات و شەریعەتی ئیسلامی هەرێمی باشووری سودان نەگرێتەوە .

جگە لە سودان لە هەر کام لە وڵاتانی دیکەی وەک میسر، ئەلجەزایر، مەغریب، تونس، لوبنان، سوریا و مۆریتانیا خەڵکی سەر بە نەتەوە و (لە هەندیکیاندا ئاینی دیکە) هەن کە ڕێژەیان لە نێوان لەسەدا پانزدە تا لەسەدا پەنجای تێکڕای هاووڵاتیان دەبن، کەچی لە هیچ کام لەم وڵاتانەدا، جگە لە زمانی عەرەبی زمانی نەتەوەیەکی دیکەی ئەو وڵاتانە بە زمانی ڕەسمی نەناسراوە.

جێگای سەرنجە کە رووناکبیرانی عەرەب، بەوانەیشەوە کە خۆیان بە لیبرال و خاوەنی دیکۆرسێکی مۆدێرن دەزانن، لەم ستەمە بەدەنگ نایەن و بە بەهانەی جۆراوجۆر داکۆکی لێدەکەن. لەوەیش زیاتر تەنانەت دژی ئەوەن کە زمانێکی دی (لە وڵاتانی عەرەبی)دا ستاتوسی زمانی عەرەبی هەبێت، واتا وەک زمانی ڕەسمی و زمانی خوێندن بناسرێت. لە کاتێکدا ئەوان دەزانن کە لە دنیادا دەیان وڵات هەن کە چەند زمانێکی رەسمییان هەیە. بۆ نمونە لە هیندستاندا لە سەرەتای رزگاربوونییەوە شەش زمانی

ڕەسمی هەیە، لە سویسرا چوار زمانی ڕەسمی، لەبەلچیکا، نەرویج و کەنەدا و دەیان وڵاتی دی دوو زمانی ڕەسمی هەن. دوکتۆر محەمەد عابید ئەلجابری، کە وەکو رووناکبیرێکی عەقلانی و ڕەخنەگر خۆی ناساندووە، دەنووسێت: "گرفتی پلورالیزمی کولتووری (التعددیه التقافیه) بۆ بوونی کەمایەتیی نەتەوەیی لە وڵاتانی عەرەبیدا دەگەڕێتەوە.. فراوانکردنی ئەلقەی کولتووریی نەتەوەیی عەرەبی، بە جۆرێک کە کولتووری ئەو قەوم (الاقوام)انەیشی لەپاڵدا بێت، چارەسەرێکی نەتەوەیی ڕاستەقینە نییە. ئێمە لەو باوەڕەداین کە چارەسەرکردنی سروشتیی مێژوویی ئەم گرفتە دەبێت بە ناو بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و بەعەرەبکردندا رەت ببێت. زمانی زانست لە وڵاتی عەرەبیدا، لە کەنداوەوە تا ئۆکیانووس، نابێت لە زمانی عەرەبی بەولاوە هیچ زمانێکی دیکە بێت. چونکو هیچ زمان و دیالێکتێکی دی ناتوانێت ببێتە زمانی زانست و هاوشانی زمانی عەرەبی بێت.. پلورالیزم لەم بوارەدا خۆی خۆی نەفی دەکاتەوە. زمانی عەرەبی بە تەنیا خۆی دەتوانێت پلورالیزم بپارێزێت و لێیشی تێپەڕێنێت. لە چوارچێوەی پاراستنی ئەم پلورالیزمە و لە پێناو لێتێپەڕاندنیدا دەبێت بەرهەمی کولتووریی قەومە خۆجێییەکانی وڵاتی عەرەب (الاقوام المحلیه) بڵاو بکرێنەوە، بۆ بڵاوکردنەوەشیان دەبێت بە عەرەببکرێن، لە بەعەرەبکردنیاندا تێپەڕاندن هەیە، واتا خاسییەتی قەومییان لەناو دەبرێت"2"

دوکتۆر جابری، کە لە سێ بەرگدا پرۆژەیەکی بە ناوی (رەخنە لە بیری عەرەب) بڵاو کردۆتەوە و کۆمەڵێک ڕەخنەی جیدیی لە

فیکری عەرەبی دەگرێت. کەچی شۆڤێنیزمی کولتووری، کە بە ڕای من یەکێکە لە دیلێماکانی فیکری عەرەبی، نەک هەر بە گرفتێکی فیکری و سیاسیی عەرەبی دانانێت، بەڵکو کوشتنی زمان و کولتووری ئەویدی بە ڕەوا دەزانێت و تیئۆریزەیشی دەکات. بەڵام بۆچی جابری و جابرییەکانی عەرەب ئەزموونی گەشەداری کولتووری و شارستانیی عەرەبیی ئیسلامی سەردەمی عەباسییەکان بۆ ئیمڕۆی وڵاتانی عەرەبی ناکەنە ڕێشاندەر. شارستانیی ئەو سەردەمانەی عەرەبیی ئیسلامی، کە ئیمڕۆ مولک و شانازیی مرۆڤایەتییە، بە هۆی کرانەوە و دیالۆگ لەگەڵ کولتوور و زمانانی دی و قبووڵکردنی ئەویدی گەیشتە ئەو ئاستە، نەک لە ڕێگای بەعەرەبکردن و کوشتنی زمان و کولتووری نەتەوەی دی. زمانانی دیکەیش، بۆ نمونە زمانی فارسی، کە لە سایەی ئەو شارستانییەدا ئازاد بوون، توانییان هاوشانی زمانی عەرەبی بن و بشبنە زمانی زانستیی سەردەمی خۆیان. لەم ڕێگایەشەوە شارستانیی ئیسلامی و جیهانییان دەوڵەمەند کرد.

بە ڕای من سنووری نێوان کوشتنی زمان و کولتوور و نێوان جینۆساید تەنیا هەنگاوێکە. (ڕەخنەگری بیری عەرەبی) حەتمەن بایی ئەوەندە شارەزای مێژوویە کە بزانێت جینۆساید، لە گەلێک حاڵەتدا، سەرەتا بە لەناوبردنی زمان و کولتوور دەستی پێکردووە؛ شۆڤێنیزمی کولتووری "قارەمان"ی نەتەوەیەک بەرەو ئەوە دەبات کە کۆمەڵە خەڵکێک، لە ڕێگای کوشتنی کولتوور و زمانەکەیانەوە، لەناو بەرن. بەڵام کاتێک لەم کارەیاندا بەرەوڕووی بەرەنگاربوون دەبنەوە و سەرناکەون، ئەوان بەلای

زۆرەوە هەوڵی کوشتنی زمان و کولتوور دەگۆڕن بۆ کوشتنی بە کۆمەڵی فیزیکی خەڵکەکە. ئەزموونی کۆلۆنیالیزم و کوشتاری تورک بەرامبەر بە ئەرمەن و کورد و تا ڕادەیەک کوشتاری نازیزمی ئەڵمانی لەگەڵ جوولەکەدا، نموونەیەکی پەیوەندی نێوان کوشتنی کولتووری و زمانی و جەستەیی دەردەخەن.

ئەگەر بیرمەندی گەلێک بەم جۆرە فەتوای کوشتنی بەکۆمەڵی کولتوور و زمانە ناعەرەبییەکانی "وڵاتی عەرەبی" بدات، ئیدی بۆ دەبێت سەیر بێت ئەگەر "قارەمانێک" ی وەک سەدام، کاتێک ناتوانێت لە ڕێگای کوشتنی زمانی کوردی و کولتووری شیعەوە (گرفتی پلورالیزمی کولتووری) لە عێراقی عەرەبدا چارەسەر بکات، هەوڵ بدات لە ڕێگای جینۆساید و گۆڕی بەکۆمەڵەوە "گرفتەکە" چارەسەر بکات!

ئەگەر بیرمەندێکی عەرەبیی گوایا عەقلانی و دیموکرات و لیبرال بەم جۆرە بیر بکاتەوە، ئیتر چۆن مرۆڤ بتوانێت، لە ناو عەرەبدا، کەسێکی عەقلانی، دیموکرات و لیبرال لە کەسێکی فاناتیک و ڕاسیست و ئایدیۆلۆگانی گۆڕی بەکۆمەڵ جودا بکاتەوە؟

ئایا ئەمە قەیرانی فیکر و ڕووناکبیرییە، یان قەیرانی ئەخلاقی؟

لە ڕاستیدا ئەم تێزە نێوەرۆکی ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەردەخات، بەڵام لە زمانی بیرمەندێکی گوایا ڕەخنەگر و عەقڵانییەوە، نەک لە زمانی ناسیۆنالیستێکی هەڵەشەوە. بەم شێوەیە ناسیۆنالیستان و ئایدیۆلۆگانی گۆڕی بەکۆمەڵ و زمانکوژی وەهمێکیان لای خەڵکی سادەی عەرەب دروست کردووە کە پێی وابێت هەر وڵاتێکی گوایا عەرەبی (لە کەنداوەوە بۆ ئۆکیانووس) بەشێکە لە خاک و گەلی

خۆی. بۆیە نزیکەی هەر عەرەبێک، لە هەر شوێنێکی دنیا بێت، ڕێگا بەخۆی دەدات لە هەر مەسەلەیەکی نێوخۆی ئەو وڵاتانە و مافی نەتەوە غەیرە عەرەبییەکانیدا بەدەنگ بێت. بە جۆرێک دەخالەت بکات وەک ئەوەی قسە لەمەسەلەیەک بکات کە پەیوەندیی بە کار و وڵات و شار و عەشیرەتەکەی خۆیەوە هەبێت، کەچی زۆر جار بە ڤیزایش ناتوانێت سەردانی وڵاتانی عەرەبی بکات. ئەوەتا هەر عەرەبێکی عێراقی و غەیرە عێراقی (دیارە تاکوتەرای لێ دەرچێت) خۆی بە خاوەنی خاکی کورد دەزانێت. ڕێگا بە خۆی دەدات سنووری مافەکانی کورد دیاری بکات. کۆمەکی خەڵکی عەرەب و رووناکبیرانی عەرەب بۆ سەدام لێرەوە دێت. ئەو هاوارەی مێدیای عەرەب، کە لێوەشاوانە مێدیایەکی ڕەگەزپەرستانە و فاشییانەیە، بۆ عێراقی دەکەن و ئەو پەلامارە توندە ڕەگەزپەرستانەی دەیکەنە سەر کورد لێرەوە سەرچاوە دەگرن. ئەوان ناتوانن لەوە بگەن کە کوردیش وەک ئەوان ئینسانە، خاوەنی خاک و زمان و کولتووری خۆیەتی، وەک ئەوان مافی ئازادی و هەڵبژاردنی شێوەژیانی خۆی هەیە. ڕەگەزپەرستی و بێویژدانیی ناسیۆنالیستانی عەرەب لەوەیشیان تێپەڕاندووە. ئەوان تەنانەت حاشا لە ئەنفال و ئەو گۆڕە بەکومەڵانە دەکەن کە ڕۆژانە بەبەرچاوی دنیاوە هەڵدەدرێنەوە. ئەمەیش شتێکی سەیر نییە. ناسیۆنالیستانی عەرەب تا ئێستا هۆلۆکۆست و کوژرانی نزیکەی پێنج ملیۆن جوولەکە، بە دەستی نازیستەکانی ئەڵمان، کە سەدان هەزار دۆکۆمێنت و فیلم و بەڵگەی زیندووی لەبارەوە هەیە، بە حیکایەتێکی دەستکردی سەهیۆنیزم دەزانن. کەواتا چۆن دەتوانن

دان بە تاوانێکدا بێنن کە قارەمانە نەتەوەییەکەیان، "بسمارکی عەرەب" کردوویەتی.

عەرەبیزم (عروبە- ناسیۆنالیزمی عەرەبی) کە گەلانی عەرەب لە تراگیدی و شەڕ و تێکشکانێکەوە بەرەو یەکێکی دی دەبات خوافەیە و دەبێت وەک هەر خورافەیەکی دی کۆتایی پێ بهێندرێت. هەرەسی ئەم ئایدیۆلۆگییەیش، کە لە ئایدیۆلۆگییەکی ڕەگەزبەرستانەی عەرەبی و مەزهەبچیی سوننییە، لە عێراقەوە و لەگەڵ هەرەسی گرنگترین کۆڵەکەکانی عەرەبیزم، واتا بەعسیزم، دەستی پێ کردووە. ئێستا لە سودانیش سەرەتای هەرەس و بەزینی بە زەقی بەدیار کەوتووە. هاتنی ئەمریکا و هاوپەیمانانی بۆ عێراق و مانەوەیان زەمینەی ئۆبجێکتیڤی ئەم هەرەسهێنانەیان ڕەخساندووە. بە ڕای من شێوەی چارەسەرکردنی کێشەی نێوان عێراق و کوردستان، بە هۆی گۆڕینی پێناسەی عەرەبیی دەوڵەتی عێراق و ناساندنی کوردستان وەک خاک و وڵاتی کورد کەمینەکانی کوردستان، دەتوانێت کۆمەک بەم پرۆسێسە بکات.

عێراق وڵاتێکی عەرەبی-کوردستانییە و دەبێت هەر بەم جۆرەیش، نەک وەک دەوڵەتێکی عەرەبی، خۆی پێناسە بکات. لەسەر ئەم ئەساسەیش پێویستە بوونی عێراقی داهاتوو لە ڕێکخراوە نەتەوەییە عەرەبییەکاندا، هەر لە کۆمەڵی وڵاتانی عەرەبییەوە تا ڕێکخراوە پیشەیی و نەقابییەکانی عەرەب، چاوی پێدا بگێڕدرێتەوە. هەرێمی عەرەبی عێراق دەتوانێت بە ناوی خۆیەوە لە هەر ڕێکخراوێکی عەرەبیدا ئەندام بێت، بەڵام ڕەوا نییە ئەو

مافەی هەبێت کە پێناسەی عەرەبیی خۆی، لەسەر حیسابی کورد و خاکەکەی، بە دەوڵەتی داهاتووی عێراق بدات. ئەو دەتوانێت لە نێوان پێناسەی عەرەببوونی دەوڵەتی عێراق و مانەوە لەگەڵ گەلی باشووری کوردستاندا یەکێکیان هەڵببژێرێت.

بە ڕای من گۆڕینی پێناسە و ناوەرۆکی قەومی دەوڵەتی عێراق تەنیا لە بەرژەوەندیی کورد و شیعە و کەمە نەتەوەییەکاندا نییە، بەڵکو لە هەمان کاتدا لە بەرژەوەندیی گەلی عەرەب بە گشتی دایە. ئەوان دەبێت ئیدی، لە خورافەی ئایدیۆلۆگیی عەرەبیزم ڕزگار بن و چاویان لەوە نەبێت کە خاک و وڵاتی خەڵکی دی بە هی خۆیان بزانن. دەبێت واقیعییانە بڕوانن و باوەڕ بەوە بێنن کە عێراق ئەو وڵاتە نییە کە سیستمی فاشییانە و ڕەگەزپەرستانەی خوێندن و ئایدیۆلۆگ و بیرمەندانی ڕاسیزم بۆیانی وەسف کردوون، بەڵکو وڵاتێکە لە دوو هەرێمی جیاوازی عەرەبی-کوردستانی پێک هاتووە. کورد لەسەر خاک و نیشتمانی خۆی دەژی. نە میوانی عەرەبە و نە خاکی عەرەبیشی داگیر کردووە. پێکەوەژیانی هەردوو گەلیش دەبێت ئارەزوومەندانە و، بە پێی پرینسیپی باوەڕبوون بە یەکسانیبوون و مافی ئازادیی یەکتری بێت.

4

ئایا دوای ئەنفال و عاقیبەتەکانی، کە لە شێوەی گۆڕی بەکۆمەڵ و لیستی ناوی کچان و ژنانی وەک کۆیلە فرۆشراودا دەردەکەون، توانای پێکەوەژیانی هەردوو گەلی کورد و گەلی عەرەب لە وڵاتێکدا ماوە؟ ئەگەر هێشتا ئەم توانایە مابێت ئاخۆ دەبێت

پێکەوەژیانەکە چۆن و بە چ شێوەیەک و لەسەر چ پرینسیپێک بێت؟
ئەم پرسیارە، کە پەیوەندیی بە چارەنووس و داهاتووی هەموومانەوە هەیە، تەنیا پرسیارێکی سیاسی نییە بەڵکو پرسیارێکی ئەخلاقیشە و شایەنی ئەوەیە مرۆڤ لە خۆی بکات.
چوار ساڵێک لەمەوبەر، لە سەرەتای شەڕی نێوان سێربیا و کۆسۆڤۆدا، سێربەکان لە پەلامارێکی سەربازیدا کوشتارێکی زۆریان لە کۆسۆڤەکان کرد. دوای ئەو ڕووداوە سەرکردەیەکی کۆسۆڤۆ گوتی: ئێمە نامانەوێت و ناشتوانین لەمەودوا لەگەڵ سێربەکاندا بژین، چونکو ئەوان زیاتر لە سەد کەسیان لە ئێمە کوشتووە"3".

ئەزموونی مێژوویی دەیسەلمێنێت کە ئەو نەتەوانەی تووشی ستەم و کوشتاری بەکۆمەڵ دێن تەنیا ئازادبوون و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بە گەرەنتیی مانەوە و داهاتوویان دەزانن. ڕای گشتیی جیهانیش، کە ئەم کارانە بە تاوان دژی مرۆڤایەتی دادەنێت، تێگەیشتنی زۆری بۆ ئەم جۆرە داخوازییە هەیە. ئەگەر کوشتار و جینۆسایدی ئەرمەنەکان و جوولەکەکان و ڕەشەکوژی بۆسنییەکان و کۆسۆڤەکان نەبوونایە، بەلای زۆرەوە ئیمڕۆ دەوڵەتانێک بە ناوی ئیسرائیل، ئەرمینیا و بۆسنیاوە نەدەبوون.

ئەگەر مرۆڤ بتوانێت هەموو کوشتارەکانی دەوڵەتی عێراق، لە سەرەتای دروستبوونییەوە، بەرامبەر بە کورد لەبیر بکات (کە مەحاڵە لەبیر بکرێن) تەنیا ئۆپەراسیۆنی ئەنفال و عاقیبەتەکانی

بەسن بۆ ئەوەی کورد بەئاگا بێتەوە و تێ بگات  کە بەعێراقیبوون دەشێت چ عاقیبەتێکی هەبێت. هەشتا ساڵە بەعێراقیبوونی کورد نەیتوانیوە، لە عێراقدا، تەنانەت ماف و نرخی مەڕ و مریشکێک بۆ مرۆڤی کورد دەستەبەر بکات.

ئەنفال بە هەموویەوە نزیکەی شەش مانگێکی خایاند، واتا 180 ڕۆژێک، کەچی لەو ماوەیەدا نزیکەی 182 هەزار کەس بێسەروشوێن کران. واتا لە هەر ڕۆژێکدا هەزار کەسێک لەناو براون. ئێمە بۆ ئەوەی باشتر لە ناوەرۆک و گەورەیی تاوانەکە بگەین نابێت تەنیا لە ژمارەی کوژراوەکان ڕابمێنین (کە دیارە ترسناکە) بەڵکو دەبێت لە مانای ئەو کاتە (زەمانە)یش ڕابمێنین کە کوشتارەکەی تێدا ئەنجام دراوە. ئێمە دەبێت زەمان پارچە پارچە بکەین و لە بچوکترین بەشەکانی، کە چرکە و دەقیقەن، ڕابمێنین. من دەتوانم ئیدیعا بکەم کە ئەوەندەی لە پرۆسێسی ئەنفالدا پەیوەندیی نێوان کار و زەمان گرنگ بووە، ڕەنگە لە هیچ کارێکی دیکەی دەوڵەتی عێراقدا هێندە گرنگ نەبووبێت. چونکو ئەنفال تەنیا کۆنترۆلکردنی شوێن و زەوتکردنی مەخلوقاتەکانی شوێن و ژیانی شوێن نەبووە بەڵکو زەوتکردنی هەر دەقیقەیەکی زەمانیش بووە. زەوتکردنی شوێن بە دڕندانەترن شێوە تەنیا بە زەوتکردنی وردترین ساتەکانی زەمان، بە خێراترین شێوە مانای خۆی دەبێت. شەووڕۆژێک تەنیا 1440 دەقیقەیە کەچی هەزار ئینسانی ئەنفالکراویان تێدا دەکوژرێت، واتا نزیکەی هەر دەقیقەنیوێک ئینسانێک دەکوژرێت. ترسناکی ئەم کارە لەوە دایە کە بە درێژایی شەش مانگ بەردەوام دەبێت؛ هەموو دەقیقەونیوێک کوردێک، بە

تاوانی کوردبوون، لە لایەن دەوڵەتی عەرەبیی عێراقەوە کورژراوە. ئەم تاوانەیش بە نهێنی ئەنجام نەدراوە. ئەوانەی ڕۆژانی ئەنفالیان لەبیر بێت هێشتا زایەڵەی ئەو بانگەواز و هاوارە خوێناوییانەیان لە مێشکدا دەزرینگێتەوە کە ڕۆژانە دەوڵەت، لە مێدیاوە، سەرکەوتنەکانی خۆی بەسەر جەستەی منداڵان و ژنان و پیرانی کوردستاندا، بۆ گەلی عێراق و عەرەبی بە گشتی رادەگەیاند.

بە ڕای من لە دوای ئەنفالەوە کولتووری سیاسیی زاڵ، لە عێراق و دنیای عەرەبیدا، لە باشترین حاڵدا بە گومانێکی قووڵەوە بۆ کورد دەڕوانێت، لە خراپترین حاڵیشدا، کورد بە دوژمن و مایەی هەڕەشە دەزانێت. ئەوان خۆیان دەزانن چییان بە کورد کردووە. دوای هاریکاریی کورد لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانانیدا ئەم هەڵوێستە لای زۆرینەی خەڵکی عەرەب زیاتر دەچەسپێت. ئەوان کورد تەنیا وەک ژێردەست، لاواز و کۆنترۆلکراو قبووڵ دەکەن، نەک وەک شەریکەدەسەڵات و ڕابەری سیاسی و بەرپرسی گرنگی دەوڵەتی "عەرەبی عێراق". لە ڕاستیدا کورد لە سەرەتای شەستەکانەوە تا ئێستا، کێڵگەیەکە ناسیۆنالیزمی عەرەبی توانای کوشتن و ڕەگەزپەرستیی خۆی تێدا پرۆڤە دەکات. بابەتێکە کە ناسیۆنالیزمی عەرەب، دوای هەر تێشکانێکی عەسکەری و سیاسی، دەیکاتە ئامانجی پەلاماری سەربازی و ئیعلامیی خۆی بۆ ئەوەی سەرکەوتنی خورافیی خۆی تیادا تۆمار بکات.
ئێمە چیمان ماوە تا پێشکەشی کوشتارگای عێراقی بکەین؟ ئایا خێزانێکی کورد ماوە لە کەسێکەوە تا دەیان کەسی لە لایەن

دەوڵەتی عەرەبیی عێراقەوە نەکوژرابێت؟ ئایا ئەو کولتوور و ئەخلاق و کۆمەڵەی ڕێگای کوشتاری بەکۆمەڵی کورد بدات و منداڵان و کچانی کورد وەک کۆیلە بفرۆشێت دەتوانێت زەمینەی پێکەوەژیان و هەستی هاوچارەنووسی لە گەڵ کورددا پێک بێنێت؟

لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا من لە سوریا ئەندامی سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی بووم لە دەرەوەی وڵات. جارێک هەواڵێکمان پێ گەیشت کە کۆمەڵێک کچ و منداڵی کورد (لە کۆیلەکانی ئەنفال) لە هەندێک وڵاتی عەرەبی (ئوردون و هەندێک وڵاتانی کەنداو) فرۆشراون. ئەو کاتە، لەبەر نەبوونی بەڵگە، بێدەنگی لەم مەسەلەیە کرا. لە سەرەتای مانگی جولی (تەمووز)ی 2003 دا ، لە دۆکۆمێنتێکی نهێنی دەوڵەتی بەعسدا، کە لە چەند ڕۆژنامەیەکدا وەک خۆی بە عەرەبی بڵاوکرایەوە، ناوی کۆمەڵە کچێک هاتووە کە دەوڵەتی عێراق وەک کۆیلە، لەسەر داخوازیی میسر، بۆ مەلهاکانی ئەوێی ناردوون"4". من دڵنیام تەنیا دەوڵەتی میسر لەم تاوانەدا بەشدار نەبووە. ئەمە تەنیا بەشێکی زۆر کەمە لەو لەشکری کۆیلەیە و "کەنیزە"یەی لە کاتی ئەنفالدا لە کوردستانەوە براون و لە هەرێمی عەرەبیی عێراق و وڵاتانی عەرەبیدا فرۆشراون. ئایا تەنیا سەدام و بەعس و کۆمەڵی عەرەبی عێراق لەم تاوانە بەرپرسیارن؟ ئاشکرایە ئەمە تاوانێکی دوو سەرەیە کە هەم فرۆشیار و هەم کڕیار پێکەوە ئەنجامیان داوە. هەموو دەزانین کە بەعس دڕندەیە و دەتوانێت خەڵکێکی مسوڵمانی ناعەرەب بە کۆیلە بگرێت و بە پێی ئایدیۆلۆگی و ئەو قیەمەی باوەڕی پێیەتی بیانفرۆشێت. بەڵام مرۆڤ چی بەو

دەوڵەتە عەرەبییە مسوڵمانانە بڵێت کە کۆیلەکڕ بوون. ئایا ئەگەر کولتووری زاڵی وڵاتانی عەرەبی، کولتووری گۆڕی بەکۆمەڵ و ئایدیۆلۆگیی بەکۆمەڵکوشتنی غەیرەعەرەب، ڕێگای ئەم تاوانەی نەدابایە دەتواندرا کچ و منداڵانی کورد، لە بازاڕ و مەلهاکانی عەرەبیدا، کۆیلەئاسا هەڕاج بکرێن؟ دەکرێت پرسیارەکە بە جۆرێکی دیکە بکەین: ئایا ئەگەر کۆمەڵ و کولتوورێک ڕێگای کۆیلەگرتن و کۆیلەکڕین نەدەن چۆن دەتواندرێت کۆیلەگر و کۆیلەدار و کۆیلەفرۆش پەیدا ببن؟

لەسەرەتای ساڵی دوو هەزاردا کەناڵی تەلەڤزیۆنی سوێدی فیلمێکی دۆکۆمێنتی لە بارەی سودان پێشان دا. دەوڵەتی عەرەبی و ئیسلامیی سودان بە سەدان منداڵی مەسیحیی خەڵکی باشووری سودان، کە هەموویان کوڕ بوون، لە کەسوکاریان فڕاندبوو لە مزگەوت و خوێندنگای ئاینیدا، وەک مێگەل کۆکرابوونەوە تا بە عەرەب و مسوڵمان بکرێن. تا ئێستا چەندان جار لەسەر ئاستی مێدیای جیهانی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و هەندێک لە کلێساکانی ئەورووپا، دەوڵەتی عەرەبی-ئیسلامیی سودان بەوە تاوانبارکراوە کە منداڵانی غەیرەمسوڵمان و غەیرەعەرەبی باشووری سودان بە کۆیلە دەگرێت، بەشێکیان دەکاتە عەرەب و مسوڵمان، بەشێکیشیان دەکاتە کۆیلە و دەیان فرۆشێت"5".

کەواتا ئێمە لە بەردەم حاڵەتێکی ڕیزپەڕ (ئیستیسنا)دا نین، کە بەعس و سەدام سەبەبکار بن و بە نەمانی دەوڵەتەکەیان هەموو شتەکان جوان و بە ئینسانی و سروشتی بکرێنەوە. مەسەلەکە

تەنیا ئەوە نییە دەوڵەتی بەعسی عەرەبی غەنیمەتی شەڕە سەرکەوتووەکانی! (منداڵانان و کچ و ژنانی بەدیلگیراوی کورد) وەک دیاری بەسەر مەلهاکانی وڵاتێکی عەرەبیی ئیسلامیدا (خوا دەزانێت بەسەر کوێی تردا) دەبەشێتەوە. مەسەلەکە لەوەیش گەورەترە کە دەوڵەتێکی عەرەبی- ئیسلامی وەک میسر، بەشی خۆی لەم غەنیمەتە (کە ڕەنگە ئەو 18 منداڵ و کچە تەنیا وەجبەی یەکەم، یان دەیەم بووبن!) داوا دەکات بەڵکو مەسەلەکە ناوەرۆکی دەوڵەتان و کۆمەڵانێک پێشان دەدات کە لە گەندەڵیی ئەخلاقی و سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتیدا دەژین. ناوەرۆکی کولتوورێکی زاڵ، کولتووری کۆیلەگرتن و کۆیلەفرۆشتن، کولتووری گۆڕی بەکۆمەڵ دەردەخات، کە لەسەر بێویژدانی و کوشتنی عەدالەت و جوانی و بەهاکانی مرۆڤایەتیی ڕاگیراوە. لە هەمان کاتدا ناوەرۆکی ڕەگەزپەرستانە و مەزهەبییانە و فاشییانەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەردەخات کە بەعس، بە هەموو تایبەتمەندی و دڕندایەتییەکەیەوە، تەنیا ڕواڵەتێکی (عێراقییانەی) ناسیۆنالیزمی عەرەبی و بەرهەمێکی ئەم کولتوورە زاڵە بووە. ناسیۆنالیزمی عەرەبی بە جۆرێک بە قووڵایی کۆمەڵی عەرەبیدا شۆڕبۆتەوە کە دەتوانێت بە دەیان ناوی جیاوازەوە خۆی پێشان بدات: لە سودان ناوەرۆکێکی ئیسلامی- قەومی وەردەگرێت، لە ئەلجەزایر ناوەرۆکێکی عەلمانی- قەومی..تاد. ئەم ئایدیۆلۆگییە بە پەیوەندی لەگەڵ دوو مەسەلەدا زۆرترین توانای شەڕخوازانە و ناوەڕۆکی شۆڤێنیستیی خۆی دەر بخات: یەکەم: ئەو دەرەتانە ئابووری و توانا عەسکەرییەی کە هەیەتی. دووەم: ئەو بەرهەڵستی و داکۆکییەی کە بەرامبەر پێشانی دەدات. واتا

ناسیۆنالیزمی عەرەبی چەند توانا ئابووری و عەسکەرییەکەی بەهێز بێت و چەند ڕووبەڕووی بەرەنگاربوونەوەی ببێتەوە دەتوانێت دڕندەتر بێت. بەڵام عەرەبیزم لە هەر شوێنێک دەرفەتی بۆ برەخسێت، بە ڕادەی جۆراوجۆر سادییەت و توانای ئینسانکوژی و جوانیکوژیی خۆی پێشان دەدات. ئەگەر مەسەلەکە تەنیا پەیوەندی بە سەدام و بەعسەوە بووایە دەبوو ئیمڕۆ دنیای عەرەب بەهەشتی دیموکراتی و عەدالەت بووایە و دەوڵەتان و ڕای گشتی عەرەب لەبەرمبەر ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانەی ڕۆژانە لە عێراق دەدۆزرێنەوە بەدەنگ بهاتنایە. دەبوو حاشایان لە کولتووری گۆڕی بەکۆمەڵ بکردایە، نەک بە بوختانی ئەمریکایان بزانیبایە، یان بێدەنگییان لێ بکردایە. بێدەنگبوون لێرەدا تەنیا مانای ڕەزامەندی دەگەیەنێت.

5

کێشەی گەلی باشووری کوردستان لەگەڵ عێراقدا لە ناوەرۆکدا پەیوەندیی بە پێناسەی نەتەوەییەوە هەیە. پێناسەی نەتەوەییش پێش هەر شتێک مەسەلەی نرخ بۆخۆدانان و ڕێزلەخۆگرتن و مافی مانەوەیە. تەنیا ئایدۆلۆگیی کۆیلایەتی دەتوانێت پێشنیار بە نەتەوەیەک بکات کە دەستبەرداری ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بێت، یان ناسنامەکەی بە پێناسەیەکی بیانی بگۆڕێتەوە. ماکس وێبەر دەڵێت: سیاسەتمەند پێویستە ئەخلاقیەتی بەرپرسیاربوونی هەبێت، رووناکبیریش ئەخلاقیەتی قەناعەت پێکردن. بەم مانایە ئێمە تەنیا باسی مەسەلەیەکی سیاسی و فیکری ناکەین، بەڵکو پێش

ئەمە قسەلە قەیرانی ئەخلاقیەتی بەرپرسیاری و ئەخلاقیەتی قەناعەت پێکردن دەکەین.
ناوەڕاستی جولای (تەمووز)ی 2003

پەراوێزەکان:

1-وەک تازەترین نموونە: ئیمڕۆ، ڕۆژی 3ی تەمووزی 2003، لە کاتێکدا خەریکی ئەم نووسینەم، ڕالف پیتەرس، لە ڕۆژنامەی (نیویۆرک پۆست) دا وتارێکی بە ناوی (هەر ئێستا عێراق دابەش بکەن) بڵاوکردۆتەوە. لەم وتارەیدا دەنووسێت: "کوردەکان شایەنی دەوڵەتی خۆیانن. لە دوای جوولەکەکان و ئەرمەنەکان ستەملێکراوتین گرووپی ئێتنیکی ئەم سەدەیەن". جێگای سەرجە کە نووسەری وتارەکە داوا دەکات کە کەرکووک و موسل، بە چاڵە نەوتەکانیشەوە بەشێک بن لەو دەوڵەتە. بڕوانە:
1- Break Up Iraq Now! By Ralph Peters, July10, 2003
2- بڕوانە: الدکتور محمد عابد الجابری، اشکالیات الفکر العربی المعاسر، مرکز الدراسات العربیە، ط 3 بیروت، لا. 41-43 ، 1994
3-دیارە کەسێکی کۆسۆڤی، چەند سێربچی بێت، ناتوانێت بەدەنگ بێت و بڵێت: ئەوە تاوانی مێلۆسۆڤیچە و گەلی سێربیا لەم کوشتارە بەرپرسیا نییە. لە دوای تاوانی نازیستەکانی ئەڵمانیاوە، ئیدی ئەوە ساغ بۆتەوە کە گەلێک، نەتەوەیەک، تا چەند لە تاوانی دەوڵەتە نەتەوەییەکەی بەرپرسیارە. بۆیە قسەیەکی لەم جۆرە بە

خۆهەڵخەڵەتاندن دادەندرێت، یان دووبارەکردنەوە گوتاری ئایدیۆلۆگیی نەتەوەی سەردەستە کە بە پاکانەکردنی بەتاڵ و بێ ئەساس دەیەوێت خۆی لە بەرپرسیاربوون بدزێتەوە.

4-تکایە سەرنجی مانای سیمبوولی و دەلالەتی سایکۆلۆگیی ئەم مەسەلەیە بدەن. سەدام شانازییەکی گەورەی بە ئەخلاق و کولتووری بەدەویی عەرەبی و عەشایەرییەوە دەکرد. بەپێی ئەم کولتوور و ئەخلاقە، کە دواتر لە کولتووری ئیسلامدا رەنگی دایەوە، کچ و ژن بە مایەی شەرەف و کەرامەتی مرۆڤ و عەشیرەت دادەندرێن. فرۆشتنی ژنان و کچانی کورد، وەک کۆیلە، بە مەلهاکانی وڵاتێکی عەرەبی، دەکرێت لەچوارچێوەی ئەم کولتوور و پێوانە مۆراڵییانەی سەرەوە و سایکۆلۆگیی تۆڵەستاندنەوەدا تەماشا بکرێت.

5-دوای مۆرکردنی رێککەوتننامەی نێوان دەوڵەتی سودان و بزاڤی ئازادیخوازیی گەلی باشووری سودان بە هەزاران کۆیلەی (ژن و پیاو) دەرکەوتوون کە کاتی خۆی لەشکری عەرەبیی ئیسلامی سودان لە شەڕی باشووریدا گرتوونی و دواتر وەک کۆیلە و کەنیزە بە خەڵکی عەرەبی فرۆشتوون. زۆربەی ئەوانە کاتی خۆی منداڵ بوون و ئێستا گەورەبوون. بەڵام لەبەر ئەوەی جگە لە ژیانی کۆیلایەتی هیچ شتێکی دیکەیان نەبینیوە ئێستا بوونەتە گرفتێکی گەورە بۆ گەلی باشووری سودان. هەندێک رێکخراوی مرۆیی جیهانی کۆمەڵێک پرۆژەی پێگەیاندن و فێرکردنیان لە باشووری سودان، بۆ سەرلەنوێ پەروەردەکرنەوە و ئامادەکردنی ئەم کۆیلە ئازادکراوانە دەست پێ کردووە.

# III

# ببین یان نەبین؟

کێشەی نێوان گەلی باشووری کوردستان و دەوڵەتی عێراق لە ڕۆژی دروستکردنی قەوارەی عێراق، لە لایەن بریتانیاوە، دەستی پێکردووە. ئەم کێشەیە کێشەی گەل و وڵاتێکی بندەستکراو و بێمافکراوە لەگەڵ دەوڵەتێک، کە سەد لەسەد وەک داگیرکەری کوردستان ڕەفتاری کردووە. بۆیە ئەم کێشەیە لە نێوەرۆکدا کێشەی خاک و پێناسەی نەتەوەییە، کێشەی مافی سەروەرییە. ئەزموونی مێژوویی سەلماندوویەتی کە گۆڕینی ڕێژیمی سیاسیی لە عێراقدا (بە هەرەسهێنانی دەوڵەتی عێراقیشەوە) دەتوانێت، لە باشترین حاڵەتدا، زەمینەیەکی لەبار بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بڕەخسێنێت، نەک کێشەکە بە جۆرێکی ئۆتۆماتیکی چارەسەر بکات. بە درێژایی مێژووی دەوڵەتی عێراق، شێوەی حوکمڕانی و دەسەڵات لە بەغدا هەر چۆنێک بووبێت، کێشەی نێوان کوردستان و عێراق ئاڵۆزتر و ئاڵۆزتر بووە. چونکو نوێنەرانی عێرق هەمیشە و تا ئێستا خاکی کوردستان بە بەشێک لە خاکی خۆیان دەزانن بۆیە پێیان وایە کە دەبێت ئەوان چارەنووسی سیاسیی ئەم ناوچەیە و گەلەکەی بڕیار بدەن. لای ئەوان کورد، وەک گەلێک، نەک هەر شایەنی ئەوە نەبووە کە لەگەڵ گەلی عەرەبی عێراقدا یەکسان و هاوماف و شەریکەدەسەڵات بێت، بەڵکو هەر

داخوازییەکی نەتەوەیی کورد وەک هەڕەشەیەک بۆ پرۆژەی قەومی عەرەب و وێنەی مەترسییەک بۆسەر ئاسایشی عێراق و عەرەب داندراوە. دەوڵەتی عەرەبیی عێراق و کۆمەڵی عەرەبیی عێراق بەردەوام خۆیان لە هەقیقەتی ئەم کێشەیە و شێوەی چارەسەرکردنی دزیوەتەوە؛ یان ویستوویانە بە زەبری هێز و ستەم و جینۆساید ئەو شێوە چارەسەرە بەسەر کورددا بسەپێنن کە خۆیان ویستوویانە. کەچی کورد، لە سەنگەرەکانی داکۆکی لەخۆکردندن و تەنیاییدا، هەر ئەوەی لەدەست هاتووە خۆی لە کۆمەڵکوژی و توانەوەی نەتەوەیی بپارێزێت و بە کەمترین مافێکی نەتەوەیی ڕازی بێت، یان لە چوارچێوەی ئەو دەرفەت و دەرەتانانەی دەوڵەتی عێراق بۆی دیاریکردوون داوای هەندێک مافی نەتەوەیی خۆی بکات.

دوای هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عێراق و بوونی هێزی هاوپەیمانان لە عێراقدا، دەرفەتێکی بێ وێنە بۆ چارەسەری کێشەی نێوان عێراق و گەلی کوردستان ڕەخساوە و بەبێ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ناتواندرێت قسە لە عێراقێکی نوێی ئارام و دیموکرات بکرێت. دروستکردنەوەی عێراقێکی نوێ و دیموکرات، لەسەر ئەساسی پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانەی کورد و عەرەب بە چارەسەری پرسی کورد و باوەڕهێنان بە مافی نەتەوەیی و نیشتمانیی گەلی کوردستان دەست پێ دەکات. ئەو کات و توانایەی کورد بۆ دروستکردنەوەی دەوڵەتی عێراق تەرخانی کردووە و دەکات دەبێت بە ئامانجی دروستکردنەوەی عێراقێکی لەم جۆرە بێت، نەک لەسەر حیسابی پێشخستنی ئەجێندای کورد و چەسپاندنی مافی نەتەوەیی

کورد. دروستکردنەوەی دەوڵەتی عێراق و گێڕانەوەی سەرداریی عێراق، لە خۆیاندا، نە ئامانجێکن بۆ گەلی کورد و، نە گرفتی ئەون. ئەم مەسەلانە تەنیا بە پەیوەندی لەگەڵ ناوەرۆکی دیموکراتانەی دەوڵەتی داهاتووی عێراق و ئەو مافانەی ئەو دەوڵەتە بۆ کورد دابینیان دەکات مانا و نرخیان هەیە. بە واتایەکی دی بۆ کورد پرۆسێسی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق و دیموکراتیزەکردنی عێراق لەگەڵ پرۆسێسی چەسپاندنی قانوونیی مافەکانی گەلی کوردستان، بە پێی پرینسیپی مافی خۆبڕیاردانی چارەنووس، پێکەوە گرێدراون و ناکرێت لێک جیا بکرێنەوە. بەشداربوونی نوێنەرانی کورد لە ئەنجومەنی حوکم و دەوڵەتی داهاتووی عێراقدا دەبێت بۆ سەرگرتنی ئەم پرۆسێسە بێت. ئەوان، پێش هەر شتێک، نوێنەری گەل و هەرێمێکن و لەسەر ئەم ئەساسە، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی عێراقین، بەشداری لە ئەنجومەنی حوکمدا دەکەن. واتا ئەوان هێشتا تەرەفێکن لەگەڵ عێراقدا کە هەشتا ساڵە درێژە بە کوشتاری گەلی کورد و وێرانکردنی کوردستان دەدات. بۆیە ناکرێت ناکۆکیی لە نێوان نوێنەرایەتیی کوردستانیی ئەوان و ڕۆڵی عێراقییانەیاندا هەبێت. ئەوان پێش ئەوەی نوێنەرایەتیی عێراق بکەن نوێنەرایەتیی کوردستان دەکەن. نوێنەرانی کورد کاتێک دەتوانن هەم نوێنەری کورد و هەم نوێنەری عێراق بن کە عێراق، وەک دەوڵەت و وڵات و دەزگا دەستووری و دەوڵەتییەکانی، لەسەر ئەساسی پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە و یەکسانانەی هەردوو گەلی هەرێمی کوردستان و هەرێمی عەرەبی عێراق و دابەشکردنی دەسەڵات و سامان و سەروەری دروست کرابێتەوە.

بەڵام ئایا گەلی عەرەبی عێراق دەتوانێت بە ئاسانی یەکسانبوونی نەتەوەیی و، پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانەی خۆی و گەلی کوردستان و پرینسیپەکانی دیموکراتی قبووڵ بکات؟ ئەو کێشە توندەی لە نێوان لایەن و هێزە جۆراوجۆرەکانی عێراقدا لە پێناوی هەیمەنە و دەسەڵاتدا دەستی پێکردووە دەری دەخات کە گەلی عەرەبی عێراق (بە سوننە و شیعەیەوە) نایەوێت پەند و دەرس لە مێژوو وەربگرێت، ئامادە نییە بە ویستی خۆی دەستبەرداری کولتووری ستەم و شۆڤێنیزمی نەتەوەی سەردەست و دیکتاتۆریا ببێت. هێشتا خولیای زەوتکردنی دەسەڵات و هەیمەنەی مەزهەبی و نەتەوەیی عەرەبی، ڕێبازی سیاسی و ناوەرۆکی دیسکۆرسی سیاسیی ئەوان پێک دێنێت. لە ڕاستیدا ئیمڕۆ لە عێراقدا، لە هەر کاتێکی دی زیاتر، مەترسی هەڵگیرسانی شەڕی مەزهەبیی نێوان شیعە و سوننە و هەڵگیرسانی شەڕی نەتەوەیی لە دژی کورد هەیە. ئەگەر هێزی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە عێراقدا نەبوونایە ئەوا بە دڵنیاییەوە ئێستا یەکێک لەم شەڕانە، یان هەردووکیان هەڵگیرسابوون.

2

ڕووخاندنی دەوڵەتی عێراق و شێوەی دروستکردنەوەی دەوڵەتەکە، وەک لە بەشێکی دیکەدا باس کراوە، مۆدێلێکی نوێی گۆڕانکاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری لە ناوچەکەدا دەخاتە ڕوو. ئەو وڵاتانەی کە خۆیان توانا و قابیلیەتی ئەم جۆرە گۆڕانکارییانەیان نەبێت، دەشێت بە کۆمەکی دەرەکی ئەم کارەیان

بۆ مەیسەر بکرێت. ئەمە سەرەتای پرۆسێسێکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییە کە تەنیا لە سنووری عێراقدا بەند نابێت، بەڵکو پێدەچێت دەوڵەتان و وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژهەلاتی نێوین بە گشتی بگرێتەوە. ئەم دەوڵەتانە، دوای هەشتا ساڵ حوکمی دیکتاتۆری و ستەم و فەساد، توانای بەردەوامبوونی خۆیان لەدەست داوە. زۆربەی ئەو دەوڵەتانە خۆیان لە ڕەوشی سیاسی و کولتووری دنیا دابڕیوە و بوونەتە سەرچاوەی هەژاری و دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و، دورگەی خورافە و فوندەمێنتالیزمی ئیسلامی. بە توندی بەرەنگاری شەپۆلی ئەو گۆڕانکارییە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییانە دەبنەوە کە خەریکە هەموو دنیا بتەنێتەوە. لە سەردەمی ئیمرۆدا، کە وڵاتان و قارەکان لە ڕێگای تۆڕێکی فراوانی ئابووری، ئاگاداری، تەکنۆلۆگییەوە پێکەوە بەستراون، ئەم دوڵەتانە ناتوانن لەوە زیاتر گۆشەگیرانە، لە ناو قەلایەکی داخراودا بمێننەوە. بە ناوی گوایا سەرداریی نەتەوەییەوە درێژە بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ستەمی کۆمەلایەتی و نەتەوەیی و مەزهەبی بدەن. ئەوان ناچاری کرانەوە و تێکەڵبوونی ڕەوشی سیاسی و ئابووریی جیهان دەکرێن. ئەم پرۆسێسە کۆمەڵێک ڕێسا و نەریتی نوێ لەو وڵاتانەدا دەچەسپێنێت کە ڕێگا بۆ کرانەوە و تێکەڵبوونیان لەگەڵ جیهان و، بڵاوبوونەوەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، وەک تێکرای پەیوەندییە ئابووری، کولتووری و کۆمەلایەتییەکان خۆش دەکەن. لە ڕووی سیاسیشەوە مەسەلەی کۆمەڵی کراوە، واتا کۆمەڵی ئازاد دەسەپێنن. چی دی مەسەلەی مافی مرۆڤ؛ مافی نەتەوە بندەستەکان و ژنان و کەمایەتییە ئاینی و مەزهەبییەکان، وەک مەسەلەی نێوخۆیی ئەو

وڵاتانە سەیر ناکرێن چونکو عاقیبەتەکانی کار لە ئارامی و ئاسایشی ناوچەیی و سیستمی سیاسیی جیهان دەکەن. بۆیە دەخالەتکردن بۆ ڕێگرتن لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و کوشتاری کەمایەتیەکان بە کارێکی قانوونی دادەندرێت.

لەم دە-پانزدە ساڵەی دواییدا پرۆسێسی دیموکراتی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و زۆرینەی وڵاتانی ئەمریکای لاتین و تەنانەت ئەفریقای گرتۆتەوە. کەچی هێشتا ڕۆژهەڵاتی نێوین، بە تایبەتی وڵاتانی عەرەبی گرفتاری دیکتاتۆریا و دواکەوتوویی ئابووری و نەخوێندەوارین و وەک قەڵای دیکتاتۆریا و ستەم و دواکەوتوویی و کۆیلەکردنی ژن ماونەتەوە. بە پێی ڕاپۆرتی گەشەکردنی مرۆیی عەرەب ساڵی 2003 کە کۆمەڵێک باسکاری سەربەخۆی عەرەب ئامادەیان کردووە و کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بڵاوی کردۆتەوە، لە هیچ وڵاتێکی عەرەبیدا ئازادیی هەڵبژاردن و ڕێکخستن و چاپەمەنی نییە. لەسەدا 43ی گەورەساڵان (البالغین) نەخوێندەوارن (لە وڵاتانی دیکەی تازەپێشکەوتوودا تەنیا لەسەدا 29 نەخوێندەوارن). بە پێی راپۆرتەکە لە هیچ وڵاتێکی دنیادا ژنان هێندەی وڵاتانی عەرەبی بێ دەسەڵات و پایە نزم نین. کەچی لە بواری ئابووریی بەرهەمهێنەرانەدا، هەموو وڵاتانی ناونراو بە عەرەبی، کە ژمارەی هاووڵاتیانیان بە 280 ملیۆن کەس داندراوە، تەنیا هێندەی وڵاتێکی وەک فینلاندا، کە ژمارەی دانیشتوانیان پێنج ملیۆن کەسە، بەرهەمی پیشەسازیی دەنێرنە دەرەوە.

دیارە لایەنێکی دیکەی کەمایەسیی وڵاتانی ناونراو بە عەرەبی (کە ڕاپۆرتەکە فەرامۆشی کردووە) ستەمی نەتەوەیی و ئاینی و

مەزهەبییە. لەم وڵاتانەدا گەلانی غەیرەعەرەب و غەیرەمسوڵمان و غەیرە سوننە بەتوندی پەلاماری زمان و کولتوور و ئاین و مەزهەبیان دەدرێت، تەنانەت نکوڵی لە بوونیان دەکرێت و بە زۆر بەعەرەب یان بەمسوڵمان دەکرێن. دەوڵەتانی عەرەبی (هەروا رۆژهەڵاتی نێوین بە گشتی) نەیانتوانیوە تاکە مۆدێلێکی سەرکەوتوانەی پێکەوەژیانی یەکسانانەی خۆیان و غەیری خۆیان پێشکەشی ئەزموونی مرۆڤایەتی بکەن. ئەو دەوڵەتانە بە ئیسرارەوە رێ لە پێشکەوتن و کرانەوەی وڵاتەکانیان دەگرن، لە ناو سەنگەرەکانی ئیمان و باوەڕو خوڕافاتدا بە گژ هەر دیاردەیەکی نوێدا دەچنەوە کە لە ئەورووپا و ڕۆژئاواوە ببێت. دیماگۆگیی سیاسی و مێدیای دەوڵەتی و سیستمی غەیبی و دواکەتووانەی خوێندن و پەروەردە توانیویانە زۆرینەی گەلانی ئەو وڵاتانە بە جۆرێک چەواشە بکەن کە ڕۆژئاوا بە دوژمنی ئیسلام و کولتوور و باوەڕی خۆیان دابنێن. ڕۆژئاوا و ئەمریکا، نەک ڕێژیمە دیکتاتۆر و گەندەڵ و ستەمکارەکانیان، بە سەرچاوەی نەداری و بەدبەختی و دواکەوتوویی خۆیان بزانن. توانا و وزەی ئەو گەلانە، لە جیاتی ئەوەی ئاراستەی گۆڕینی کۆمەڵ و ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکانیان و پێشکەوتنی کۆمەلایەتی بکرێن، بە تەواوی ئاراستەی دەرەوە، ئەمریکا و ڕۆژئاوا کراون. گەلانی ئەو وڵاتانە بە پشتبەستن بە توانای خۆیان ناتوانن لە دیکتاتۆریا ڕزگار ببن و سیستمی دیموکراتی دابمەزرێنن. بۆیە ئەم کۆمەڵ و وڵاتانە دەبێت بە کۆمەکی دەرەکی لە دیکتاتۆریا و ستەم و دواکەوتوویی دەرباز بکرێن و تێکەڵاوی ڕەوشی سیاسیی جیهان

بکرێن. ئەم کۆمەکەیش دەشێت لە فشاری ئابووری، سیاسی و زانستی و تەکنۆلۆگییەوە تا پەلاماری عەسکەری بگرێتەوە.

ئەگەر ئەم بۆچوونە تا ئاپریل (نیسان)ی 2003 گریمانەیەک یان تێزێک بووبێت ئەوا لە دوای ڕوخاندنی دەوڵەتی بەعسەوە بۆتە هەقیقەتێکی نوێ لە سیاسەتی نێو دەوڵەتیدا. ئەم نمونەیە بەلای زۆرەوە دەبێتە مۆدێلێک بۆ گۆڕینی ڕژێمی سیاسی کە لە وڵاتانی دیکەیشدا، بە شێوەی جۆراوجۆر، دووبارە دەبێتەوە. پڕۆژەی (ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی نوێ) کە ئامریکا دەیەوێت، لە هاوینی ساڵی 2004 دا، بە کۆمەکی وڵاتانی ئەورووپا بیخاتە ڕوو، شێوەی گۆڕانکاریی بە کۆمەکی دەرەکی دەکاتە مۆدێلێکی نوێ لە جیهاندا. دیارە ئێرە جێگای باسکردنی ئەم پڕۆژەیە نییە، بە تایبەتیش کە هێشتا بەتەواوی ناوەڕۆک و میکانیزمی پەیڕەوکردنی بڕیار نەدراوە، بەڵام دەکرێت لەم بارەیەوە بگوترێت کە ئەم پڕۆژەیە بەو ئامانجەیە کە مۆدێرنێتەی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری و، دیموکراتی لەو وڵاتانەدا بڵاوبکاتەوە کە هێشتا بە داخراوی وەک قەلای دیکتاتۆریا و ستەم و دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی ماونەتەوە. پڕۆژەی ڕۆژهەڵاتی نێوینی نوێ ، یان ڕۆژهەڵاتی نێوینی گەورە، وێرای ئەو جیۆگرافیا سیاسییەی بە ڕۆژهەڵاتی نێوین ناسراوە، کۆمەڵە ناوچەیەکی دیکەیش، لە ئاسیای ناوەڕاست و ناوچەکانی دەریای قەزوین و پاکستانەوە تا باکووری ئەفریقا، دەگرێتەوە. بە پێی ئەم پڕۆژەیە دەوڵەتەکان دەرەتانی نوێی گۆڕانکاریی ئابووری و ریفۆرمی سیاسی و کولتووریان بۆ دەرەخسێندرێت و ناچاری کرانەوە و شەفافییەت و پاراستنی مافی مرۆڤ دەکرێن. ئاشکرایە لەم دەوڵەتانەدا دەیان

نەتەوەی ژێردەست و خەڵکی سەر بە ئاین و مەزهەبی جیاواز هەن کە لە هەموو مافێکیان بێ بەش کراون. کرانەوەی ئەو وڵاتانە و کۆتایهێنان بە دەسەلاتی دیکتاتۆری و ئیستیبدادی دەرەتانی نوێ بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەیی و مەزهەبی و ئاینیی لەو وڵاتانەدا دەڕەخسێنێت. چارەسەری ئەم کێشە و ناکۆکییانە، وەک بەشێک لە پرۆسێسی گۆڕان و دیموکراتیزەکردنی ئەو وڵاتانە، بە توندیی خۆی دەسەپێنێت. کۆمەڵە نەتەوە و گەلێکی ستەملێکراو و کەنارخراو دێنە سەر شانۆی سیاسیی ئەو وڵاتانە کە بەرژەوەندیی قووڵیان لەم گۆڕانکارییانەدا هەیە. هەر یەکەیان، بە پێی ئەو توانا سیاسی و ئابوورییەی هەیانە، دەتوانن ببنە هێزێکی گرنگی ئەم گۆڕانکارییانە و شوێنێکی نوێ لە ناو گەلانی ناوچەکە و هاریکاریی ناوچەییدا بگرن و بەشداری لە سەقامگیرکردنی ئاسایشی ناوچەیی و پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی دوورمەودای ئامریکا و ڕۆژئاوا بکەن. ئەگەر ئەم پرۆژەیە جێبەجێ بکرێت سنووری نێوان وڵاتانی ناوچەکە تەنیا لەسەر کاغەز بوونیان دەمێنێت و نەخشەی ناوچەکە بە گشتی دێتە گۆڕین. گەلانی ناوچەکە پەیوەندییەکانی خۆیان بە جۆرێکی نوێ دادەڕێژنەوە. لە نێوانیاندا شێوەیەکی نوێی هاریکاری و هاوپەیمانی و هاوپەیوەستی، لەسەر ئەساسی نزیکی کایەی کولتووری و زمان، یان جیۆگرافیا و بەرژەوەندیی هاوبەش، دروست دەبێت. لێرەدا گرنگە ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە دیموکراتیزەکردنی هەر وڵاتێکی فرەنەتەوەیی ناوچەکە (بە عێراقیشەوە) مەرج نییە ڕاستەوخۆ پرسی نەتەوەیی، بە جۆرێکی ڕەوا و بەپێی پرینسیپی مافی خۆبڕیاردانی چارەنووسی گەلان،

چارەسەر بکات. ئەم مەسەلەیە تا ڕادەیەکی زۆر دەوەستێتە سەر توانای سیاسیی هەر نەتەوەیەک، کە وەک گرووپێکی ئێتنیکی-سیاسی، خاوەن خاکی تایبەت بە خۆی، دەیەوێت و دەتوانێت چ ڕۆڵێکی سیاسی و ئابووریی سەربەخۆی هەبێت. بە ڕای من هەر کام لەو نەتەوە ژێردەستانە، بە کوردیشەوە، ئەگەر نەتوانن وەک یەکەیەکی بەجیاهەڵکەوتووی سیاسیی نەتەوەیی و جیۆگرافیایی و کولتووری (لە شێوەی کیانی سەربەخۆ، یان کیانی فیدرالی و کۆنفیدرالیدا) خۆیان ڕێک بخەن سەرەنجام ناچاری ئیندیماجکردن (ئینتێگراسیۆن) لەگەڵ نەتەوەی سەردەست دەبن و بەرەو توانەوەی کولتووری و نەتەوەیی دەڕۆن. لەبەر ئەوەی هەر کام لە زمانانی تورکی، عەرەبی و فارسی لە کۆمەڵە وڵاتێکدا تاکە زمانی زاڵ و ڕەسمین مەترسی هەرە گەورە بۆ سەر تواندنەوەی زمانانی نەتەوە بندەست و بچوکەکان لە یەکێک لەم زمانانەوە دێت. ئەوەی ئەم مەترسییە زیاتر دەکات ئەوەیە کە چاوەڕوان دەکرێت، لەو ئاڵوگۆڕانەی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوینی گەورەدا ڕوو دەدەن، چەند ناوەندێکی بەهێزی سیاسی و ئابووری و کولتووری-زمانی دەربکەون. وێرای هێندستان، وڵاتانی وەک تورکیا، ئێران و وڵاتانی عەرەبی (وەک کایەی کولتووری-زمانی و هێزی ئابووری) بە هۆی شوێنی جیۆگرافیای سیاسییان و زۆری ژمارەی دانیشتوان و هاوزمانانیان و ڕابردووی مێژوویان و توانای عەسکەری یاخود ئابوورییانەوە دەشێت ببنە سێ هێزی گرنگی سیاسی، ئابووری و کولتووری (زمانی)ی ناوچەکە. لەبەر ئەوەی کورد خۆی هەشتا ساڵە لەژێر پەلامار و هەڕەشەی ئەم سێ زمانانەدایە ئەوا دەتوانین ئاسانتر لەوە بگەین کە ئەگەر کورد، قەوارەیەکی

نەتەوەیی-جیۆگرافیایی خۆی (سەربەخۆ، یان کۆنفیدرالی، یاخود فیدرالی) نەبێت، چەند بە ئاسانی دەکرێت لەناو ئەو نەتەوانەدا بتوێتەوە. ئەم پرۆسێسەیش بە زەبری ستەم و لەناوبردن نابێت، بەڵکو بە حوکمی کۆمەڵە فاکتەرێکی ئابووری و کولتووری دەبێت: وەکو تێکەڵبوون و ئاڵوگۆڕی ئابووری و کولتووری و پێداویستییەکانی بازار و گەشتیاری (توریزم) و زەرورەتی کار و ژیان و ئەو توانا زانستی و ئێپستیمییەی هەر کام لەم زمانانە لەگەڵ خۆیدا هەڵی دەگرێت. بۆیە کرانەوە و دیموکراتیزەکردنی ناوچەکە مەرج نییە بە جۆرێکی ئۆتۆماتیکی پرسی نەتەوەیی گەلە بندەستەکان چارەسەر بکات. ئەزموونی دیموکراتی لە زۆر وڵاتاندا سەلماندوویەتی کە دیموکراتی دەتوانێت کۆتایی بە ستەم و کۆمەڵکوژی بەرامبەر بە نەتەوەی بندەست بهێنێت و لە چوارچێوەی مافی هاووڵاتیبووندا ئازادیی بۆ تاکەکان دەستەبەر بکات. بەڵام لە هەمان کاتدا دەشتوانێت زمانی گەلە بچوک و کەمە نەتەوەییەکان بخاتە ژێر کۆنترۆلی زمانی زاڵ، یان هێندە بێبایەخیان بکات کە تەنیا لە سنووری زمانی ناو ماڵدا بمێننەوە و بەرەو لەناوچوون برۆن. لەمەودوا ئیتر ناتواندرێت نەتەوەکان لە رێگای جینۆسایدەوە لەناو ببردرێن، بەڵکو دەشێت لە رێگای کوشتنی زمانەوە بتوێندرێنەوە.

3

گۆڕینی رێژێمی سیاسیی عێراق و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵی عێراق تەنیا پەیوەندیی بە عێراقەوە نییە. عاقیبەتەکانی

ڕاستەوخۆ کار لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکە دەکەن. شێوەی چارەسەری پرسی کورد لە عێراقدا، بە هەر بارێکدا بێت، دەتوانێت ببێتە سەرەتای شێوە مۆدێلێک بۆ چارەسەری پرسی نەتەوە بندەستەکانی ناوچەکە، لەوانە پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا.

بەڵام پرۆسێسی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵی عێراق و چارەسەری کێشەی کوردستان و عێراق کارێکی دژوار و ئاڵۆزن. چونکو لە لایەکەوە نیاز و مەرامی ئەمریکا لە عێراقدا بە گشتی و، بەرامبەر بە کورد بە تایبەتی هێشتا بە تەواوی ڕوون نین. لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵی عێراق لەناو کولتووری بەعس و ئیستیبداد و ستەم و وێرانەی ئابووری و سیاسیدا بە جۆرێک غەرق بووە کە مەسەلەی دیموکراتی، بەلای زۆرینەی خەڵکی عێراقەوە، وەک کەمالیاتی لێ هاتووە. هەروا ستەمی هەشتا ساڵەی دەوڵەتی عێراق بەرامبەر بە کورد بۆتە بەشێک لە کولتووری سیاسیی عێراق. مرۆڤ ناهەقی بەرامبەر بە خەڵکی عەرەبی عێراق ناکات ئەگەر بڵێت ئەوان بە درێژایی ئەو ماوەیە، بە تایبەتی لە سەردەمی بەعسدا، بە ڕادەیەک بە داپڵۆسینی کورد و کوشتاری بە کۆمەڵی کورد ڕاهاتوون کە ناتوانن تێگەیشتنیان بۆ ژانی گەلی کورد و مافی ئازادی و خواستی پێکشەوتنی نەتەوەیی گەلی کوردستان هەبێت. ئەوان خۆیان، لە ڕووی ئەخلاقی و سیاسییەوە، لە تاوانی دەوڵەتە عەرەبییەکەیان و تاوانی ئەنفال و جینۆسایدی کورد بەرپرسن. زۆرینەی گەلی عەرەبی عێراق ناتوانێت بە ئاسانی لەوە بگات کە کورد خاوەنی خاک و زێدی خۆیەتی و چارەسەرکردنی پرسی کورد کلیلی ئارامی و دیموکراتیزەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵی عێراقە. بەرگریی

توندی هێزە سیاسی و مەزهەبییەکان و زۆرینەی گەلی عەرەبی عێراق بەرامبەر بە داخوازیی گەلی کوردستان (فیدرالیزم) ئەوە دەسەلمێنن کە ئەوان، هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستە شارستانی و سیاسییەی کە باوەڕ بە ماف و ئازادیی ئێمە بهێنن. بۆیە ئێمە نابێت چاوەڕوانیی زۆرمان لێیان هەبێت. لە ڕاستیدا گرفتەکە لەمەیش گەورەترە، چونکو لە پاڵ ئەماندا گەلەکۆمەکێیەکی عەرەبی و ناوچەیی لە دژی گەلی کورد دەستی پێکردووە. دەوڵەتانی ناوچەکە، کە لە ستەمی نەتەوەیی و ئایینی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و کۆیلەکردنی ژناندا نمونەیان کەمە، ناخوازن عێراق ببێتە مۆدێلێکی نوێی دیموکراتی و چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی لە ناوچەکەدا. ئەو فشارە ناوچەییەی، لە چەندان لایەنەوە، بۆ کورد هێنراوە بەو ئامانجەیە کورد ناچار بکرێت دەستبەرداری داخوازیی نەتەوەیی خۆی ببێت. لە هێزێکی سیاسیی نوێی سەر شانۆی عێراق و ناوچەکەوە، ببێتەوە بە هێزێکی پاسیڤی سیاسی، یان هێزێکی ژێر کۆنترۆلی دەوڵەتی داهاتووی عێراق. واتا هەموو توانای سیاسی، مرۆیی، ئابووری و عەسکەریی گەلی کوردستان لەناو توانای سیاسی و ئابووری و عەسکەریی عێراقدا بتوێتەوە و بۆ قازانجی عێراق، نەک گەلی کوردستان، بەکار بهێندرێن.

بەڵام لە گەڵ هەموو ئەمانەیشدا ئیمڕۆ دەرفەتێکی هێندە دەگمەن بۆ چارەسەری کێشەی نێوان کوردستان و عێراق ڕەخساوە کە لە مێژووی هەشتا ساڵەی دروستکردنی دەوڵەتی عێراقدا وێنەی نەبووە. دەوڵەتی عێراق تەنیا لە لایەن هێزی ئەمریکا و

هاوپەیمانانییەوە نەڕوخێندراوە، بەڵکو لە لایەن ئەوانەوە و بە کۆمەکی ئەوان دروست دەکرێتەوە. بەجیهانیکرانی پرسی عێراق دەبێت بە مانای بەجیهانیکرانی پرسی کوردیش بێت. کورد وەک نەتەوەیەک، کە لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە توشی جینۆساید و وێرانکردنی وڵاتەکەی کراوە، مافی قانوونی و سیاسیی خۆیەتی کە داوای گەرەنتی و پاراستن بکات. بیەوێت خۆی چارەنووس و داهاتووی سیاسیی خۆی بڕیار بدات. ئیمڕۆ گەلی کورد لە شەڕ و پەلامار و مەترسی جینۆساید دەربازی بووە و گۆڕدراوە بە گەلێکی چالاکی سیاسی. بەشداربوونی کورد لە ڕوخاندنی دەوڵەتی بەعسدا، وەک بەشێک لە هێزی هاوپەیمانان و لەشەڕی تیرۆریزمدا، سەلماندی کە کورد بەرژەوەندییەکی هاوبەشی لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانانیدا هەیە و شایەنی ئەوەیە لە ناوچەکەدا حیسابی بۆ بکرێت و تەنانەت پشتی پێ ببەسترێت. ئێستایش کە هەوڵی دروستکردنەوەی عێراقێکی نوێ و دیموکرات دەدرێت گەلی کوردستان دەتوانێت، بە قازانجی دیموکراتیزەکردنی عێراق و سێکولاریزم (عەلمانییەت) گرنگترین و بەکارترین لایەن بێت. لە ڕاستیدا نە عێراق بەبێ کورد دروست دەکرێتەوە، نە پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی عێراق و بنەبڕکردنی مەترسی تیرۆر و پێشگرتنی خولیای هەیمەنەی ئیسلامی سیاسی بەبێ بەشداربوونی کورد سەردەگرن. ئەمریکا لە عێراقدا دۆستێکی لە گەلی کوردستان باشتری نییە. گەلی کورد دەتوانێت ببێتە ئەو هێزەی کە، لە ستراتیژیای نوێی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لە ناوچەکەدا، وەک هاوپەیمان حیسابی بۆ بکرێت. سەرەنجام بەرژەوەندییەکانی لەبەرچاو بگیرێن. ئەمانە هەموویان فاکتەری گرنگن کە نوێنەرانی

سیاسیی کورد دەتوانن بە قازانجی چارەسەری ڕەوا و یەکجارەکیی پرسی کورد سودیان لێ وەربگرن. لە پاڵ ئەمانەدا فاکتەرێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە کە گەلی باشووری کوردستان لە بەرامبەر هەڕەشەی شۆڤێنیزمی عەرەبی و مەترسی هەیمەنەی ئیسلامی سیاسیی شیعە و سوننەدا، لە بەرامبەر تیرۆر و شاڵاوی کولتووری خۆتەقاندنەوەدا، بە هۆشیارییەکی قووڵی نەتەوەیی و سیاسییەوە پشت لە مێژووی ناکۆکی و دووبەرەکیی دەکات و بەرەو تەبایی و یەکگرتنەوەی نەتەوەیی دەڕوات. ئامادەیە یەکگرتووانە، داکۆکی لە ماف و ئازادیی خۆی و وڵاتەکەی بکات. لەگەڵ ئەواندا بە ملیۆنان کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و ئەورووپادا دەتوانن ببنە پاڵپشتێکی گەورەی گەلی باشووری کوردستان.

ئەگەر ئێستا ئەمریکا، بەو پێیەی لە ڕووی قانوونییەوە لە ڕەوشی سیاسیی عێراق بەرپرسیارە، ناڕاستەوخۆ بووبێتە لایەنێکی کێشەی نێوان عێراق و کوردستان، لەمانگی جونی (حوزەیران)ی ساڵی 2004 بەدواوە لەم مەسئولییەتە دەرباز دەبێت و دەسەڵاتی سیاسی تەسلیمی حکومەتێکی شەرعی دەکات. دوای ئەوە ناکرێت ئەمریکا بە قازانجی عەرەبی عێراق و دەوڵەتی عێراق تەرەفێکی کێشەکە بێت. دیارە ئەوەی ئێستا بۆ ئەمریکا گرنگە پێش هەر شتێک ئارامی و ئاسایشی عێراق و کرانەوە و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵی عێراقە. ئەگەر ئەمریکا، بە پێی بەرژەوەندیی ستراتێگی و سیاسیی خۆی، پلانێکی تایبەتی بۆ کوردستان نەبێت، ئەوا ڕەنگە بەلایەوە زۆر گرنگ نەبێت ئەگەر کورد لە عێراقی داهاتوودا قەوارەیەکی فیدرالیی خاوەن جیۆگرافیای خۆی هەبێت، یاخود کورد تەنیا بەوە

ڕازی بێت کە، وەک هاووڵاتییەکی عێراقی، مافی ئازادی و هاووڵاتیبوونی بۆ دابین بکرێت. ئەوە گرفتی خەڵکی کوردستانە، نەک ئەمریکا، کە بە چ شێوەیەک دەیانەوێت لە چوارچێوەی عێراقدا بژین؛ بە واتایەکی دی خەڵکی کوردستان، نەک ئامریکا، دەبێت چارەنووسی سیاسیی خۆی و شێوەی پێکەوەژیانی لەگەڵ گەلی عەرەبی عێراقدا دیاری بکات. ئەگەر کورد خۆی پێ لەسەر مافی نەتەوەیی خۆی دانەگرێت و هەوڵ نەدات بە ئەمریکا بسەلمێنین کە دیموکراتی و ئارامی لە عێراقدا، بەبێ مافی نەتەوەیی و نیشتمانیی گەلی کوردستان سەرناگرن، ئەوا نابێت چاوەڕوانی ئەوە بێت کە ئەمریکا، لە بری کورد، ئەم کار بۆ کورد بکات. ڕاستە لە کێشەی نێوان عێراق و کوردستاندا پرینسیپە سیاسی، قانوونی و ئەخلاقییەکان ئەوە لە ئەمریکا دەخوازن کە (بە هەمان شێوەی باشووری سودان) پشتگیری لە لایەنی ستەملێکراو و جینۆسایدکراو بکات، بە تایبەتی کە کورد هێشتا هاوپەیمانی ئەمریکایە. دیارە مرۆڤ ناتوانێت لە سیاسەتدا تەنیا پشت بەم پرینسیپانە ببەستێت. بەڵام ئەگەر ئەمریکا ئامادە نەبێت ئەم کارە بکات ئەوا باوەڕ ناکەم هەوڵ بدات بە زەبری هەڕەشە و فشار ئیرادەی شۆڤێنیزمی عەرەب بەسەر کورددا بسەپێنێت. ئەمریکا لە خراپترین حاڵەتدا، دەتوانێت بێلایەنانە سەرپەرشتی وتووێژی نوێنەرانی عێراق و کوردستان بکات و گەرەنتی پارێزگاری و بەجێگەیاندنی هەر ڕێکەوتننامەیەکی نێوانیان بێت. کەواتا دەتوانین بڵێین کە شێوەی چارەسەری کێشەی نێوان کوردستان و عێراق، مەرجەکانی پێکەوەژیانی ئارەزومەندانەی گەلی کوردستان و عێراق، تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندیی بە

خۆمانەوە هەیە. ئایا ئێمە ئامادەین توانای سیاسی و ئابووری و مرۆیی خۆمان و پێناسەی نەتەوەیی خۆمان لەناو تواناکانی عێراق و پێناسەی عێراقیدا بتوێنینەوە، یان دەمانەوێت وەک یەکەیەکی نەتەوەیی و جوگرافیایی لە ناو عێراق و ناوچەکەدا ڕۆڵی خۆمان بگێڕین؟ ئایا ئێمە سوور دەبین لەسەر ئەوەی کە خۆمان چارەنووسی سیاسیی خۆمان بڕیار بدەین یان ڕازی دەبین، لە جیاتی خۆمان، لە بەغداوە چارەنووسمان بڕیار بدرێت؟

* * *

عێراق لە سەرەتای دروستکردنییەوە هاوئاهەنگیی نەتەوەیی و مەزهەبی و بوونی هەستی هاوچارەنووسی و توانای پێکەوەهەڵکردنی نەتەوەیی تێدا نەبووە. ئامانجێکی هاوبەش گەلانی عێراقی بەرەو دروستکردنی دەوڵەتەکە نەبردووە. دەوڵەت لەباتی ئەوەی بەرژەوەندیی هاووڵاتیان بپارێزێت و تەبایی نەتەوەیی و کولتووری  و کۆمەڵایەتی لە نێوان گەلانی عێراقدا دروست بکات خۆی بۆتە هۆکاری لێکدابڕان و قووڵکردنەوەی کێشە نەتەوەیی و مەزهەبی و کۆمەڵایەتییەکان. ستەم و کولتووری سیاسیی هەشتا ساڵەی دەوڵەتی عێراق بەرامبە بە گەلەکانی دیوارێکی سایکۆلۆگی و سیاسیی لە نێوان گەلانی عێراقدا (بە تایبەتی لە نێوان گەلی کوردستان و گەلی عەرەبدا) دروست کردووە کە توانایەکی زۆری بۆ پێکەوەژیانیان نە هێشتۆتەوە. ئەگەر شیعەکان و سوننەکان بتوانن لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات پێک بێن دەشێت ئاسانتر گرفتەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن،

چونکو لە دوائەنجامدا عێراق دەربڕی پێناسەی ئەوان و عێراقی ئەوانە.

بەڵام کێشەی نێوان عێراق و کوردستان ناوەڕۆک و سروشتێکی دیکەی هەیە. ئەمە کێشەی خاک و زمان و کولتوور و پێناسەیە، نەک مەسەلەی دەسەلات. بەشداریی کورد لە دەسەڵاتدا، چەند بەهێز بێت، ناتوانێت بە تەنیا پرسی نەتەوەیی کورد چارەسەر بکات. ئەم بەشداربوونەیش دەبێت وەک بەشێک لە چەسپاندنی مافی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد بێت، نەک لەسەر حیسابی پرسی کورد. ئەم بەشداربوونە تەنیا بە پەیوەندی لەگەڵ ئەو ماف و ستاتوسە سیاسی و قانوونییەی گەلی هەرێمی کوردستان پێی دەگات دەتوانێت مانای هەبێت و بەردەوام بێت. بۆیە هەر شێوە چارەسەرێکی پرسی کورد لە عێراقدا ئەگەر پشت بە پرینسیپی مافی خۆبڕیاردانی چارەنووسی گەلی کوردستان و پێکەوەژیانی ئارەزومەندانە نەبەستێت و سنوورێکی فیدرالیی نەتەوەیی و جیۆگرافیایی بۆ کوردستان دەستەبەر نەکات، ئەوا چارەسەرێکی نیوەچڵ دەبێت و سەرەنجام کێشەکە سەرهەڵدەداتەوە، یان کورد دەکرێتە هێزێکی لاوەکی و پەراوێزیی ئەوتۆ کە جگە لە ئیندیماجکردن لەگەڵ عێراق و توانەوە لە ناو کۆمەڵی عەرەبیی عێراقدا ڕێگایەکی دیکەی لەبەردەمدا نەبێت.

ئەسلی مەسەلەکە ئەمەیە:ئایا ئێمە ببین یان نەبین؟

# IV

# عێراق:
# دیموکراتیزەکردن یان هەڵوەشانەوە

1

لە دوای ڕووخاندنی دەوڵەتی عێراقەوە دۆخی سیاسیی عێراق و هۆشیاریی سیاسیی گەلانی عێراق ڕوو لە گۆڕانکاریی جۆراوجۆرن. ڕەنگە گرنگترینی ئەم گۆڕانکارییانە، دوای بڕیاردانی قانوونی کاتیی سەردەمی تێپەڕبوون، ئەوە بێت کە ناسیۆنالیزمی عەرەبی (عەرەبیزم) لە عێراقدا، کە کولتوور و پێناسەی خۆی بەسەر دەوڵەت و کۆمەڵی عێراقدا سەپاندبوو،

شکستی هێناوە. لەگەڵ ئەم شکستەدا قەیرانی پێناسەی عێراق توندتر بووە. عێراقی دوای بەعس، لە واقیعدا و تەنانەت لە هۆشیاریی زۆرینەی خەڵکی عەرەبی عێراقدا،چی دی ئەو دەوڵەت و وڵاتە گوایا عەرەبییە نییە کە خۆی بە پێشەنگی هەموو عەرەب و هەڵگری پەیامی یەکخستنی نەتەوەی عەرەب بزانێت. بەڵام لە بەرامبەر تێکشکانی ئایدیۆلۆژیا و دیسکۆرس (خیتاب)ی عەرەبیزمدا هێشتا ئەلتەرناتیڤێکی دیموکرات و لیبرال دەرنەکەوتووە، بەڵکو ئایدیۆلۆژیا و دیسکۆرسی ئاینی- مەزهەبی زاڵ بووە. بۆیە دوور نییە هەوڵ بدرێت لە بری پێناسەی قەومیی عەرەبی پێناسەیەکی ئاینی- مەزهەبی بۆ عێراق دابتاشرێت. لەبەر ئەوە کێشە یان شەڕی ئیمرۆ و سبەینێی عێراق، بە ڕای من، پێش هەر شتێک کێشە یان شەڕی نێوان کولتوورە سەرەکییەکانی نێو کۆمەڵی عێراق دەبێت (لێرەدا ئاین و مەزهەبیش لە ناو چەمکی کولتووردا کۆکراونەتەوە). چونکو هەندێک لەم کولتوورانە دەخوازن نرخاندن و پرینسیپەکانی خۆیان و پێناسەی خۆیان بەسەر عێراقدا بسەپێنن، هەندێکی دیکەیان دەیانەوێت پارێزگاریی پرینسیپ و نرخاندنەکانیان بکەن و جێگای خۆیان لەنێو پێناسەی نوێی عێراقدا بسەلمێنن. بۆیە ئەگەر عێراق وەک قەوارەیەکی سیاسی بمێنێتەوە دەبێت بە دڵنیاییەوە بەلانسێکی عاقڵانە لە نێوان ئەم کولتوورانەدا پێک بێت. دیموکراتی و لیبرالیزم، لە سایەی سیستمێکی کۆنفیدرالیدا، دەتوانن ئەم بەلانسە کولتوورییە دروست بکەن و پێناسەیەکی نوێی گونجاو بۆ عێراق پێشنیار بکەن، کە پێکهاتی عەرەبی- کوردستانی، مەزهەبی و ئاینیی عێراقی داهاتوو دەرببڕێت، وەک دواتر باسی دەکەم.

قانوونی کاتیی سەردەمی تێپەڕاندن، لەم بارەیەوە، هەندێک سەرەتای گرنگی بۆ سروشتی دەوڵەتی داهاتووی عێراق، وەک دەوڵەتێکی دیموکرات و نائاینی و فیدرال داڕشتووە. هەروا بە پێی ئەم قانوونە کاتییە شێوەی بەڕێوەبردنی عێراق و بڕیاردانی قانوونی ئەساسیی عێراقی ملکەچی پرینسیپی ڕێککەوتن (التوافق) کراوە؛ واتا ڕێککەوتن و ڕەزامەندیی نوێنەرانی هەردوو گەلی سەرەکی عێراق و خەڵکی سەر بە هەردوو مەزهەبی شیعە و سوننە. ئەمەیش ڕێگا لە زۆرایەتی (نەتەوەیی، مەزهەبی- ئاینی) دەبەستێت کە ئیرادە و پرۆگرامی سیاسیی خۆی بەسەر کەمایەتیدا و پێناسەی خۆی بەسەر عێراقدا بسەپێنێت. بۆیە عێراق لەبەردەم دووڕیانێکدایە: دیمکراتیزەکردن یان هەڵوەشاندنەوە، یەکسانبوونی کولتوورەکان (نەتەوە و مەزهەبەکان) یاخود دابەشکردن.

ڕەوشی سیاسیی عێراق لە ڕوخاندنی دەوڵەتی عێراقەوە تا هەڵبژاردن و قبووڵکردنی ئەنجامەکانی دەیسەلمێنێت کە، لە سەردەمی گلۆبالیزم (جیهانگیری) و مەترسی تیرۆریزمی ئیسلامیدا، گۆڕان بە کۆمەکی دەرەکی دەتوانێت کارێکی پڕمانا و بەلای زۆرەوە سەرکەوتوویش بێت، بۆیە دەشێت ببێتە مۆدێلێکی باو لە سیستمی سیاسیی نوێی جیهانیدا. ئەو گەلانەی کە ناتوانن خۆیان لە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری و شەڕخواز ڕزگار بکەن و سیستمێکی دیموکراتی دابمەزرێنن دەشێت بە کۆمەکی دەرەکی ئازاد بکرێن و بەرەو دیموکراتی بەڕێ بخرێن.

نیو سەدەیەکە ئەمریکا و ڕۆژئاوا، بە هۆی شەڕی ساردەوە، یان بە بەهانەی دابینکردنی ئارامی و سەقامگیریی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، چاویان لە ستەم و ئیستیبدادی دەوڵەتە دیکتاتۆرییەکانی ناوچەکە پۆشیوە و کۆمەکیان کردوون. بەڵام دوای 11ی سێپتەمبەری 2001 دەرکەوت کە دەوڵەتی دیکتاتۆری دەشێت خۆی لە خۆیدا شەڕ و نائارامی بێت و هەڕەشە لە ئاسایشی جیهانی و بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی دوورمەودای ئەمریکا بکات. ئەزموونی مێژوویی (بۆ نمونە ئەزموونی وڵاتانی ئەوروپا) پێشانی داوە کە ئاشتیی نێوخۆ و هەرێمی و سەقامگیریی سیاسیی بەبێ ئازادی و دیموکراتی دەستەبەر ناکرێن.

زۆربەی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی نێوین (لەوانە دەوڵەتانی عەرەبی) کراونەتە قەڵای دیکتاتۆریا و ستەم و دواکەوتن. سیستمی خوێندن و پەروەردەی ئاینی و دیسکۆرسی سیاسیی ئەو وڵاتانە پشت بە فیکری غەیبی و سەلەفی دەبەستن و شۆڤێنیزمی ئاینی و کولتووری و ڕقبوونەوە لەویدی (غەیرە مسوڵمان، غەیرەعەرەب) هان دەدەن و لەناوبردنیان بە ڕەوا دادەنێن. لەم کەشوهەوا سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەدا فۆندەمێنتالیزمی ئیسلامی و فیکری تەکفیری و تیرۆریزمی ئیسلامی سەر هەڵدەدەن و وەک هەڕەشەیەک بە دنیادا بڵاو دەبنەوە. لەبەر ئەوە مەسەلەی گۆڕانکاری و ڕیفۆرمی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری لەم وڵاتانەدا بوونەتە داواکارییەکی جیهانی و بەشێک لە پێداویستییەکانی شەڕی دژ بە تیرۆریزم. پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی

نێوینی گەورە، ئەم داخوازییە جیهانییە دەردەبڕێت، بەو مەبەستەی کۆمەک بەو وڵات و کۆمەڵانە بکات تا بەرەو و دیموکراتی بڕۆن.
هەڵبەت پرۆسێسی دیموکراتیزەکردن لە ڕۆژهەڵاتی نێویندا تایبەتمەندیی خۆی دەبێت. هەروا مەرج نییە ئەنجامی ڕاستەوخۆی ڕووناکگەری و مۆدێرنێتە و پێشکەوتنی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری بێت (بەو شێوە کلاسیکییەی کە لە ئەوروپادا دەستی پێکرد). لە سەردەمی ئیمڕۆدا دەشێت پرۆسێسی دیموکراتیزەکردن بە کۆمەکی دەرەکی و لە ئەنجامی پێداویستییەکانی گلۆبالیزم و وەک بەشێک لە شەڕی دژی تیرۆریزم بێت. ئەم پرۆسێسەیش لە جیاتی ئەوەی لە خوارەوە، واتا لە ناو کۆمەڵەوە، دەست پێ بکات و بەرەو سەرەوە فشار بەرێت تا دەسەڵاتێکی سیاسیی دیموکرات و دەستوورێکی دیموکراتانە بسەپێنێت، دەشێت بە پێچەوانەوە لە سەرەوە بەرەو خوارەوە شۆڕ ببێتەوە. پرۆسێسی دیموکراتیزەکردن سەرەتا بە گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی و دروستکردنی شێوەیەکی نوێی حوکمڕانی، دیارە بە کۆمەکی دەرەکی، دەست پێ دەکات. دوای ئەوە لە سەرەوەڕا (بە هۆی دەسەڵاتی سیاسییەوە) بەرەو خوارەوە (بۆ ناو کۆمەڵ) شۆڕ دەبێتەوە. ئەمەیش مۆدێلێکی دیکەی دیموکراتیزەکردنە، چونکو لە جیاتی ئەوەی پێشکەوتنی کۆمەڵ سیستمێکی حوکمڕانیی دیموکرات، وەک گەرەنتی بەردەوامبوونی، خۆی بخوڵقێنێت ئەوا سەرەتا حوکمڕانییەکی دیموکرات بە کۆمەک و چاودێریی هێز و لایەنی دەرەکی دروست دەکرێت. دوای ئەوە بەهۆی دەسەڵاتی دەوڵەت و سیستمی حقوقی

و دەزگا جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتەوە گۆڕانکاریی گرنگی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریی ئەوتۆ دەکرێن کە سەرکەوتن و پاراستنی پرۆسێسی دیموکراتی دەستەبەر بکەن. بە ڕای من ئەم مۆدێلەی دیموکراتیزەکردن لە سەردەمی ئێستادا، گونجاوترین مۆدێل و ڕەنگە تاکە دەرەتانێکیش بێت بۆ ئازادکردنی کۆمەڵ و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوین، چونکو ئیستیبدادی دەوڵەت و پاشکەوتنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەو وڵاتانە دەرفەت نادەن کە ئەو کۆمەڵانە بە شێوەی سروشتی گەشە بکەن، بەرەو دیموکراتی و مۆدێرنێتە بڕۆن و تێکەڵاوی رەوشی سیاسی، ئابووری و کولتووریی دنیا ببن"1.

2

پرۆسێسی دیموکراتیزەکردنی عێراق، ئەگەر سەربگرێت، سەرەتای گۆڕانێکی نوێ لە کۆمەڵی کوردستاندا دروست دەکات. لە هەمان کاتدا دەتوانێت دەرەتانی نوێ بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کوردستان و عێراق بڕەخسێنێت. هەڵبەت ئەم پرۆسێسە مەرج نییە پرسی گەلی کوردستان بە تەواوی چارەسەر بکات، یان مافی خۆبڕیاردانی چارەنووس بۆ ئەم گەلە، بە شێوەی سەربەخۆبوون، دەستەبەر بکات، بەڵام مەرجیش نییە گریمانەی بەدەستهێنانی ئەم مافە نەهێڵێت. عێراقێکی دیموکرات ڕەنگە بتوانێت شێوەی پەیوەندیی نێوان خۆی و کوردستان، لە پەیوەندییەکی داگیرکەرانەوە بگۆڕێت بۆ پەیوەندییەکی نیمچە یەکسانانەی ئەوتۆ کە ستەمی زۆرایەتیی عەرەب بەرامبەر بە کورد زۆر کەم ببێتەوە. ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان گەلی کوردستان بگاتە ئەو

ئەنجامەی کە ناتوانێت لەگەڵ گەلی عەرەبی عێراقدا بژی، ئەوا ئەو کاتە دەتوانێت کێشەکەی لەگەڵ دەوڵەتێکی دیموکراتدا بەشوەیەکی ئاسانتر، یان ڕەنگە بە ئاشتییانە، یەکلا بکاتەوە.

دیموکراتیزەکردنی عێراق لە هەمان کاتدا دیموکراتیزەکردنی کوردستانیش دەگەیەنێت. بۆیە کرانەوە و مۆدێرنکردنی کۆمەڵی عێراق، تا ڕادەیەکی زۆر، کرانەوە و مۆدێرنکردنی کۆمەڵی کوردستانیش دەبێت.

ئێمە لە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە، لەساڵی 1992 دا، تا ئیمڕۆ سەلماندمان کە بە توانای نێوخۆیی خۆمان نە دەتوانین کوردستانێکی سەربەخۆ دروست بکەین، نە دکارین دەسەڵاتێکی دیموکراتی دابمەزرێنین و کۆمەڵی کوردستان مۆدێرن و دیموکراتیزە بکەین. ئەمە ڕاستییەکە نابێت نکوڵی لێ بکەین، یان بە هەندێک بەهانەی سیاسی و کۆمەڵێک دروشم و پەیڤی ڕازاوە دای بپۆشین. لە جیاتیان، بە ڕای من، باشترە باس و لێدوانی جیدی لە بارەی ئەم مەسەلانەوە بکەین. ئایا دوای هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عێراق ئێمە ستراتیگێکی دروستمان هەڵبژارد؟ ئایا نەدەکرا وەک ئێریتریا و بۆسنیا...تاد سەربەخۆیی خۆمان ڕابگەیەنین، یان هەر نەبێت گۆڕینی عێراق بە قەوارەیەکی کۆنفیدرالی بکەینە مەرجی یەکگرتنەوە لەگەڵ عێراق؟ ئێمە لە دوای ڕاپەڕینەوە بە ڕاستی ئازاد بووین، بەڵام بۆچی نەمانتوانی کۆمەڵە دەزگایەکی نەتەوەیی دروست بکەین و لە ڕێگای دەستوورێکی دیموکراتانەوە مافی هاووڵاتیبوون و ئازادی و

یەکسانبوون و کەمترین ئاستی عەدالەتخوازی لە کۆمەڵی کوردستاندا بچەسپێنین؟
کەواتا ئێمە دەبێت، وەک هەرکام لە کۆمەڵ و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوین چاوەڕێ بین بە کۆمەکی دەرەکی، یان لەژێر فشاری دەرەکیدا، ڕوو لە دیموکراتی و مۆدێرنێتەی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و کولتووری بکەین. هەڵبەت تا ئەو کاتەی ئێمە بەشێکین لە عێراق دەبێت، بە داخەوە، چاوەڕێ بین لە ڕێگای دیموکراتیزەکردنی عێراقەوە ئێمەیش بەرەو دیمکراتی ببرێین، ئەمەیش پارادۆکس (موفارەقە)ێکی سەرنجڕاکێشە!

بەڵام پرۆسێسی دیموکراتیزەکردن دیارە بە کۆمەکی دەرەکی،بە ڕای من، لە هەرێمی کوردستاندا ئەگەری سەرگرتنی زۆرترە تا لە عێراق و زۆرینەی وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێویندا، چونکو:

یەکەم: لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا هێزی حوکمڕان، ئێلیتی سیاسی و ڕووناکبیرانیان هەروا لایەنە ئیسلامییە سیاسییەکان بە توندی دژی دیموکراتی و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵەکانیانن. بەڵام ئەمە تەنیا لایەنێکی ئاستەنگیەکەیە، لایەنەکەی دیکە ئەوەیە کە زۆرینەی خەڵکی ئەو وڵاتانە دیموکراتی بە ڕێگاچارەی گرفتە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیان نازانن. دیماگۆگیی دەوڵەت و مێدیا و سیستمی خوێندن و پەروەردەی ئاینی توانیویانە ڕای گشتی بە جۆرێک چەواشە بکەن کە دیموکراتی لای ئەوان بگۆڕن بە نەفرەتێکی دیکەی ڕۆژئاوا و ئیسرائیل، سەرەنجام زۆربەی

خەڵکەکە دیموکراتی بە هەڕەشەیەک لە ئاین و کولتوور و شێوەی ژیان و پێناسەی نەتەوەییان دابنێنن.
کەچی لە کوردستاندا زۆرینەی خەڵکی کوردستان، بە ڕووناکبیران و تەنانەت ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەکانیشەوە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵی کوردستان بە بەشێک لە پرۆسێسی خەباتی ڕزگاریخوازی و بە گەرەنتییەکی ئازادیی خۆیان و نەتەوەکەیان دەزانن. بەڕای من ئێلیتی حوکمڕان کۆسپی سەرەکیی دیموکراتیزەکردنی کوردستانن، چونکو پێیان وایە دیموکراتی هەڕەشە لە دەسەڵاتیان دەکات، یان سنووری بۆ دادەنێت.

دووەم: زۆربەی ئەو وڵات و کۆمەڵانە لە ژێر کاریگەریی بیری سەلەفیی ئیسلامی و شۆڤێنیزمی ئاینی و کولتووری دان. دەزگا و ناوەندە ئاینییەکان و زانایانی ئاینی و تەنانەت مێدیای عەرەبی سەرقاڵی ئەم جۆرە بیرە ن و بیری کۆنەپەرستانە دێننەوە بەرهەم و بڵاویان دەکەنەوە. بیری سەلەفیی، کە بۆتە ئایدیۆلۆگیی ئیسلامی سیاسی، لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا وەک تاکە هەقیقەت خۆی پێناسە دەکات. بۆیە رەخنە لە کۆمەڵ و مێژوو، بانگێشەی عەدالەت و یەکسانی و ئازادیی ژن و تاکەکەس بەگشتی تا ئەو شوێنە دەتوانن برۆن کە ئەم بیرە سەلەفییە قبووڵی دەکات. باسکاری عەرەب کەمال ئەبودیب پێیوایە کە "عەقڵی عەرەبی عەقڵێکی دواکەوتووانەیە و ناتوانێت بیر لە مەسەلە سەراسەرییەکان بکاتەوە و پراگماتیکانە و جیهانییانە بێت" باسکارێکی دیکەی عەرەب، عەبدولخالیق حوسێن، دەنووسێت "هێشتا فیکری عەرەبی بەندی فیکری سەلەفییە و لەگەڵ مۆدێرنێتە

و شارستانی رۆژئاوادا، بە پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆگی و دیموکراتی و مافی مرۆڤەوە، بەرەنگاری دەکات"2.
کەچی لە کوردستاندا سەلەفییەتی ئیسلامی ئەو دەسەڵاتە ئاینی و سیاسی و فیکرییەی نییە. بیر و دیسکۆرسی زاڵ لە کوردستاندا هێشتا بیر و دیسکۆرسی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازییە. تەنانەت زۆرینەی زانایانی ئاینی لە کوردستاندا، پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ئاینی ئیسلام و ئازادبوونی نەتەوەکەیاندا دەبینن. زۆربەیان ستەمی دەوڵەتی عێراقیان دیوە. ئەوانیش وەک خەڵکی کوردستان بە ئەزموونی خۆیان بەو ڕاستییە گەیشتوون کە لە کوردستاندا ئازادیی ئاینی ئیسلام و ڕێزگرتن لە ئیسلام، تا ڕادەیەکی زۆر، بە ئازادیی خەڵکی کوردستانەوە بەستراوەتەوە.

سێیەم: دوژمنایەتیی ڕۆژئاوا و ئەمریکا، بۆتە ئاینی نیشتمانیی زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوین. یان "دوژمنایەتیی ئەمریکا، لە وڵاتانی عەرەبیدا ، کراوەتە شەهادەتنامەی تەزکییەکردن بۆ عروبە و ئاین و نیشتمانپەروەری و پێشکەوتنخوازی و شەرەف و کەرامەت"3" هەڵبەت ئەم دوژمنایەتییە مێژووییەکی کۆن- نوێی هەیە کە ڕیشەکەی بۆ کێشەی نێوان ئیمپراتۆریای بیزێنتی و ئیمپراتۆریای عەرەبیی ئیسلامی، دواتریش کێشەی ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئەوروپا دەگەڕێتەوە. ئەم کێشەیە بە درێژایی سەدان ساڵ و تا هاتنی کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوا بۆ ناوچەکە و دەرکەوتنی کێشەی نێوان عەرەب و ئیسرائیل، بە شێوە و بەهانە و ناوی جۆراوجۆرەوە هەر بەردەوام بووە. ئەم کێشە ئاینی و سیاسییە مێژووییە، کە زۆر جار بە کێشە، یان شەڕی کولتوورەکان ناو

دەبرێت، ئێستا بە جۆرێکی دیکە خۆی دەرخستۆتەوە و بۆتە دیاردەیەکی زاڵی فیکری و سیاسی. فۆندەمێنتالیستان لە هەردوو بەرەدا لە سەنگەرەکانی ئیمان و باوەڕدا بەرامبەری یەکتری ڕاوەستاون. هێزە سیاسییە ناسیۆنالیستی و ئیسلامی و چەپەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوین، لەگەڵ جیاوازیی ئایدیۆلۆگی و سیاسییان، پێکەوە لە سەنگەرێکدا کۆبوونەتەوە. ئەوان تەنیا بە دژایەتیی فیکر و کولتووری ڕۆژئاوادا نەوەستاون، بەڵکو جاڕی شەڕیان دژی داوە، لە شەڕی ئایدیۆلۆگی و کولتووری و مێدیاوە تا خۆتەقاندنەوە و کاری دیکەی تیرۆریستی.

کەچی گەلی کوردستان گرفتی لەم جۆرەی لەگەڵ ڕۆژئاوادا نییە. کورد نە بەشێکە لە مێژووی ئیمپراتۆریایی و نە خۆی بە میراتگری کولتوور و سەروەریی غەزوی ئەو ئیمپراتۆریایانە دەزانێت. خەڵکی کوردستان، بە پێچەوانەی زۆرینەی خەڵکی ئەو وڵاتانە، هیچ گرفتێکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ڕۆژئاوادا نییە و بەشێکیش نییە لەو پرۆژە ئیسلامییە توندڕەو و قەومییە عەرەبییەی کە دەخوازێت بەرەیەکی جیهانی لە دژی ڕۆژئاوا و ئەمریکا ساز بکات. گرفتی ئێمە، لەگەڵ کۆمەڵە دەوڵەتێکی بە ئەسڵ ئیسلامییە کە دەیان ساڵە زمان و کولتوورمان دەکوژن، نەک هەر مافی ئازادی، بەڵکو تەنانەت مافی ژیانیشمان پێ ڕەوا نابینن. کەچی ئەمریکا و هاوپەیمانانی، لە دوای شەڕی کەنداوەوە، گەلی باشووری کوردستان دەپارێزن. لە دوای ڕوخاندنی دەوڵەتی بەعسیشەوە، هیوایەکی نوێیان بە گەلی کوردستان و عێراق و ئازادیخوازانی ناوچەکە بەخشیوە. بۆیە خەڵکی کوردستان مافی خۆیەتی (وەک گەلانی ئەورووپای دوای شەڕی دووەمی جیهان) کە

ئەمریکا بە ڕزگارکەر بزانێت، دۆستانە هاوکاری بکات و داوای مانەوەی لەکوردستان و عێراقدا بکات.

چوارەم: لە زۆربەی وڵاتانی ناوچەکەدا دەسەڵاتێکی بەهێزی دیکتاتۆری و ئیستیبدای هەیە کە بە درێژایی دەیان ساڵ توانیویەتی کولتووری دەسەڵات و کۆمەڵە دەزگایەکی سەرکوتکردن و داپڵۆسین بەرهەم بهێنێت و زۆرترین تەکنیکی مۆدێرن بۆ کۆنترۆڵ و چاودێری کۆمەڵ بەکار بێنێت. توانیویەتی پەراوێزی ئازادی و کولتووری ڕەخنە لە دەسەڵات و داکۆکی لە مافی مرۆڤ و ئازادیی ژن هێندە تەنگەبەر بکەنەوە کە مرۆڤ دەتوانێت بڵێت هەر نین. ئەم شێوە دەسەڵاتە مەحکەمە بە زەحمەت دەتواندرێت ڕیفۆرمی تێدا بکرێت و دیموکراتیزە بکرێت، چونکو ڕیفۆرم و دیموکراتیزەکردن ئەم جۆرە دەسەڵاتە هەڵدەوەشێننەوە. کەچی لە کوردستاندا دەسەڵات خۆی ساوا و ناسەقامگیرە. لە بواری تەکنیکی کۆنترۆڵ و چاودێریکردندا کەم توانایە. لەوەیش زیاتر دەسەڵات سێنتراڵ نییە بەڵکو لاواز و دابەشکراوە. دەسەڵاتی کوردی تێکەڵییەکە لە نێوان نەریتی بەڕێوەبردنی عەشیرەتی، کولتووری بەڕێوەبردنی پارتایەتی و بزاڤی ڕزگاریخوازیی لەگەڵ هەندێک توخمی کولتووری دەسەڵات. ئەم شێوە دەسەڵاتە ساوایە، کە نامۆدێرنە، زیاتر توانای گۆڕین و ڕیفۆرمی تێدایە، دیارە بە کۆمەکی دەرەکی! لەبەر ئەم هۆکارانە و هی تریش، لە کوردستاندا ئازادییەک هەیە، کە لەگەڵ ناتەواوییەکەیدا، لە زۆربەی وڵاتانی دیکەی ناوچەکەدا نییە. ئاشکرایە ئەم ئازادییە پاڵپشتی دەستووری و دامەزراوەیی

Institution نییە بۆیە پارێزراو نییە. خەڵکی کوردستانیش نە لە بەردەم یاسادا، نە لە بواری دەرفەتی کاری گرنگ و گەشەکردندا یەکسانن و نە بەیەک ئەندازەیش دەتوانن سوود لەم ئازادییە وەر بگرن. هەڵبەت ئەگەر مرۆڤ باس لە ناتەواویی ئەم ئازادییە و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و دڵڕەقی دەسەڵات لە کوردستان بکات دەتوانێت زۆر شتی دیکەیش بڵێت. بەڵام ئەم ئازادییە ناتەواوەی کە دروست بووە فەزایەکی نوێی بۆ ڕەخنە لە دەسەڵات، بوێری ڕووناکبیرانە، داکۆکی لەمافی مرۆڤ و ئازادیی ژنان و خەبات بۆ دیموکراتی و بەمەدەنیکردنی کۆمەڵی کوردستان پێک هێناوە، کە بە قازانجی پرۆسێسی دیموکراتیزەکردنە.

3

لە ماوەی زیاتر لە هەشتا ساڵی مێژووی دەوڵەتی عێراقدا، نەتواندرا گەلێکی تەبا و هاوهانەگ و هاوچارەنووس دروست بکرێت. کێشە کولتوورییەکانی ئیمڕۆی عێراق دەری دەخەن کە بوونی گەلێک بە ناوی "گەلی عێراقەوە" تەنیا لە ئایدیۆلۆگیی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و لە ناو سەری سەرانی پێشووی دەوڵەتی عێراقدا بوونی هەبووە و هەیە. ئاشکرایە دوای ئەم لێکدابڕان و لێکتۆقینەی لە نێوان خەڵکی سەر بەم کولتوورانەدا دروست بووە ئیدی توانای قسەکردن لە بارەی گەلێکی هاوئاهەنگ و هاوچارەنووس بە ناوی گەلی عێراقەوە نەماوە. بەڵام ئەگەر هێشتا لە توانادا مابێت کە گەلانی عێراق پێکەوە لە ناو

قەوارەیەکدا بژین، پێویستە میکانیزمێکی نوێ بۆ پەیوەندیی یەکسانانەی نێوانیان دابهێندرێت.

عێراق وڵاتێکی فرەکولتوورییە، بەڵام دیاردەی فرەکولتووری عێراق تایبەتمەندییەکی مێژوویی و جیوگرافیایی هەیە و نابێت بە دیاردەی فرەکولتووری بۆ نموونە هەندێک لە وڵاتانی ئەورووپا، یان تەنانەت هیندستان و پاکستان و هەندێک وڵاتی دی بەراورد بکرێت. من باسی جیاوازیی کولتووریی نێوان گەلانی عێراق (شیعە، سوننە، کورد..تاد) ناکەم چونکو ئەمەیان هەم زانراوە و هەم باسەکە زۆر درێژتر دەکاتەوە. بەڵام لە پاڵ ئەو جیاوازییە کولتوورییە ناسراوەدا ئاماژە بە دوو تایبەتمەندیی دیکەی گرنگ دەکەم: تایبەتمەندیی مێژوویی و تایبەتمەندیی جیۆکولتووری (جیۆگرافیایی- کلوتووری)

یەکەم- تایبەتمەندیی مێژوویی: عێراق قەت قەوارەیەکی سەربەخۆ نەبووە. عەرەبی عێراق بە درێژایی سەدان ساڵ، بە هۆی کێشەی خوێناویی مەزهەبی و وەلائی سیاسی و ڕۆحیی جیاوازیانەوە هەمیشە دیوارێکی سایکۆلۆگی و ڕۆحی لە نێوانیاندا هەبووە. لە سەردەمی خەلافەتی عەرەبی ئیسلامیدا عەرەبی سوننەی ناوچەکانی ئیمڕۆی عێراق لایەنگری دەوڵەت و عەرەبە شیعەکان دژی دەوڵەت و لە بەرەی بەرهەڵستکاراندا بوون، کە دلڕەقانە پەلامار دەدران. دوای دەرکەوتنی ئیمپراتۆریای عوسمانی و سەفەویی ئێرانی سوننەکان لایەنگری عوسمانییەکان بوون و شیعەکانیش لایەنگری ئێرانییەکان بوون. شەڕی خوێناوی ئەم دوو

ئیمپراتۆریایە، بۆ داگرکردنی ناوچە عەرەبنشینەکانی ئیمڕۆی عێراق، بە شێوەیەک لە شێوەکان، شەڕی نێوان ئەم دوو گرووپە مەزهەبییەش بوو. دواتریش نۆرەی ستەمی دەوڵەتی عێراق هات کە کێشەی ئەوانی توندوتیژتر کرد. دیارە جیاوازیی کولتووری و لێکدابڕانی مێژوویی عەرەب و کورد هێندە ڕوونە کە پێویست بە باسکردن ناکەن. لە دوای لکاندنی کوردستانیش بە دەوڵەتی عێراقەوە (ساڵی 1924) بەردەوام هەوڵی کوشتنی زمان و کولتووری کورد دراوە (کە لە باسێکی دیکەدا بە کولتوورساید ناوم بردووە) کاتێک دەوڵەتی عێراق، بە هۆی داکۆکیی کورد لە زمان و کولتوورەکەی، لەم هەوڵەیدا سەرنەکەوت سیاسەتی کوشتنی زمان و کولتووری کورد (کولتوورساید)ی گۆڕی بە جینۆساید. بۆیە خەڵکی کوردستان ناتوانن متمانە بە گەلی عەرەبی عێراق بکەن، مافی خۆیانە کە لە ستەم و غەزووی کولتووریی ئەوان بترسن.

هێندەی من ئاگادار بم ئەم ڕابردووە مێژووییە خوێناوی و ئەو لێکترسان و بێمتمانەییەی لە نێوان گەلانی عێراقدا هەیە، لە نێوان خەڵکانی هیچ کام لە وڵاتانی فرەکولتووردا نییە (دیارە جگە لەو شوێنانەی کە هێشتا مەسەلەی داگیرکردن ماوە). ئاشکرایە گەلان و نەتەوەکان ناتوانن تا سەر پێکەوە لە حاڵەتی بێمتمانەیی و لێکتۆقیندا بژین. پێکەوەژیانی تاسەری گەلان، لە ناو چوارچێوەی دەوڵەتێکدا، بەبێ تەبایی و توانای پێکەوەهەڵکردن، متمانەی هاوبەش، هەستی هاوچارەنووسی، هاوئامانجی و بەرژەوەندیی هاوبەش کارێکی ئەستەمە و بگرە مەحاڵیشە. گەلانی یوگوسلافیا و سۆڤیەت و چیکۆسلۆڤاکیا ڕەنگە لەسەدا پێنجی گەلانی عێراق

کێشە و شەڕی مێژووییان نەبووبێت، کەچی مەترسیی شۆڤێنیزمی نەتەوەی سەردەست و بێمتمانەیی و جیاوازیی بەرژەوەندی و ئامانج لە یەکتری جیاکردنەوە.

دووەم- تایبەتمەنیی جیۆکولتووری (جیۆگرافیا- کولتووری): کەم وڵاتی فرەکولتوور هەیە، کە وەک عێراق،فرەهەرێم بێت؛ واتا هەر گروپێکی کولتووری (نەتەوە، یان سەر بە مەزهەبی جیاواز) هەرێم و خاکی تایبەت بە خۆی هەبێت و لەوێدا زۆرایەتییەکی نزیکەی لە سەدا هەشتا- تا سەدا نەوەتی خەڵکە پێک بێنێت. لەمەیش زیاتر هەر هەرێمەی لە دەرەوەی سنووری وڵاتە یەکگرتووەکەدا درێژبوونەوەیەکی سروشتیی کولتووری و جیوگرافیایی خۆی هەبێت، کە من بە جیۆکولتووریی ناوم بردووە (دیارە جگە لەو شوێنانەی کە پاشماوەی ئیمپراتۆریان یان هێشتا مەسەلەی داگیرکردن و دابەشکردنی نەتەوەیی ماوە، وەک کوردستان، بلوچستان، کشمیر و هەندێک شوێنی کەمی دی). لە عێراقدا ناوچەکانی ڕۆژئاوا سوننەنشینن، کە درژبوونەوەی جیۆگرافیایان لەگەڵ عەرەبە سوننەکانی سوریا و ئوردون و عەرەبستانی سعودیەدا هەیە. لەمەیش زیاتر زۆربەی قەبیلە و خێڵە گەورەکانی ئەم ناوچانەی عێراق لەوانە (شەمەر، دلێم و ڕەنگە هی تریش) بەشێکیان لەم وڵاتانەدا دەژین، کە ئەمەیش پەیوەندیی نێوان ئەوانی هێشتا بەهێزتر کردووە. بەڵام ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق زۆربەیان شیعەن و درێژبوونەوەی جیۆگرافیایان لەگەڵ شیعەکانی کوێت، عەرەبستانی سعودی، عەرەبی خوزستان و شیعەکانی ئێراندا هەیە و هەمووشیان سەر بە مەرجەعێکی

ڕۆحین. ئاشکرایە گەلی هەرێمی کوردستانیش لە سێ لاوە درێژبوونەوەی کولتووری و جیۆگرافیایان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستاندا هەیە. بۆیە لە کاتێکدا کە هاوپەیوەستیی بەهێز و هەستی هاوچارەنووسی لە نێوان گەلا نی عێراقدا نەبێت، سروشتییە کە هەر کام لەم گەلانەی عێراق زیاتر چاوببڕنە هاوکولتوورانیان لە دەرەوەی سنووری وڵاتەکەیان و ئەوان بە هاوخەم و هاوپشت و هاوئامانجی خۆیان بزانن. سەرەنجام عەرەبی سوننەی عێراق خۆی لە عەرەبی سوننەی سوریا و ئوردون بە نزیکتر بزانێت تا لە عەرەبی شیعەی نەجەف یان لە کوردی سلێمانی و دهۆک. شیعەکانیش بە دڵنیاییەوە خۆیان لە هاوکولتوورانیان لە دەرەوەی سنووری عێراق، بە نزیکتر دەزانن تا لە عەرەبی سوننەی ڕومادی و فەلوجە یان لە کوردی کەرکووک و هەولێر. هەڵبەت ئەم دیاردەیە ئێمەی کوردیش دەگرێتەوە. کەواتا ئێمە دەتوانین بڵێین کە هەر کام لەم گروپە کولتوورییانە (یان گەلانە) مێژووی هاوبەش و هەستی هاوچارەنووسی و هاوئامانجی لەگەڵ هاوکولتوورانی خۆیدا هەیە، هەرچەندە ئەوان لە دەرەوەی سنووری عێراقن و هاووڵاتی دەوڵەتێکی دیکەن نەک عێراق. کەچی گرنگترین مەرجی دەوڵەتی مۆدێرن ئەوەیە کە هاووڵاتیانی دەوڵەتەکە، لە نێو خۆیاندا، ئەم جۆرە هەستە هاوبەش و ئامانجە هاوبەش و تا ڕادەیەکی زۆریش مێژووە هاوبەشەیان هەبێت.

هەڵبەت ئەم دوو تایبەتمەندییە، تایبەتمەندیی مێژوویی و جیۆکولتووری، وێرای کۆمەڵە هۆکارێکی دی کە پێشتر باس کران، دەرفەت بە پرۆسێسی ئینێگراسیۆن (تەجانوس) و تەبایی و

هاوئاهەنگیی گەلانی عێراق نادەن، بەلای زۆریشەوە گریمانەی دروستبوونی هاریکاری و هەستی هاوچارەنووسی لە نێوان ئەو گەلانەدا لاوازتر دەکەن. لەبەر ئەوە گریمانەی دابەشبوونی عێراق دەبێتە شمشێرەکەی دیمۆکلیس.

پرۆسێسی دیموکراتیزەکردنی ناوچەکە یەکێکە لە پێداویستییەکانی جیهانگیری. چونکو جیهانگیری، وەک دیاردەیەکی ئابووری، تەکنۆلۆگی، سیاسی و کولتووری دەخوازێت هەموو وڵاتان و ئابووری جیهان لە ڕێگای تۆڕی پەیوەندییەکانەوە، یان بە هۆی سیستمێکی پەیوەندی بەربڵاوی ئابووری، تەکنۆلۆگی، ئاگاداری و زانیارییەوە پێکەوە ببەستێتەوە و هەموو دنیا بکاتە مەیدانی بڵاوکردنەوەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، وەک تێکڕای پەیوەندییە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان . ئەمەیش لە ڕووی سیاسییەوە پێویستی بە کرانەوەی وڵاتان و شەفافییەت و سیستمی حوکمڕانیی دیموکرات هەیە کە ڕێگا بۆ ئەم پرۆسێسە خۆش بکات. لە ئەنجامدا دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی بەسەر ژیانی ئابووری و بزاوتی سەرمایە و شەپۆلی زانیاریدا کەم دەبێتەوە، هەروا سەرداریی نەتەوەیی و سنووری وڵاتان بە گشتی لاواز دەبن. لە دۆخێکی سیاسی و ئابووریی ئاوادا کۆمەڵانی ناوچەکە ڕووەو کرانەوە و دەوڵەتەکانیان بەرەو دیموکراتی دەڕۆن. بۆیە چاوەڕوان دەکرێت کە وڵاتانی ئەم ناوچەیەیش پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ یەکتری و جیهاندا بە جۆرێکی نوێ دابڕێژنەوە، هاوپەیوەستیی نێوانیان بەهێز بکەن و تێکەڵاوی تۆڕی پەیوەندییە جیهانییەکان ببن.

لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەدا زەوینەیەکی ئۆبجێکتیڤیی نوێ بۆ پەیوەندی لەسەر ئەساسی کایەی کولتووری (زمان، مەزهەب و مێژووی هاوبەش) بۆ هەرسێک گروپە کولتووریەکانی عێراق (کورد، شیعە و سوننە) لەگەڵ هاوکولتوورانیان، کە لە دەرەوەی سنووری عێراقن، دروست دەبێت، لە وێشەوە بەرەو پەیوەندیی فراوانتر دەڕوات. لە سایەی ئازادی و کرانەوەی سنوورەکاندا، تەبایی کولتووری و ڕۆحی، متمانە و دڵنیابوونی سایکۆلۆگیی ئەوان بە جۆرێکی سروشتی بەرەو پەیوەندیی بەهێزتر و ئاڵوگۆڕی ئابووری، کولتووری، توریزم گەشتیاری و ئاڵوگۆڕی هێزی کار دەبات. لە ئەنجامدا، هەرچەندە ئەوان هاووڵاتی دەوڵەتانی جیاوازن، بەڵام لەسەر ئەرز جۆرێک تێکەڵبوونەوەی ئابووری، کولتووری و کۆمەڵایەتی لەنێوانیاندا دروست دەبێت کە ئەوان بەرەو ئینتێگراسیۆن و هاوئاهەنگی و تەبایی زۆرتر دەبات. ئەمەیش، بە نۆرەی خۆی، پەیوەندیی هەر کام لەو گروپە کولتوورییانەی عێراق (شیعە، سوننە و کورد) لەگەڵ یەکتریدا ناکاتە پێداویستییەکی حەتمی، بۆیە دەشێت ئەم پەیوەندییە لاوازتر ببێت و دەرەتانێکی زۆر بۆ پرۆسێسی ئینتێگراسیۆن و دروستبوونی هاوئاهەنگی لە نێوانیاندا نەهێڵێتەوە. بە واتایەکی دی بەو ئەندازەیەی پەیوەندی و تێکەڵاویی سوننەکانی ڕۆژئاوای عێراق لەگەڵ سوننەکانی سوریا و ئوردون و عەرەبستانی سعودیەدا زۆرتر و بەتینتر ببێت و لەگەڵ ئەواندا بەرەو ئینتێگراسیۆن بڕۆن بە هەمان ئەندازەیش دەرەتان و توانای ئینتێگراسیۆنیان لەگەڵ لە عەرەبە شیعەکانی عێراق و کورددا

کەمتر دەبێتەوە. دیارە ئەم حاڵەتە بۆ شیعەکان و کوردیش بە هەمان شێوە دەبێت.

4

ئێستا دە گەڕێمەوە بۆ ئەو پرسیارەی کە لەسەرەتای ئەم باسەدا هاتووە: ئایا لەم دۆخە نوێیە چاوەڕوانکراوەدا پەیوەندیی نێوان عێراق و کوردستان و نێوان گەلانی عێراق بە گشتی چۆن و بەپێی کام بنەمای دەستووری ڕێک دەخرێنەوە؟ ئایا عێراق بۆ هەڵوەشاندنەوە دروست دەکرێتەوە، یان بۆ مانەوە؟
ئاشکرایە دیسکۆرسی سیاسیی کورد، پێش ڕوخاندنی دەوڵەتی عێراق و تا ئێستایش، لە چوارچێوەی فیدرالیزمدایە. ئەوەی لە قانوونی کاتیی سەردەمی گواستنەوەشدا جێگای کراوەتەوە بەو شێوەیە نییە کە کورد داوای دەکات، واتا فیدرالی لە نێوانی هەرێمی عەرەبی و کوردستاندا.

بەڵام ئایا فیدرالیزم دەتوانێت پرسی کورد چارەسەر بکات؟ ئایا گۆڕینی عێراق بۆ دەوڵەتێکی دیموکراتیی فیدرالی هەمان مانا و بایەخی بۆ گەلی عەرەبی عێراق و بۆ گەلی کوردستان هەیە؟
چەمکی فیدرالیزم یان دەوڵەتی فیدرال چەمکێکی ڕوون نییە بۆیە پێناسەی سیاسی و قانوونیی جۆراوجۆری بۆ کراوە، مۆدێلی جۆراوجۆریشی لێ کەوتۆتەوە. بەگشتی دەتواندرێت بگوترێت کە فیدرالیزم سیستمێکی سیاسیی ئیدرایيە، یان سیستمێکی قانوونییە بۆ دیاردەیەکی سیاسی و ئیداری، یان کۆنتراکت (پەیماننامە)یەکە لە نێوان دوو یان چەند لایەنێکی سیاسیدا (حکومەت،یان هەرێم

یاخود دەوڵەت) دەبەستریێت. بۆ ئەوەی ئەم کۆنتراکتە سیاسییە ببەستریێت دەبیێت متمانە بە یەکتری لە نیێوان ئەو لایەنانەدا هەبیێت، هەروا دەبیێت بە ڕەزامەندی و بڕیاری هەردوو یان هەموو لایەنەکان بیێت. کەواتا فیدرالیزم، سیستمیێکی دەستووری و سیاسیی تیێکهەڵکیێشراوە، یان شیێوەیەکی پیێکەوەژیانی ئارەزوومەندانەیە، مافیێک نییە کە نەتەوەیەکی سەردەست بە نەتەوەیەکی بندەستی خۆی ببەخشیێت، وەک ئیێستا لە عیێراقدا ویێنا دەکریێت. ئەگەر فیدرالیزم بەم شیێوەیەی لیێ هات ئەوا بە دڵنیاییەوە نەتەوەی سەردەست هەوڵ دەدات سنووری فیدرالی هیێندە تەنگ و دەسەڵاتەکانی هەریمی فیدرال هیێندە کەم بکاتەوە کە تەنانەت لە ئۆتۆنۆمیش کەمتر و بیێ بایەختری لیێ بکات. بۆیە ئەگەر فیدرالیزم بتوانیێت سەرەتایەکی نویێ بۆ چارەسەری کیێشەی نیێوان عیێراق و کوردستان دابنیێت ئەوا حەتمەن پیێویستە یەکگرتنیێکی ئارەزوومەندانەی نیێوان هەر دوو هەریێمی عەرەبی و کوردستانی بیێت، عیێراقیش وەک قەوارە و دەوڵەت بەرهەم و کۆی ئەم یەکگرتنە بیێت . ئەوەی کە بەغدا بە ناوەند و کوردستان وەک بەش بمیێنیێتەوە ناتوانیێت بە جۆریێکی تەنانەت نیمچە عادیلانەیش چارەسەری پرسی کورد بکات.

گۆڕینی دەوڵەتی عیێراق بۆ دەوڵەتیێکی دیموکراتیی فیدرالی، بەو جۆرەی لە قانوونی کاتیدا هاتووە، مۆدیێلیێکی نوییێ دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسیی لە ناوچەکەدا دەخاتە ڕوو. هەروا دەتوانیێت چارەسەری کیێشە و گرفتە گرنگەکانی کۆمەڵی عەرەبیی عیێراق بکات، چونکو گرفتی کۆمەڵی عەرەبیی عیێراق، لە ناوەرۆکدا، گرفتی

دیکتاتۆریا و نەبوونی دیموکراتیە کە تا ئێستا پێشی بە پێشکەوتنی سروشتیی کۆمەڵی عەرەبیی عێراق گرتووە. بەڵام ئایا دەوڵەتی دیموکراتیی فیدرالی، دەتوانێت بە هەمان شێوە پرسی کورد و گرفتەکانی کۆمەڵی باشووری کوردستان چارەسەر بکات؟

ئاشکرایە پرسی کورد لە عێراقدا بەرهەمی ناکۆکیی نێوان دەوڵەتی عێراق (وەک دەسەلاتێکی داگیرکەر) و خەڵکی کوردستانە (وەک گەلێکی ژێردەستکراو). واتا ئەنجامی کێشەیەکی نەتەوەیی-مێژووییە لە نێوان خودی دەوڵەتی عێراق و گەلی کوردستاندا. ئەم کێشەیە لە ناوەڕۆکدا کێشەی زمان و خاک و پێناسەیە، ئیدی دەوڵەتی عێراق دیکتاتۆری بێت، یان دیموکرات و فیدرال. بەم مانایە دەوڵەتی دیموکراتیی فیدرالی، بەم شێوەیەی تا ئێستا پێشنیار کراوە، خۆی لە خۆیدا ناتوانێت چارەسەری کێشەکە بکات بەڵکو، لە باشترین حاڵەتدا، دەتوانێت زەوینەی لەبارتر و دەرفەتی باشتر بۆ چارەسەرکردنی بڕەخسێنێت.

ئەمەیش ئێمە ڕووبەڕووی ڕاستییەک دەکاتەوە ئەویش ئەوەیە کە گەلی عەرەبی عێراق و گەلی کوردستان لە دوو قۆناخی سیاسیی جیاوازدان . ئەگەر ئێمە ئەم جیاوازییانە نەبین و دیارییان نەکەین، بە دڵنیاییەوە لە داهاتوودا ڕوو بەڕووی کێشە و ناکۆکیی توند دەبینەوە. لە هەمان کاتدا دەشێت بە ئاسانی ئەو هەڵەیە دووبارە بکەینەوە کە کاتی خۆی، لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، براڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان لە عێراقدا تێی کەوت. ڕەنگە بێ سوود نەبێت کە لێرەدا ئەم ئەزموونە بە بیر بهێنمەوە.

عێراق لە ناوەڕاستی سییەکانەوە، بە پێی بڕیاری کۆمەڵەی نەتەوەکان، بوو بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. کەچی تا کودێتای

تەموزی ساڵی 1958 بریتانیا ناڕاستەوخۆ لە عێراقدا بڕیاردەر بوو. بۆیە لەو سەردەمەدا کێشەی نێوان خەڵکی عێراق لەگەڵ دەسەلاتی بیانی ناکۆکیی سەرەکی کۆمەڵی عێراقی پێک هێنا بوو. سەربەخۆیی عێراق لە دەسەلاتی بریتانیا ئامانجی سەرەکیی بزاڤی سیاسیی خەڵکی عێراق بوو. بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد لەبەر ئەوەی خوێندنەوەی تایبەتیی خۆی بۆ کۆمەڵی عێراق و کوردستان نەبوو، هەروا بە هۆی کارتێکردنی ئایدیۆلۆگیی چەپ و شەپۆلی بزاڤی دژی ئیمپریالیزم لە ناوچەکەدا، تێکەلاوی بزاڤی سیاسیی عێراقی بوو، دیارە بەو هیوایەی کە ڕزگاربوونی عێراق لە بریتانیا لە ئەنجامدا ڕزگاربوونی کوردستانیش دەگەیەنێت. بەلام دوای کودێتای تەمووز و ڕزگاربوونی عێراق لە دەسەلاتی بریتانیا و حکومەتی پاشایەتیی عێراق دەرکەوت کە ئەم بۆچوونە لە وەهم زیاتر نەبوو. کودێتای تەمووز، کە ناوی شۆڕشی بەسەردا بڕا، توانی کێشەی نێوان کۆمەڵی عەرەبی عێراق و دەسەلاتی بیانی لە عێراقدا (بریتانیا) چارەسەر بکات و گەلی عەرەبی عێراق، لە دیدی ناسیۆنالیزمی عەرەب و چەپی ئەو کاتەی عێراقەوە، لە کۆلۆنیالیزم ئازاد بکات، بەلام گەلی کوردستان نەک هەر ئازاد نەبوو، بەڵکو پرسی کورد ئاڵۆزتر و ستەمی نەتەوەیی بەرامبەر بە کورد زیاتر بوو. بە واتایەکی دی کودێتای تەمووز بۆ گەلی کوردستان تەنیا دەسەلاتێکی بیانی (بریتانیا)ی بە دەسەلاتێکی دیکەی بیانی (ناسیۆنالیزمی عەرەب) گۆڕی، یان جەلادەکەی بە جەلادێکی دڵڕەقتر و پریمیتیڤتر گۆڕی. ئەم دەسەلاتە- جەلادە نوێیە بە هۆی سروشتی شۆڤێنیستی و خەسڵەتی فاشییانەیەوە بۆ کورد زۆر لە دەسەلاتی بریتانیا ترسناک تر بوو. چونکو لە

سەرەتاوە چاوی لەوە بوو کە پێناسەی کوردستان بسڕێتەوە، کورد وەک نەتەوە لە ناو عەرەبدا بتوێنێتەوە و خاکەکەی بە عەرەب بکات. ئەم سیاسەتە شۆڤێنییە توندڕەوە، لە سەردەمی قاسمدا، بە داسەپاندنی شەڕ بەسەر کوردستاندا دەستی پێ کرد. لە سەردەمی برایانی عارف و دواتر بەعسدا هەر بەردەوام بوو، سەرەنجام بە ئەنفال و وێرانکردن و بەعەرەبکردنی کوردستان گەیشت.

ئەم ئەزموونە دەتوانێت ئەو ڕاستییە بە ئێمە بڵێت کە کۆمەڵی عەرەبی عێراق و کۆمەڵی کوردستان، ئەگەر لە هەندێک مەسەلەی گشتیدا لێک بچن و هاوئامانج بن، ئەوا لە زۆر مەسەلەی تایبەتیدا جیاوازن؛ چونکو لە دوو قۆناخی سیاسی- مێژوویی جیاوازدان. ئەوەی بۆ گەلی عەرەبی عێراق بگونجێت و کۆمەک بە پێشکەوتن و گەشەکردنی بکات مەرج نییە بە جۆرێکی ئۆتۆماتیکی بۆ کۆمەڵی کوردستانیش هەمان ئەنجامی هەبێت. ڕاستە هەندێک ئامانج و بەرژەوەندی هاوبەش، لەوانە دیموکراتی، لە نێوان ئەم دوو گەلەدا هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک ئامانج و بەرژەوەندی جیاوازیش لە نێوانیاندا هەیە. گرفتی عێراق لە دوای کودێتای تەمووزەوە تا ئێستا مەسەلەی دیموکراتییە، کەچی گرفتی کورستان لە ناوەڕۆکدا گرفتی نەتەوەییە، گرفتی خاک و زمان و پێناسەیە، واتا مەسەلەی بوون یان نەبوونە. ئەم گرفتەیش لەگەڵ خودی دەوڵەت و کۆمەڵی عێراقەدایە.

ئیمڕۆ سەرەتای سەردەمێکی نوێ لە عێراق و تا ڕادەیەک لە ناوچەکەدا دەستی پێ کردووە. ئەمەیش دەرفەتی نوێ و دەرەتانی

جیدیی بۆ چارەسەری کێشەی نێوان کوردستان و عێراق ڕەخساندووە. بۆیە ناکرێت چارەنووسی کورد و شێوەی چارەسەری کێشەی دەیان ساڵەی نێوان عێراق و کوردستان تەنیا بە مەسەلەی دەوڵەتی دیموکراتیی فیدرالییەوە بەند بکرێت.

بە ڕای من سیستمی کۆنفیدرالی دەتوانێت، بۆ ئیمڕۆ، مۆدێلێکی متمانەپێکراوتر و سەرکەوتوو لە بارەی چارەسەری کێشەی نێوان کوردستان و عێراق و تەنانەت چارەسەری کێشەی مەزهەبیی نێوان خەڵکی شیعە و سوونە پێشنیار بکات. چونکو کۆنفیدرالیزم دەسەڵاتی گرۆپ و لایەنێک بەسەر لایەنێک، یان لایەنەکانی دیکەدا، کۆتایی پێ دێنێت. دەوڵەتی کۆنفیدرالی دەتوانێت ببێتە ئەو دەوڵەتە مۆدێرنەی کە پەیوەندیی خۆی و هاووڵاتیان و گروپە کولتوورییەکان لەسەر ئەساسی ماف پێک بێنێت. هەروا دەرفەتی گەورەتر و ئازادیی زۆرتر بە خەڵکی هەر سێ هەرێمەکەی عێراق دەدات تا هەر یەکەیان، بەپێی دەستوورێکی دیموکراتیی کۆنفیدرالیی هاوبەش و لە سایەی پێناسەیەکیەکی سیاسیی هاوبەشدا، بتوانێت پێناسەی کولتووریی خۆی (نەتەوەیی یان مەزهەبی) دابڕێژێتەوە و ئەو شێوەژیان و شێوە حوکمڕانییە هەڵبژێرێت کە خۆی دەیەوێت، بێ ئەوەی بتوانێت بەسەر هەرێمەکانی دیکەی عێراقدا بیسەپێنێت. هەر یەکێکیان دەتوانێت ئازادانە کەسایەتیی کولتووری و ژیانی ڕۆحیی خۆی پێش بخات بێ ئەوەی خەڵکی هەرێمەکانی دی بتوانن ڕێگای لێ بگرن. ئەمەیش خولیای زاڵکردنی تاکە کولتوورێک و توانای لەقالبدانی هەموو گەلانی عێراق لە ناو تاکە پێناسەیەکدا ناهێڵێت. لە ئەنجامدا لە

جیاتی ناکۆکی و گریمانەی شەڕی کولتووری دیالۆگی کولتووری و هاریکاری و کارتێککردنی پۆزێتیڤانەی کولتووری لە نێوان گەلانی عێراقدا دروست دەبێت. دیاردەی فرەکولتووریی کۆمەڵی عێراق لە جیاتی ئەوەی گەلانی عێراق لێک داببڕێت و شۆڤێنیزمی کولتووری گەشە پێ بدات، دەبێتە مایەی دەوڵەمەندیی کولتووری و ڕۆحیی گەلانی عێراق .

ئاشکرایە خەڵکی هەر کام لەم سێ هەرێمەی عێراق هەمیشە چاویان لەوەیە کە لەگەڵ هاوکولتوورانی خۆیاندا (هاوزمانان و هاومەزهەبانیان) لە دەرەوەی عێراق، پەیوەندییەکی سروشتی و بەهێزیان هەبێت، چونکو ئەم پەیوەندییە لە لایەکەوە ئەزموونی هاوبەش و مێژووی هاوبەشی ئەوان پڕ ماناتر دەکات، لە لایەکی دیکەوە ژیانی کولتووری و ڕۆحی و کەسایەتیی ئەوان پێش دەخات. سیستمی کۆنفیدرالی، نەک فیدرالی، دەتوانێت لەم ڕووەشەوە ئازادیی زۆرتر بۆ ئەم جۆرە پەیوەندی و پێشکەوتنە دەستەبەر بکات. ئەمەیش بە نۆرەی خۆی دەتوانێت، وەک سەرچاوەیەکی دیکەی کولتووری، دیاردەی فرەکولتووریی عێراق فراوانتر و دەوڵەمەندتر بکات.

سەرەتای مای (ئایار)ی 2005

پەراوێزەکان:

1- بۆ زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: ڕەفیق سابیر، کولتوور و ناسیۆنالیزم، ڕابوون، سوید، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی 2003

2-(بڕوانە: ایلاف. 25-6-2003)

3-عەبدولخالق حوسێن، سەرچاوەی پێشو

# V

## لە بارەی پرۆژەی رۆژهەڵاتی نێوینی گەورە

# دیموکراتیزەکردن:
# داهاتووی گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوین

* ئەم چاوپێکەوتنە لە لایەن کاک (مەجید ساڵح)ەوە کراوە.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژانی 10 و 11 جون (حوزەیران)ی 2004

---

*به لەبەرچاوگرتنی ئەو دۆخەی کە جیهانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تێدا دەژین (وەک لە پێشەکی پرۆژەکەدا هاتووە) پێویست دەکات کە ریفۆرمی گشتگیریی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی خێرا لەم ناوچەیەدا ئەنجام بدرێن. بەرژەوەندیی ئەمریکا لە جێبەجێکردنی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا چییە؟

- ئیمڕۆ زۆرینەی وڵاتانی عەرەبی و ئەو وڵاتانەی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە باسیان لێوە دەکات وەک وڵاتانی داخراو و دواکەوتووی پێش مودێرنێتە ماونەتەوە، تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕەوشی سیاسی، ئابووری و کولتووریی جیهان دابڕاون. سیستمی زانستی و کولتووریی ئەو وڵاتانە (لە پێشەوەیان سیستمی خوێندن و پەروەردە) لەسەر ئەساسی کۆمەڵە پرینسیپێکی غەیبی سەدەکانی ناوەڕاست و شۆڤێنیزمی ئاینی و کولتووری داڕێژراون، لە بنەڕەتدا دژ بە عەقڵ و زانست و ئازادیی مرۆڤن و ڕەوایی بە کۆیلەکردنی ژن دەدەن. بە جۆرێک ڕقبوونەوە لەویدی، غەیرەدین و غەیرەمەزهەب و غەیرەزمان، هان دەدەن کە ڕێگا بۆ کوشتن و زەوتکردنی ماڵ و سامانیان خۆش دەکەن. لەبەر ئەم هۆکارانە و بە هۆی بڵاوبوونەوەی فەساد و هەژاری و سەرداربوونی دیکتاتۆریا و هی تریش سەیر نییە کە ئەم وڵاتانە ببنە سەرچاوەی فیکری غەیبی و فوندەمێنتالیزمی ئیسلامی و گۆڕستانی هیوای لاوان. سەرەنجام بگۆڕدرێن بە لانەی دیاردەی تیرۆریزمی ئیسلامی. ئەم دیاردەیە، سەرەتا وەک هەڕەشەیەکی دژ بە دەوڵەتە عەرەبییەکان دەرکەوت، بەڵام کاتێک (وەک نازیزمی ئەڵمانی) بەرژەوەندی و ئاسایشی ئەمریکا و ئەوروپای خستە بەر هەڕەشە ئیدی دەبێت ئەوان ڕووبەڕووی ببنەوە. باشترین چارەسەرێکیش ئەوەیە کە هۆکاری دەرکەتنی دیاردەکە بنەبڕ بکەن، واتا ریفۆرمی دیموکراتانە و گۆڕانکاریی فرەلایەنە لەو وڵاتانەدا هان بدەن کە، بە هۆی سیستمی سیاسی و ئابووری و کولتوورییانەوە بوونەتە سەرچاوەی ئەم دیاردەیە. بەڵام ئەو دەوڵەتانە خۆیان ناتوانن، یان

دروستتر بڵێم، نایانەوێت دەستکاری ستروکتووری ئابووری و سیستمی سیاسی و کولتووریی کۆمەڵەکانیان بکەن و هۆکارەکانی سەرهەڵدان و بەردەوامبوونی تیرۆر نەهێڵن، چونکو توانای مانەوە و بەردەوامبوونی خۆیان لەم ستروکتوور و سیستمەدا دەبیننەوە. لەمەیش خراپتر گرفتەکانی خۆیان و تیرۆر ڕەوانەی دنیای دەرەوە دەکەن. لە هەمان کاتدا گەلانی ئەو وڵاتانە بە جۆرێک تۆقێندراو و دەستەمۆی دەوڵەتەکانیان کراون کە ناتوانن خۆیان، لە ئێستادا، هێز و سەرچاوەی گۆڕانکاری بن. بۆیە دەبێت ئەم وڵاتانە بە کۆمەک و توانای دەرەکی، یان لە ژێر فشاری دەرەکیدا ناچاری گۆڕان و ڕیفۆرم بکرێن: واتا بگۆڕدرێن. پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە پێشنیارێکە بۆ ئەم شێوە چارەسەرە، یان هەوڵدانێکە تا لە دەرەوەڕا کۆمەک بە گۆڕان و ڕیفۆرمی دیموکراتانە بکات. ئەمەیش یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دنیای سەردەمی گلۆبالیزم پێشان دەدات. ئەمریکا بە هاوکاریی گروپی هەشت وڵاتە پیشەسازییەکە ئامادەیی خۆی پێشانداوە کە لە بواری زانیاری، گەشەپێدانی ئابووری، بەهێزبوونی ڕۆڵی کۆمەڵی مەدەنی، پێشخستنی سیستمی خوێندن و شەڕی فەساد و نەخوێندەواری تاد.. کۆمەکی زۆر بەو وڵاتانە بکات. ئامانجیش ئەوەیە کە مۆدێرنێتەی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری و سەرەنجام دیموکراتی لەو وڵاتانەدا بڵاوبکاتەوە و ئەم ناوچەیە بە ڕەوشی سیاسی، ئابووری، کولتووری و زانیاریی جیهانەوە ببەستێتەوە. وەک هەر ناوچەیەکی دیکەی دنیا، بیکاتە مەیدانی بڵاوکردنەوەی سەرمایەداری و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، وەک تێکڕای پەیوەندییە ئابووری، کۆمەڵایەتی،

سیاسی و کولتوورییەکان. بۆیە بە ڕای من جێبەجێکردنی ریفۆرمی دیموکراتانە و مۆدێرنیزەکردنی ئەم وڵاتانە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە بەرژەوەندیی ستراتێگیی نەتەوەیی ئەمریکا و ڕۆژئاواوە هەیە، چونکو وەک بەشێک لە ئەرک و پێداویستییەکانی خەباتی دژ بە تیرۆریزمی جیهانی و بنەبڕکردنی سەرچاوەکانی سەرهەڵدانی تیرۆر دادەندرێت. لە لایەکی دیکەوە ئیمڕۆ وڵاتانی جیهان، وەک ئەنجامێکی پرۆسێسی جیهانگیری، بەرەو لێکتریکبوونەوە و تێکەڵبوون و هاوپەیوەستیی دەڕۆن و بە هۆی تۆڕێکی فراوانی ئابووری، کولتووری، زانیاری و ئاگادارییەوە زیاتر پێکەوە دەبەسترێنەوە. کۆمەڵە داخراوەکان و وڵاتە دابڕاو و گۆشەگیرەکان، درەنگ یان زوو، ناچاری کرانەوە و هاریکاری و تێکەڵبوونی ڕەوشی ئابووری، سیاسی و کولتووریی دنیا دەکرێن. لەم پرۆسێسەیشدا پێویستە ئەم وڵات و کۆمەڵانەی بە ڕۆژهەڵاتی نێوینی مەزن ناونراون، لە قۆناخی پێش مۆدێرنێتە دەرباز بکرێن و ڕوو لە مۆدێرنێتە و شەفافییەت و دیموکراتی بکەن. دیارە ئەم گۆڕانکارییانە بەم بارەیدا بە قازانجی سەرمادارییی جیهانییە، بەڵام بە دڵنیاییەوە گەلانی ئەو ناوچەیە بە گشتی سوودێکی زۆر لەم گۆڕانکاری و ریفۆرمە دیموکراتانە وەردەگرن. لە ستەم و فەساد و دەسەڵاتی ئیستیبدادیی ئەو دیکتاتۆرانە ئازاد دەکرێن کە خۆیان بە نوێنەری خودا لەسەر زەوی دەزانن.

**ئەمریکاییەکان بە نیازن ، پرۆژەکەیان بخەنە بەردەم وڵاتانی گروپی هەشت. ئایا ئێوە پێتان وایە ئەو وڵاتانە ئەم پرۆژەیە قبووڵ بکەن، یان ئەوانیش پرۆژەی تایبەتیان هەیە؟*

- سالانێکه مەسەلەی ریفۆرم و بەمۆدێرنکردنی ولاتانی ڕۆژهەلاتی نێوین بوونەتە خەمێکی ڕۆژئاوا و پێداویستییەکی سەرداربوونی سەرمایەداریی بلاوبوونەوەی بە جیهاندا . ئەم پرۆژەیەی ئەمریکا یەکەمین دەستپێشخەری نییە لەم بوارەدا. لە سالی 1995دا یەکێتیی ولاتانی ئەوروپا پرۆژەیەکی بۆ ئەم مەبەستە خستە ڕوو. پرۆژەی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستی گەورە تەواوکەری پرۆژەکەی یەکێتیی ئەورووپایە. جیاوازییەک، کە لەم بارەیەوە، لە نێوان هەندێک ولاتانی ئەوروپا و ئەمریکادا هەیە زیاتر پەیوەندیی بە میکانیزمی ریفۆرم و گۆڕانکارییەکانەوە هەیە نەک بە مەسەلەی ریفۆرمەوە. چاوەڕوان دەکرێت کە ئەم پرۆژەیە، دوای ئەوەی سەرانی گرووپی هەشت ولاتە پیشەسازییەکە لێی دەکۆلنەوە، بخرێتە بەردەم کۆبوونەوەی سەرانی ناتۆ و دوای ئەویش لە کۆبوونەوەی بەرزی ئەوروپا-ئەمریکادا دیراسە بکرێت. لە هەمان کاتدا ڕەنگە هەندێک تێبینی و سەرنجی کۆمەلە ولاتێکی ڕۆژهەلاتی نێوین، کەم تا زۆر، لەبەرچاو بگیرێت. سەرەنجام وەک پرۆژەیەکی جیهانی دەخرێتە ڕوو.

* *لە دوو سالی ڕابردوودا ئەمریکاییەکان توانییان دوو کۆسپی گەورەی بەردەمی نەخشەکەیان، کە خۆیان لە ڕێژیمی تالیبان و سەدامدا دەبینییەوە، لە ڕێ هەلگرن. بەلام هێشتا ئەم دوو ولاتە نەبوونەتە دوو نموونەی جوان بۆ پیادەکردنی نەخشەکە لە ولاتانی تردا. بە ڕای ئێوە ئەمریکا دەتوانێت چی بکات بۆ تێپەڕاندنی ئەم بارودۆخە.*

- ڕوخاندنی ئەم دوو ڕێژیمە، کە لە دڕندایەتیدا باوەڕناکەم نمونەیان مابێت، خۆی لە خۆیدا گەورەترین ڕوداوی سەدەی بیستویەکەمینە. لە هەمان کاتدا سەرەتای دیاردەیەکی نوێ لە سیاسەتی جیهانی پێشان دەدات؛ دیاردەی گۆڕینی ڕژێمی سیاسی بە کۆمەکی ڕاستەوخۆی دەرەکی. ئەمریکا بەم کارەی تەنیا خۆی لە دوو دوژمن و دوو ناوەندی هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندی و ستراتێگییەکەی دەرباز نەکرد، بەڵکو گەلانی ئەو دوو وڵاتەیشی لە دوو دەسەڵاتی دڕندە ڕزگار کرد. بەڵام ئاشکرایە بەڕێوەبردن و ئاوەدانکردنەوەی ئەم دوو وڵاتە، کە شەڕ و دیکتاتۆریا و ستەم وێرانی کردوون، زۆر لە ڕوخاندنی دەوڵەتەکانیان گرانترە. ئەوەندەی پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت ئەمریکا لە سەرەتاوە و ڕەنگە تا ئێستایش نەخشەیەکی دیاریکراوی بۆ شێوەی بەڕێوەبردنی عێراقی دوای بەعس نەبووە. ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبیی عێراقیش لەو ئاستەدا نەبوو کە شایەنی ئەوە بێت بەڕێوەبردنی عێراقی پێ بسپێردرێت. لە هەمان کاتدا دەوڵەتانی ناوچەکە، بە تایبەتی هەندێک لەوانەی سنووریان لەگەڵ عێراق هەیە، کەوتوونەتە گەلەکۆمەکییەکی ناوچەیی بۆ تێکدانی ئارامی و ئاسایشی عێراق و تێکشکاندنی ئەو ئەزموونەی ئەمریکا دەیەوێت لە عێراقەوە دەستی پێ بکات. بۆیە گرفتی عێراق تەنیا گرفتێکی نێوخۆیی عێراقی نییە بەڵکو مەودایەکی هەرێمییشی هەیە. ئەگەر ئەمریکا بیەوێت لە عێراقدا درێژە بە پرۆژە و ئامانجەکانی خۆی بدات دەبێت، لە یەک کاتدا، لە دوو ئاستی ناوچەیی و نێوخۆییدا بەکار بێت؛ لە لایەکەوە هەندێک وڵاتی ناوچەکە (بە تایبەتی ئێران

و سوریا) بە جۆرێک لە ژێر فشاردا پاسیڤ بکات کە نەتوانن دەست بخەنە ناو کاروباری نێوخۆی عێراقەوە، یاخود ڕاستەوخۆ کۆمەک بە گۆڕانی دۆخی سیاسیی ئەو دوو وڵاتە بکات. لە لایەکی دیکەوە کێشەی عێراق لە سەر ئەساسی واقیعبینیی سیاسی و بە پێی پرینسیپی مافی خۆبڕیاردانی چارەنووسی گەلان چارەسەر بکات. عێراق لە دوو گەلی سەرەکی (عەرەب و کورد) وهەندێک کەمینەی نەتەوەیی پێک دێت. پەنجا ساڵ زیاترە ئەمە لە قانوونی عێراقدا چەسپێندراوە. هەروا عێراق لە دوو هەرێمی عەرەبی-کوردستانی پێک هاتووە. تا ناوەڕاستی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو باشووری کوردستان (ویلایەتی موسلی جاران) بەشێک نەبووە لە عێراق. بە ڕای من سەرەتای چارەسەری تەنگژەکانی عێراق دەبێت بەوە دەست پێ بکات کە عێراق، ئەگەر مانەوەی پێویست بێت، بگۆڕدرێت بە یەکێتییەکی ئارەزوومەندانەی نێوان دوو گەل و دوو هەرێم. بەمە نێوەی تەنگژەکانی عێراق دوایی دێت. هەروا دەرفەتێک دەڕەخسێت کە هەر گەلەیان، لە هەرێمەکەی خۆیدا، ئەو شێوەژیان و حوکمڕانییە هەڵبژێرێت کە لەگەڵ کولتوور و دۆخی کۆمەڵایەتی و مێژووەکەیدا دەگونجێت، بێ ئەوەی خۆی بە خاوەنی هەموو وڵاتەکە بزانێت، یان ڕێگا بە خۆی بدات لە بارەی چارەنووسی سیاسیی ئەویدی بڕیار بدات و شێوەژیانی خۆی بەسەردا بسەپێنێت. بەبێ قبووڵکردن و سەپاندنی ئەم پرینسیپانە دەوڵەتی عێراق بەم پێکهات و خولیا زاڵە قەومی و مەزهەبییە عەرەبییەی ئێستایەوە ناتوانێت بگۆڕدرێت بە دەوڵەتێکی مۆدێرن کە مافی هاووڵاتیبوون و یەکسانی نەتەوەیی و مەزهەبی و ئاینی بۆ گەلەکانی دابین بکات و ببێتە نمونەیەکی نوێ

لە ناوچەکەدا. ڕەوایش نییە لەوە زیاتر کورد بکرێتە ئامرازێک بۆ ڕاگرتنی پارسەنگی مەزهەبیی نێوان شیعە و سوننەی عەرەب. چونکو ئەمە گرفتی کورد نییە. ئەگەر عەرەبی عێراق پێناسەی خۆی لە سوننەبووندا، یان لە شیعەبووندا دەبینێتەوە (کە بە کردەوە وای لێ هاتووە) ئەوا کورد پێناسەی خۆی لە کوردبوون و کوردستانیبووندا دەبێنێتەوە و خەڵکانی تریش هەر بەم شێوەیە دەیناسن.

** پرۆژەکە بە زۆری جەخت لەسەر گۆڕان لە وڵاتە عەرەبییەکاندا دەکات. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییانەی کە خودی کۆمەڵی عەرەب و ئاینی ئیسلام کەمترین زەمینەی ڕیفۆرمیان تێدایە، ئاستەنگەکانی ئەو پرۆژەیە لە جیهانی عەرەبیدا خۆی لە چیدا دەبینێتەوە؟ ئایا لە داهاتوودا شایەتی شەڕی تر دەبین؟*

- پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە لە بنەڕەتدا پشت بە ڕاپۆرتی گەشەکردنی مرۆیی عەرەب ساڵی 2002 و 2003 دەبەستێت، کە کۆمەڵێک باسکاری سەربەخۆی عەرەب ئامادەیان کردووە و لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بڵاو کراوەتەوە. ئەو وێنەیەی ڕاپۆرتەکە سەبارەت بەو وڵاتانەی بە عەرەبی ناونراون پێشانی دەدات دەتوانێت وەڵامی لایەنێکی ئەو پرسیارە بداتەوە کە بۆچی ئەو وڵاتانە بوونەتە سەرچاوەی فوندەمێنتالیزمی ئیسلامی و کارخانەی بەرهەمهێنانی تیرۆریزمی ئیسلامی. ڕاپۆرتەکە، بە پشتبەستن بە ئامار و بەڵگەنامەی ڕەسمی و لێکۆڵینەوەی مەیدانی، مەسەلەی نەبوونی ئازادی، کەمایەسیی زانیاری و ئاگاداری،

بەکۆیلەکردنی ژن و دواکەوتنی ئابووریی بەرهەمێنەرانە لەو وڵاتانەدا بە جۆرێک وێنا دەکات کە لە جیهانی ئیمڕۆدا وێنەیان نییە یان دەگمەنە. بۆ نمونە بە پێی ڕاپۆرتەکە لە هیچ وڵاتێکی ناونراو بە عەرەبی ئازادیی هەڵبژاردن، ڕادەربڕین و ڕێکخستن نییە و مافی مرۆڤ نەپارێزراوە. لە بواری ئازادیی ژناندا لە هیچ وڵاتێکی دنیادا ژنان هێندەی ئەو وڵاتانە کەمپلە و زەبوون نین. لە هەندێک لەو وڵاتانەدا تەنانەت ژنان مافی دەنگدانیان نییە. لە هەندێک وڵاتی تردا، بۆ نمونە لە ئوردوندا، کە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی عەرەبیدا هەندێک سەرەتای دیموکراتی تێدایە، ساڵی سەد ژن زیاتر بە بەهانەی گوایە شەرەفەوە دەکوژرێن و دادگایش بە سوکترین سزا بکوژان دەرباز دەکات. نزیکەی نیوەی لاوانی ئەو وڵاتانە تاکە ڕێگاچارەیەکی گرفتەکانیان و داهاتووی خۆیان لە وەدا دەبیننەوە کە بەرەو ڕۆژئاوا کۆڕەو بکەن. لە بواری ئێپستیمی (المعرفی) دا لەسەدا 40ی گەورەساڵان (البالغین) و لە سەدا شەستی ژنان نەخوێندەوارن. سیستمی غەیبیی خوێندن و پەروەردە بۆ چەسپاندنی خورافات و عەقڵی غەیبی و ڕقبوونەوە لەویدی غەیرەمسمولمان و غەیرەعەرەب تەرخانکراون. بە هەموو وڵاتانی عەرەبی و سەدان ناوەند و دەزگای کولتوورییانەوە ساڵانە هێندەی وڵاتێکی وەک یۆنان (کە سەرژمێرەکەی ناگاتە پانزدە ملیۆن کەس) کتێب لە زمانانی دنیاوە تەرجومەی عەرەبی ناکەن.

لایەنێکی دیکەی کەمایەسیی وڵاتانی ناونراو بە عەرەبی ستەمی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبییە کە بە توندترین شێوە بەرامەری غەیرەعەرەب و غەیرەمسوڵمان و غەیرە سوننە پیرەودەکرێت بەتوندی پەلاماری زمان و کولتوور و ئاین و مەزهەبیان دەدرێت، تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا جینۆساید دەکرێن. لە زۆر حاڵەتەشیدا نکوڵی لە بوونیان دەکرێت و بە زۆر دەکرێنە عەرەب یان مسوڵمان یاخود سوننی. بیستودوو دەوڵەتی ناونراو بە عەرەبی نەیانتوانیوە تاکە مۆدێلێکی دیموکراسی، ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ و تاکە مۆدێلێکی سەرکەوتوانەی پێکەوەژیانی یەکسانانەی زۆرایەتیی عەرەب و کەمایەتیی غەیرە عەرەب پێشکەشی مرۆڤایەتی بکەن.

ئەم دەوڵەتانە، کە سەرچاوەی ستەم و دواکەوتن و بەدبەختیی گەلەکانیانن، تەنیا بەرهەمی ئەم دواکەوتنە نین، بەڵکو خۆیان بوونەتە ئامرازی پاراستن و بەرهەمهێنانەوەی ئەم دواکەوتنە. لە ناو سەنگەرەکانی ئیمان و باوەڕ و خوڕافاتدا دژی هەر دیاردەیەکی نوێ دەوەستنەوە کە لە ئەوروپا و ڕۆژئاواوە بێت، بە ناوی گوایا هەڕەشە بۆ سەر ئیسلام و "غەزووی کولتووری"یەوە بەگژیدا دەچنەوە. هەڵبەت ئەم دەوڵەتانە، کە زۆربەیان یان دەوڵەتی خێڵ و بنەماڵەن یاخود دەوڵەتی ناسیۆنالیستی و ئاینین بەرەنگاری هەر جۆرە گۆڕانکاری و ڕیفۆرمێک دەبنەوە چونکو هەڕەشە لە دەسەڵاتەکانیان دەکات. قبووڵکردنی گۆڕان و ڕیفۆرم پێش هەر شتێک واتای قبووڵکردنی ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات دەگەیەنێت، کە ئەمە بۆ حوکمڕانانی عەرەب قابیلی تەسەور و

قبووڵکردن نییە. بەڵام ئەمە تاکە ئاستەنگی بەڕێوەچوونی ئەم پرۆژەیە نییە. دیارە کێشەی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل ئاستەنگێکی ترە، بە تایبەتی کە دەوڵەتانی عەرەبی، بە بەهانەی هەڕەشەی ئیسرائیلەوە، دەیان ساڵە حوکمی دیکتاتۆریا و ئیستیبداد و قانوونی عورفی و عەسکەری، کە هیچ شەرعییەتێکیان نییە، درێژە پێدەدەن. ڕەنگە ئاستەنگی گەورەتر ئەوە بێت کە زۆرینەی خەڵکی ئەو وڵاتانە، بە ڕوناکبیرانیشەوە، بە هۆی دیماگۆگیی سیاسی و مێدیای دەوڵەتی ئەو وڵاتانەوە هێندە چەواشە کراون کە هەقیقەتی ستەم و فەسادی ڕێژیمەکانیان نەبینن و ڕۆژئاوا بە دوژمنی ئیسلام و کولتوور و باوەڕی خۆیان دابنێن. زۆرینەی گوایا ڕووناکبیرانی عەرەب (ئایدیۆلۆگانی زمانکوژی و گۆڕی بەکۆمەڵ و تاریکی) ڕۆژانە بە دەنگی بڵند، لە مێدیای عەرەبییەوە، هاوار دەکەن کە ئەوان دیکتاتۆریای خۆیان لە دیموکراتییەک بەلاوە باشترە کە ڕۆژئاوا بۆیان بهێنێت. لەم دۆخەدا مەحاڵە گۆڕان و ڕیفۆرم وەک ویست و ئیرادەیەکی نێوخۆ سەرهەڵبدات. بۆیە دەبێت بە کۆمەک و فشاری دەرەکی بێت. پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی نێوینی مەزن دەخوازێت گۆڕانکاریی بە کۆمەکی دەرەکی بکاتە مۆدێلێکی نوێ لە جیهاندا؛ مۆدێرنێتەی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری و دیموکراتی لەو وڵاتانەدا بڵاوبکاتەوە کە هێشتا بە داخراوی لە قۆناخی پێش مۆدێرنێتەدا دەژین و وەک قەڵای دواکەوتوویی، خورافە، دیکتاتۆریا و فەسادی مالی و ستەم ماونەتەوە. ئەمەیش دەشێت لە ڕێگای هاریکاریی دۆستانەوە، یان بە هۆی فشاری ئابووری، سیاسی، تەکنۆلۆگی و تەنانەت پەلاماری عەسکەرییەوە بێت.

**هەر بە دەرکەوتنی روخسارە سەرەتاییەکانی پرۆژەکە، چەند وڵاتێکی عەرەبی کەوتنە خۆیان و ریفۆرمی رێژەییان لە هەندێک بواردا ئەنجام دا. ئێستا مقۆمقۆی ئەوەیانە کە پرۆژەیەکی بەدیل (گۆڕان لە ناوخۆ نەک لە دەرەوە) بخەنە ڕوو. پێتان وایە عەرەبەکان بتوانن، بە لای کەمەوە، لەم گۆڕانکارییانەدا سەربەخۆ بن؟**

- من گومان دەکەم کە دەوڵەتانی عەرەبی لە هیچ مەسەلەیەکی گرنگدا سەربەخۆ بن، یان بووبن. مێژووی ئەو دەوڵەتانە و ڕەوشی سیاسییان، لە دروستکردنییەوە تا ئیمڕۆ ناسراوە. زۆرینەی ئەم دەوڵەتانە و سەقامگیرکردنی شێوەی سیستمی حوکمڕانیی ئەو وڵاتانە بەشێکن لە بەرهەم و پێداویستییەکانی سەردەمی شەری سارد. ئەگەر دوێنی ئەم ڕێژیمانە، لە سایەی دابەشبوونی جیهان بە سەر دوو بلۆکی ئایدیۆلۆگی، سیاسی و ئابووری و عەسکەریدا، کۆمەکیان بە بەرژەوەندی و ستراتیژیای ئەمریکا و ئەوروپا کردبێت ئەوا ئیمڕۆ ئەم دەوڵەتانە و ڕێژیمەکانیان، کە سەرچاوەی دواکەوتوویی و ستەم و ناردنەدەرەوەی تیرۆرن بۆ جیهان، بوونەتە هەڕەشەیەک بۆ ستراتیگی ڕۆژئاوا. فشاری ئەمریکا و ئەوروپا بۆ گۆڕانکاری و ریفۆرمی دیموکراتانە لەو وڵاتانەدا بەشێکە لە پێداویستییەکانی شەڕی دژ بە تیرۆریزمی جیهانی. ئەو دەوڵەتانە دەیانەوێت مەسەلەی ریفۆرم و گۆڕان، وەک پێداویستییەکی حەتمیی نێوخۆیی و جیهانی، لە شێوەی هەڕەشەیەکی دەرەکی بۆسەر دنیای عەرەب و ئیسلام و وەک

مەسەلەی فەلەستین و عێراق وێنا بکەن. بەڵام بە ڕای من ئەوان ناتوانن نە بەم بەهانەیە، نە بە بەهانەی گوایا پاراستنی سەرداریی نەتەوەیی، یان لە ڕێگای هەندێک ماکیاج و بڕیاری سەرکاغەزەوە، خۆیان لەم گۆڕانکارییانە بدزنەوە. (گۆڕان لە نێوخۆڕا نەک لەدەرەوەڕا) هەوڵدانێکە بۆ خۆدزینەوە لە گۆڕان. دەیان ساڵە ئەو دەوڵەتانە هەن کێ ڕێگای گۆڕانکاریی لێ گرتوون؟ زۆربەی ئەو دەڵەتانە نزیکەی حەفتا تا هەشتاساڵێک دەبێت دروستکراون. لەو ماوەیەدا پێکهاتی دەوڵەت نزیکەی لە هەموو دنیا چەندان جار گۆڕانی بەسەردا هاتووە، کەچی هێشتا سروشت و ناوەرۆکی ئەو دەوڵەتانە لە بنەڕەتدا وەک خۆیان ماونەتەوە. ئەزموونی ئەو دەیان ساڵە بەلای کەمە دوو ڕاستی پێشان دەدات، یەکەم: ئەو دەوڵەتانە خۆیان ویست و پلانی گۆڕان و ریفۆرمیان نییە. دووەم: گەلانی ئەو وڵاتانە، کە ستەملێکراوترین خەڵکانی دنیان، بە توانا و هێزی خۆیان ناتوانن ئەو ڕژێمانە بگۆڕن، یان ڕیفۆرمی دیموکراتانە و گۆڕانکارییان بەسەردا بسەپێنن. کەواتا تەنیا کۆمەک یان فشاری دەرەکی دەتوانێت ئەو کۆمەڵانە لەناو بازنەی داخراوی ستەم و هەژاری و دواکەوتوویی و خورافات دەربێنێت.

**لە حاڵەتی جێبەجێبوونی پرۆژەکەدا ئەو گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکییانە چین کە پێشبینی دەکرێت لە ناوچەکەدا ڕوو بدەن؟*

- ئەم پرۆژەیە وێرای وڵاتانی عەرەبی، تورکیا، ئێران، ئەفغانستان، پاکستان و ئیسرائیلیش دەگرێتەوە. بە پێی پرۆژەکە ئەمریکا و

گرووپی هەشت دەوڵەتە پێشەسازییەکە کۆمەکی ئابووری، تەکنیکی و زانستی بەو وڵاتانە دەکەن و دەرەتانی نوێی گۆڕانکاری و ریفۆرمی سیاسی، قانوونی، ئیداری و کولتووریان بۆ دەڕەخسێنن. سەرەنجام ئەم وڵاتانە ناچاری کرانەوە و شەفافییەت و ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ دەکرێن. ئەمەیش بە نۆرەی خۆی پرسی نەتەوە ژێردەستەکان دەکاتە مەسەلەیەکی گرنگی سیاسی و دەرەتانی نوێ بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەیی، مەزهەبی و ئاینیی لەو وڵاتانەدا دەڕەخسێنێت. پرۆسێسی ریفۆرم و دیموکراتیزەکردن ستەمی نەتەوەیی و ئاینی بەرامبەر بە گەل و کەمایەتییە ستەملێکراو و کەنارخراوەکانی ئەو وڵاتانە، کە بەرژەوەندیی زۆریان لەم گۆڕانکارییانەدا هەیە، کەم دەکەنەوە. دەشێت هەندێکیان، بە پێی توانای سیاسی و ئابووری و شوێنی جیۆپۆلیتیکییان ببنە هێزی نوێی سیاسیی ئەوتۆ کە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و پاراستنی ئارامیی ناوچەیی و بەرژەوەندیی ڕۆژئاوا لە ناوچەکەدا حیسابیان بۆ بکرێت. هەندێکیشیان، کە ناتوانن وەک یەکەیەکی بەجیاهەڵکەوتووی سیاسی- نەتەوەیی و جیۆگرافیایی (لە شێوەی قەوارەی سەربەخۆ، یان ئۆتۆنۆمی، فیدرالی و کۆنفیدرالیدا) خۆیان رێک بخەن، ناچاری ئیندیماجکردن (ئینتێگراسیۆن) لەگەڵ نەتەوەی سەردەست دەبن و لە ناویدا دەتوێنەوە. بە ڕای من لەم دە- پانزە ساڵەی داهاتوودا لەو ناوچەیەی بە ڕۆژهەڵاتی نێوینی گەورە دادەندرێت کۆمەڵە دەوڵەتێک، کە هیچ مەرجێکی دەوڵەتی مۆدێرنیان تێدا نییە، هەڵدەوەشێنەوە. ئەم دەوڵەتانە بەرهەمی قۆناخی پێش مۆدێرنێتەن. یان پاشماوەی کۆلۆنیالیزمن، یاخود دەوڵەتی ئیستیبدادی زۆرایەتین و تەنیا بە هۆی ستەم و

دیکتاتۆریا و کۆمەڵکوژییەوە ڕاگیراون. مۆدێرنیزەکردنی ئەو وڵاتانە سەرەنجام هەندێک لە دەوڵەتەکانیان بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەبات، هەندێکی دیکەیان دەگۆڕێت بە دەڵەتانی فیدرالی و کۆنفیدرالی. ئەمەیش دەشێت لە سودان و وڵاتانی باکوری ئەفریقا و عەرەبییەوە بۆ ئێران و ئەفغانستان و هێندستان بگرێتەوە. ئەم گۆڕانکارییە گەورە و دراماتیکییانە، ئەگەر ڕوو بدەن، بەلای زۆرەوە، بەبێ ژان و قوربانیدان نابن، بۆیە دەکرێت ئێمە لە ڕەوشی ئەم پرۆسێسەدا شایەتی کۆمەڵە شەڕێکی نێوخۆیی بین لەو ناوچەیەدا. لە لایەکی دیکەوە بە پەیوەندیی لەگەڵ ئەم پرۆژەیە و پرۆسێسی جیهانیبووندا سەرداریی نەتەوەیی دەوڵەتان لاواز دەبێت و بەرەو نەمان دەچێت. سنووری نێوان وڵاتانی ناوچەکە تەنیا لەسەر کاغەز دەمێنن. لە سەر شانۆی سیاسیی هەر کام لەو وڵاتانە کۆمەڵە ئەکتەرێکی نوێی بانەتەوەیی دەردەکەون (بۆ نموونە سندووقی بانکی جیهانی، کۆمپانیای جۆراوجۆری فرەنەتەوەیی، ڕێکخراوی جیهانیی مافی مرۆڤ و رێکخراوە جیهانییەکانی کۆمەڵی مەدەنی..تاد) ئەم ئەکتەرە نوێیانە هەم چاودێری دەسەڵات دەکەن و هەم خۆیان دەبنە شەریکە دەسەڵات. گەلانی ئەو ناوچەیە پەیوەندییەکانی خۆیان و شێوەی هاریکاری و هاوپەیمانیی نێوانیان لەسەر ئەساسی نزیکی کولتووری و زمان، یان جیۆگرافیا و بەرژەوەندیی هاوبەش دادەڕێژنەوە.

* *نەخشەی ڕۆژهەلاتی گەورە پڕاوپڕ ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە. ئایا کورد چی پێدەکرێت بۆ ئەوەی لە حاڵەتی جێبەجێکردنیدا بە قازانجەوە دەرچێت؟*

- گەلی کورد و گەلە بندەستەکانی ئەو ولاتانە بە گشتی بەرژەوەندییەکی زۆریان لەم گۆڕانکارییەدا هەیە . ئەگەر ئەم پرۆژەیە جێبەجێ بکرێت، سەرەتای گۆڕانێکی گرنگ لە ژیانی کورددا دەست پێ دەکات. پرسی نەتەوەیی کورد، وەک بەشێک لە مەسەلەی دیموکراتی و پاراستنی مافی مرۆڤ، پێویستی بە شێوە چارەسەرێک دەبێت. لە هەمان کاتدا بە هۆی ئەم پرۆسێسە و عاقیبەتەکانییەوە دەشێت کۆمەڵی کوردستان، وەک بەشێک لە کۆمەڵی نەتەوە سەردەستەکان، لە کۆمەڵێکی داخراو و لەجیهاندابڕاوەوە بۆ کۆمەڵێکی کراوە و پەیوەست بە جیهانەوە، لە کۆمەڵێکی سوننەتییەوە بۆ کۆمەڵێکی ڕوو لە مۆدێرنبوون هەنگاو بنێت. بەلام بۆ ئەوەی کورد، وەک گەلێکی بەجیاهەڵکەوتووی خاوەن پرسێکی نەتەوەیی، قازانجێکی زیاتر لەو گۆڕانکارییەدا بکات پێویستە پرۆگرام و ستراتیژیای تایبەت بەخۆی سەبارەت بە پرۆژەی ڕۆژهەلاتی نێوینی گەورە هەبێت. پشتگیری ئەم پرۆژەیە و هەر گۆڕانکارییەکی ناوچەکە بکات و پێشانی بدات کە، وەک گەلێکی خاوەن خاک و سامان و توانای بەشەری و سیاسی، دەتوانێت بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیە و پاراستنی بەرژەوەندیی ڕۆژئاوا لە ناوچەکەدا و بۆ پاراستنی ئارامی و ئاسایشی ناوچەکە کۆمەک و هاریکاری بکات، بەو مەرجەی پارێزگاری لێ بکرێت و بەرژەوەندییەکانی لەبەچاو بگیرێن. ئەم خۆساخکردنەوەیە زۆر گرنگە چونکو هەموو دەوڵەتانی ناوچەکە (جگە لە ئیسرائیل) دژی پرۆژەی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستی مەزن وەستاونەتەوە. کۆمەڵە دەوڵەتانێکی دۆستی

ئەمریکا و هاوپەیمانانی، لە ناوچەکە و شوێنی تردا، ئەم کارە بە قازانجی خۆیان نازانن، بۆیە هەمان هەڵوێست پێشان دەدەنەوە کە بەرامبەر شەڕی هاوپەیمانان لە دژی دەوڵەتی عێراق هەیان بوو. لە بەرامبەر ئەمەدا کۆمەڵە گەلێکی ستەملێکراوی ناوچەکە و هێزە لیبرال و ئازادیخوازەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوینی گەورە، بەرژەوەندیی خۆیان و پێشکەوتنی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریی وڵاتەکانیان لەم گۆڕانکارییانەدا دەبیننەوە، بۆیە پشتگیری ئەم پرۆژەیە دەکەن. هەڵبەت کورد یەکێکە لەو لایەنانەی کە بەرژەوەندیی زۆری لەم گۆڕانکارییەدا هەیە، بۆیە ناکرێت هێزە سیاسییەکانی کورد،لە ژێر کارتێکردن یان دڵنەوایی دەوڵەتانی ناوچەکەدا، دژی ئەم پرۆژەیە بوەستنەوە، یان تەنانەت بێلایەنیش بن. بە هەر مەزەندەیەک ئەمریکا، بەو قورساییەی هاتۆتە ناوچەکە، بەو قوربانییەی ڕۆژانە لە عێراق و ئەفغانستان و وڵاتانی دیکەی ناوچەکەدا دەیدات، بۆ ئەوە هاتووە تا گۆڕانکاری بکات. چونکو بەبێ گۆڕان و ڕیفۆرم و دیموکراتیزەکردنی ئەو وڵاتانەی سەرچاوەی دواکەوتوویی، فەساد و تیرۆرن، ناتواندرێت شەڕی دژ بە تیرۆریزمی ئیسلامی و هەڕەشە لە بەرژەوەندی و ئاسایشی دوورمەودای ئەمریکا و ڕۆژئاوا بنەبڕ بکرێن. بۆیە ئەمریکا لەم کارەیدا، پێویستی بە دۆست و هاوپەیمان هەیە. لە کاتێکدا نزیکترین دۆستانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، لەوانە تورکیا، میسر و وڵاتانی کەنداوی فارسی..تاد، کە پەنجا ساڵە ئەمریکا کۆمەکی مادی، یان سیاسی و عەسکەری بە زۆربەیان دەکات، دژی ئەم پرۆژەیە دەوەستنەوە، دەبێت ئەمریکا لە دەرەوەی ئەو

دۆستە تەقلیدییانەی خۆیدا، بەدوای دۆست و هاوپەیمانی نوێدا بگەڕێت.

ئەزموونی شەڕی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق سەلماندی کە کورد دەتوانێت یەکێک لەو دۆست و هاوکارانە بێت، چونکو بە ڕاستی بەرژەوەندی لەو گۆڕانکارییانەدا هەیە. بە کورتی پێموایە بەو ئەندازەیەی کورد، وەک یەکەکی نەتەوەیی و هێزێکی نوێی سەر شانۆی سیاسیی ناوچەکە، بتوانێت بە ستراتێگێکی یەکگرتوو و ڕوونەوە پێشانی بدات کە بەرژەوەندییەکی زۆری لەم گۆڕانکارییەدا هەیە و ئامادەیە، ئەگەر بەرژەوەندییەکانی لەبەرچاو بگیرێن، بەشداری لەم پرۆژەیەدا بکات، ڕەنگە بە هەمان ئەندازە دەستکەتی هەبێت. بەشداربوونی نوێنەرانی کورد لە دەوڵەتی داهاتووی عێراقدا نابێت، لەم مەسەلەیەدا، لەسەر حیسابی بەرژەوەندیی کورد و هەڵوێستی سەربەخۆیانەی گەلی کورد بێت. بە واتایەکی دی ئەگەر سبەینێ زۆرینەی هێزە عەرەبییەکانی عێراق، بە هۆی بەرژەوەندییانەوە، یان لە ژێر کارتێکردنی هەوڵوێستی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامیدا، دژی ئەم پرۆژەیە ڕابوەستن ئەوا، بەڕای من، کورد نابێت بکەێتەوە سەنگەری ئەوانەوە. لەم حاڵەتەدا دەکرێت کورد هەوڵ بدات قەناعەت بە ئەمریکا بهێنێت کە پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە لە باشووری کوردستانەوە دەست پێ بکات و بیکاتە نمونەیەکی نوێ بۆ ناوچەکە. دوکتۆر بورهان یاسین، لە

باسێکیدا دەربارەی ڕیفراندۆم، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بۆچی ناکرێت ئەمریکا، لە باشووری کوردستاندا ئەزموونی باشووری کۆریا دووبارە بکاتەوە؛ واتا ئەمریکا سەرمایە سیاسییەکەی، وەکو سەرەتا و نمونەی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی نێوینی مەزن لە باشوری کوردستاندا سەرف بکات، هەروەک کاتی خۆی لە کۆریای باشووردا کردی، کە سەرەنجام هەردوولا دەستکەوت و سەرکەوتنیان بەدەست هێنا: ئەمریکا لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا دۆست و پشتگیرێکی دەستکەوت، کوریای خواروویش پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی-ئابووری و سیستمێکی دیموکراتی بەدەست هێنا. بە ڕای من ئەم تێزە شایەنی تێڕامانە. چونکو ئەمریکا و کورد، لەم قۆناخەدا کۆمەڵە بەرژەوەندییەکی هاوبەشیان هەیە. ئیمڕۆ فەزای هەستی گشتی و سایکۆلۆگیی خەڵکی کوردستان بەرامبەری ئەمریکا و هاوپەیمانانی بە ئەندازەیەک دۆستانەیە کە لە هیچ وڵاتێکی عەرەبی و ئیسلامیدا نموونەی نییە. ئەم دیاردەیە دەکرێت ئەنجامی سیاسی و دەستکەوتی سیاسیی لێ بکەوێتەوە.

---

دواوتە

1

دەوڵەتی عێراق، بە درێژایی هەشتا ساڵەی مێژووی خۆی، مەرجەکانی دەوڵەتی مۆدێرنی تێدا نەبووە. گەلانی نێو عێراق نە بە ویست و هەڵبژاردنی خۆیان و نە لەسەر ئەساسی زەمینەی هاوبەشی نەتەوەیی و هاوچارەنووسی و توانای پێکەوەهەڵکردن، لە سایەی دەوڵەتێکدا کۆبوونەتەوە. لە بەرامبەر ئەمەدا دەوڵەتی عێراق، بە پێچەوانەی زۆر دەوڵەتی دیکەی وڵاتانی فرەنەتەوە و ئایین، هیچ هەوڵێکی نەداوە تا زەمینەی پێکەوەهەڵکردن و هاوئامانجی و هاریکاریی نەتەوەیی لە نێوان "هاووڵاتیان"یدا پێک بهێنێت و داکۆکی لە بەرژەوەندییان بکات. دەوڵەت، کە پێناسەیەکی ساختەی عەرەبی بە خۆی و وڵاتەکە داوە، نەیتوانیوە، نەک هەر لە نێوان عەرەب و کورددا، بەڵکو لە نێوان خەڵکی عەرەبی شیعە و سوننەی عێراقیشدا هاوئاهەنگیی نەتەوەیی و هەستی هاریکاریی نەتەوەیی پێک بهێنێت.

دەوڵەتی عێراق لە جیاتی ئەوەی ڕەنگدانەوەی واقیعی فرەنەتەوەیی و فرەمەزهەبیی عێراق بووبێت هەمیشە دەوڵەتی کەمایەتییەکی عەرەبیی سوننی بووە کە تەنانەت لەسەدا بیستی خەڵکی عێراقیش پێکناهێنن. دەوڵەت لە باتی ئەوەی هەوڵ بدات داکۆکی لە خواست و بەرژەوەندیی تاک و گروپە نەتەوەیی و مەزهەبی و کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بکات، بەردەوام ویستوویەتی بەرژەوەندی و دەسەڵات

و کولتووری کەمایەتی بەسەر زۆرایەتیی خەڵکدا بسەپێنێت و لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆگیی سیاسیی خۆیدا لە قالبیان بدات.

2

مێژووی هەشتا ساڵەی دەوڵەتی عێراق مێژووی ئەو ناکۆکییە بووە کە لە نێوان ناوەرۆک و پێکهاتی دەوڵەت و نێوان واقیعی فرەنەتەوەیی و فرەمەزهەبیی کۆمەڵی عێراقدا هەبووە. بۆیە دەوڵەتی عێراق، بەو پێکهات و سروشتەی هەیبووە و بەو ناکۆکییەی لەگەڵ خۆیدا هەڵی گرتووە هەم سەرچاوەی نائارامی و شەڕی نێوخۆیی و ناوچەیی بووە، هەم ڕەوایی خۆی و پاساوی مانەوە و توانای بەردەوامبوونی خۆی خستۆتە ژێر پرسیارەوە. سروشتی شەڕخوازانە و فاشیانەی دەوڵەت و جینۆسایدی کورد و کوشتاری خەڵکی شیعە نەیانتوانی ناکۆکیی نێوان سروشتی دەوڵەت و واقیعی فرەنەتەوەیی و فرەمەزهەبیی عێراق چارەسەر بکەن و گەلێکی هاوئاهەنگ و هاوئامانج و هاوچارەنووسی عێراقی دروست بکەن. بە پێچەوانەوە دەوڵەتی عێراق، لە پاڵ ئەوەدا کە ڕووباری خوێنی لە نێوان خۆی و گەلی کوردستاندا دروستکردووە، جیاوازیی کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە نێوان گەلی هەرێمی عەرەبیی عێراقیشدا هێندە قووڵ کردۆتەوە کە ئەوان وەک دوو گەلی جیاوازی (سوننە و شیعە) و خاوەن دوو بەرژەوەندیی جۆراوجۆر و دوو ئامانجی جیاوازیان لێ هاتووە و ئیمڕۆ زەوینەی شەڕێکی مەزهەبیی لە نێوانیاندا ئامادە کراوە.

3

ڕووخاندنی دەوڵەتی عێراق لە لایەن هێزی سەربازیی ئەمریکا و هاوپەیمانانییەوە گەلانی عێراقی لە ستەمی دڕندەترین دەوڵەتی ناوچەکە ئازاد کرد و دەروازەی سەردەمێکی مێژوویی نوێی بۆ ئەو گەلانە کردەوە تا بەرەو دیموکراتی و مۆدێرنێتەی سیاسی، ئابووری و کولتووری بڕۆن. هەڵبەت هێزی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە عێراقدا دەتوانن کۆمەکی زۆر بە پرۆسێسی دیموکراتی بکەن، لە هەمان کاتدا گەلی کورد لە ستەمی زۆرایەتی بپارێزن. بەڵام دیموکراتیزەکردنی عێراق، لەگەڵ ئەو گرنگییەی هەیەتی، ناتوانێت بۆ گەلی عەرەب و گەلی کورد لە عێراقدا هەمان مانا و ئەنجامی هەبێت؛ چونکو ئەم دوو گەلە لە دوو قۆناخی جیاوازدا دەژین و ڕوو بەڕووی دوو جۆرە گرفتی جیاواز و دوو ئامانجی جیاواز بوونەتەوە. دیموکراتی دەتوانێت گرفتی گەلی عەرەبی عێراق چارەسەر بکات، چونکو عەرەبی عێراق قەوارەی سیاسیی خۆی هەیە و لە سایەی دەوڵەتە عەرەبییەکەیدا خاک و زمان و ناسنامەی پارێزراون. کەچی دیموکراتی (تەنانەت ئەگەر فیدرالیبش بێت) ناتوانێت کێشەی نێوان عێراق و کوردستان بە جۆرێکی عادیلانە چارەسەر بکات، چونکو پرسی گەلی کوردستان، لە بنەڕەتدا، پرسێکی نەتەوەییە؛ واتا مەسەلەی خاک و کولتوور و پێناسەیە. کێشەکەیش لەگەڵ خۆدی کۆمەڵی عەرەبی عێراقە، ئیدی دەوڵەتەکەی دیکتاتۆری بێت یان دیموکرات.

زۆرایەتیی عەرەبی عێراق تا ئێستا ناتوانێت بە ئاسانی خۆی لە شۆڤێنیزمی کولتووری و خولیای دەست بەسەرداگرتنی کوردستان ڕزگار بکات و باوەڕ بە مافی یەکسانبوونی نەتەوەیی خۆی و گەلی کوردستان بهێنێت. هەڵوێستی ئەوان سەبارەت بە کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان و پێداگرتنیان لەسەر هێشتنەوەی موستەوتینە عەرەبەکان لە کوردستاندا، کە نمونەیەکە لە وەحشیگەری، ناوەرۆکی شۆڤێنی ئەوان بە ڕوونی پێشان دەدات. هەروا ئەم هەڵوێستەیان دەتوانێت بە ئێمە بڵێت کە ئەوان، تا ئەو جێیەی پێیوەندیی بە زەوتکردنی خاکی کوردستان و ژێردەستکردنی کوردەوە هەیە، جیاوازییان لەگەڵ بەعس و ڕژێمەکەیدا نییە و ئەگەر هێزیان هەبێت دەتوانن، بۆ داگیرکردنەوەی کوردستان، شەڕ بەسەر گەلی کوردستاندا بسەپێننەوە و تەنانەت شەڕەکە یگۆڕن بە شەڕی نەتەوەیی یان ئاینی- مەزهەبی.

لەبەر ئەم هۆکارانە و هی تریش، کە لەم کتێبەدا باسکراون، کاتی ئەوە هاتووە کە نوێنەرانی سیاسیی کورد هەقیقەتی پرسی گەلی کوردستان وەک خۆی کە هەیە، نەک بەو شێوەیەی نوێنەرانی عەرەب قبووڵی دەکەن، بخەنە ڕوو؛ واتا ئەم پرسە وەک کێشەی نێوان گەل و وڵاتێکی بندەست و دەوڵەتێکی داگیرکەر پێناسە بکەن و چارەسەرێکی ڕیشەیی و تا هەتایی بۆ پێشنیار بکەن. ئەم شێوە چارەسەرەیش، بۆ ئەوەی یەکلاکەرەوە و سەرگرتوو بێت، پێویستە بە پێی پرینسیپی مافی خۆبریاردانی چارەنووسی گەلان بێت. پەیڕەوکردنی ئەم مافەیش دەکرێت بە شێوەی یەکێتیی ئارەزوومەندانەی کۆنفیدرالیی نێوان دوو گەلی هەردوو هەرێمی

عەرەبی و کوردستانی بێت، یان دەشێت بە شێوەی جیابوونەوە بێت، کە بە ڕای من باشترین شێوەیە.

لە نێوەڕاستی سالانی سییەکانی سەدەی ڕابردوودا، دەوڵەتی عێراق بەو مەرجە وەک ئەندام لە کۆمەڵەی نەتەوەکان وەرگیرا کە کۆمەڵێک مافی نەتەوەیی و کولتووریی گەلی کوردستان دەستەبەر بکات. بەلام بە درێژایی ئەو ماوەیە دەوڵەتی عێراق نەک هەر بەڵێنەکانی خۆی، کە بە کۆمەڵەی جیهانی دابوون، بەجێ نەگەیاندن بەڵکو ستەمی نەتەوەیی گەیاندە ئاستی جینۆساید و کیمیابارانکردن و وێرانکردن و بەعەربکردنی کوردستان. بەمەیش گەل و دەوڵەتی عێراق سەلماندیان کە ئەوان شایەنی ئەوە نین کە حوکمڕانی ئێمە بکەن. بۆیە ئێمە مافی خۆمانە کە متمانە بەوان نەکەین. لەمەیش زیاتر باوەڕ بەوە بهێنین کە ئەگەر هێزی ئەمریکا، یان نەتەوە یەکگرتووەکان ئێمە نەپارێزین ئەوان ئامادەن هەر کاتێک هێز و دەسەلاتیان هەبێت پەلاماری کوردستان بدەنەوە و داگیری بکەنەوە.

ئایا تاکەی دوو گەل، کە هیچ جۆرە متمانە و باوەڕپێکبوونێک لە نێوانیاندا نەماوە و هیچ شێوەیەکی هاریکاریی نەتەوەیی و هەستی هاوچارەنووسیی لە نێوانیاندا نییە دەتوانن پێکەوە بژین؟

گەلی عەرەبی عێراق و نوێنەرە سیاسییەکانی ئەگەر بە ڕاستی یەکبوونی عێراقیان مەبەستە و دەیانەوێت لەگەڵ گەلی کوردستاندا پێکەوە دۆستانە لەناو ولاتێکدا بمێننەوە ئەوا

پێویستە نیازپاکی خۆیان بەرامبەر بە گەلی کوردستان پێشان بدەن و داوای لێبووردن لە گەلی کورد بکەن بە هۆی ئەو تاوانانەی هەشتا ساڵە بەرامبەری دەیکەن. لە هەمان کاتدا دەبێت بە کردەوە بۆ ئێمەی بسەلمێنن کە ئەوان باوەڕیان بە ئازادیی نەتەوەیی گەلی کوردستان هەیە و تەماح لە خاکی ئێمە ناکەن.

بەڵام ئایا کۆمەڵی عێراق گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بتوانێت بە جۆرێکی عەقڵانی بەرخورد بکات و خۆی لە مێژووی ئیستبدادی و کولتووری سیاسیی دەیان ساڵەی ڕزگار بکات و بە چاوێکی نوێ بۆ خۆی و بۆ ئەویدی (گەلی کوردستان) بڕوانێت؟